# گوتوبێژ

## نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە

زیاد ڕەشاد قادر

هەولێر ٢٠١٠

Zirak1974@yahoo.com

## پێناسی کتێب

**ناوی کتێب: گوتوبێژ، نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە**
**ئامادەکردنی: زیاد ڕەشاد  قادر**
**بابەت: گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی**
**دیزاینی بەرگ و ناوەوە: خەلیل هیدایەت مام شێخ**
**تیراژ: (١٠٠٠) دانە**
**ساڵ و نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٠**
**شوێنی چاپ کردن: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر**
**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٧٦١)ی ساڵی (٢٠١٠)ی پێدراوە.**

**مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ ئامادەکار**

# ئەم کتێبە

ئەم کتێبە، زنجیرەیەك گفتۆگۆیە لەگەڵ ژمارەیەك لە ناوە دیارەکانی نێوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیدا، کە پێشتر لە چەند گۆڤار و رۆژنامەیەك بڵاو کراونەتەوە، کۆکردنەوە و لە چاپدانەوەی جارێکی دی لە دوو توێی کتێبێکدا، لەم سۆنگەوە دێت کە هەموو ئەو نووسەر و ڕۆشنبیر و ئەدیبانەی لەگەڵیاندا ئاخاوتووین، جگە لەوەی باس لە چەند لایەنێکی شاراوەی ژیانی خۆیان دەکەن، هەروەها لەبارەی چەندین پرسی ئەدەبی، زانستی، زمانەوانی و ڕووناکبیری ... بۆچوون و باری سەرنجی خۆیان نیشان دەدەن.

لە هەموو دیدارەکاندا هەوڵم داوە، بەر لەوەی هەر یەك لەو نووسەر و ڕۆشنبیرانە بدوێنم، زۆرترین ئاگایی و زانیاری لەسەر ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییان بزانم و نووسین چاپکراوەکانیان جارێکی دی بخوێنمەوە، ئەنجا دواندوومن. هەروەها کۆشاوم، چەندە دەکرێ خۆم لەو پرسیارانە ببوێرم کە پەیوەندییان بە ڕەوشی سیاسییەوە هەیە، یا قسە و لێدوانی کاتیین، بەو واتایەی ئەگەرچی گفتوگۆکان بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە ساز دراون، لێ زۆربەی پرسیارەکانی ئێمە جگە لە هەوڵی زانینی ژیاننامەی تایبەتی هەر یەکێك لە نووسەرەکان و سەربوردەیان لەگەڵ نووسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەدا، هەروەها زێتر گوتوبێژ بووە لەسەر پرسی زمان و ڕەوشی رۆشنبیریی کوردستان و زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندن و هتد.... ئومێد ئەوەیە ئەم هەوڵە بچووکەی ئێمە، خزمەتێك بە فەرهەنگ و کتێبخانەی کوردی بکات.

**زياد ڕەشاد قادر**

هەولێر ٢٠١٠/١٠/٢٣



د. عەبدوڵڵا پەشێو:

# من ناتوانم شیعرێك لەسەر ئازایەتی بخوێنمەوە ئەگەر نووسەرەكەی ترسنۆك بێ

**شاعیری نێوداری كوردستان، مامۆستا (عەبدوڵڵا پەشێو)، خاوەنی (دوازدە وانە) و (شەو نییە خەونتان پێوە نەبینم) و (شەونامەی شاعیرێكی تینوو) و (ڕۆژ نییە لێتان توورە نەبم) و (بتی شكاو) و (براكوژی) و (بروسكە چاندن).... شاعیری دڵتەڕ و بەهەڵوێست و كوردپەروەری ئەم نیشتمانە، گەلەك زۆر لەوە ناسراوترە لەم پێشەكییە زۆر كورتەدا بە خوێنەرانی خۆشەویستی بناسێنین، لەبەرئەوە ڕاستەوخۆ دەچینە ناو ئەودیمانەی لەگەڵیدا سازمان كردووە:**

**زیاد ڕەشاد: ئەگەر خۆت سەرپشک بکەین لە پرسیارکردن، سەرەتا چ پرسیارێک لەخۆت دەکەیت؟**

**پەشێو:** لە شیعرێکدا گوتوومە:

کارێوەیە

پۆلێك پرسیار بەڕێ دەکەم.

پۆلێکی تر بەڕێوەیە.

لە ڕاستیدا ڕۆژانە دەیان جار، پۆل پۆل پرسیار بەڕێ دەکەم و پۆلێکی تر بەر دەرگەی مێشکم دەگرێ. هەر شتێك دەڵێم، هەر شتێك دەکەم، لە خۆم دەپرسم، ئەرێ ئەوەی گوتم، ئەوەی کردم... ڕاست بوو؟!

جا منێك هێندە بە پرسیار بم، چۆن بتوانم پرسیارێك هەڵبژێرم؟!

**زیاد ڕەشاد: یەک دوو ساڵ لەمەوبەر کە هاتیتەوە، گوتت سیاسییەکان داوای لێبوردنیان لە گەلی کوردستان کرد، پێویستە ڕۆشنبیرانیش داوای لێبوردن بکەن، ئەوانەی بە قەڵەم بەشداری شەڕی ناوخۆیان کردووە، ئەوان (ئەو ڕۆشنبیرانە) لەدەمی یەکگرتنەوەش شیعر و شەهیان و تەپڵی شادییان لە کەسانی دی گەورە و دیارترە! بۆ ئەوە چی دەڵێن؟**

**پەشێو:** ساڵی ٢٠٠٢ بوو، ئەمەم لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا گوت. ئێستاش وەك ئەوسا پێم وایە، ئەگەر (ڕۆشنبیر) وەك دارشەق نەچێتە بنباڵی بازرگانانی سیاسەت، ئەوا شەڕی خۆترێنی دەسەڵات و پارە ناتوانێ بە هەموو جومگە و دەمارەکانی نەتەوەدا بچێتە خوارێ.

من، لە کاتێکدا ڕۆشنبیرێك هەڵدەسەنگێنم، ناتوانم دەستبەرداری پێوانەکانی ئاکار و ڕەوشت بم. ڕەوشت بە مانایە فەلسەفەییە گەورەکەی. دەمەوێ بڵێم: ئەگەر

کەسێك ساڵێ تۆنێك کتێب بخوێنێتەوە، دەیان شیعری جوان و وتاری ئاگرین و ڕۆمانی بەپێزیش بنووسێ، نابێتە ڕۆشنبیر ئەگەر ڕەچاوی ڕەوشتی ڕۆشنبیرانە نەکا.

من ناتوانم شیعرێك لەسەر ئازایەتی بخوێنمەوە ئەگەر نووسەرەکەی ترسنۆك بێ. ناتوانم وتارێك لەسەر بەخشندەیی بخوێنمەوە ئەگەر خاوەنەکەی قرچۆك و ڕژد بێ. گاڵتەم بە درامایەك دێ لەسەر یەکگرتن، ئەگەر درامانووس لە سەنگەری لایەکی ململانێیەکە بێ.

چما ئەوانەی خۆیان کردووە بە دەمامکی دەسەڵاتی دزان، بەشدار نین لە تاوانی دزی؟ چما ئەوانەی، لە ڕۆژانی شەڕی کوردکوژیدا، لە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە کەڕەنای جەنگیان لێ دەدا، تاوانیان کەمترە لە تاوانی ئەو میرغەزەبە سەربڕانەی بڕیاری ئاشتی و شەڕیان بەدەستەوە بوو؟!

**زیاد ڕەشاد: لە ژیانی ئەدەبیتدا لە چی پەشیمانی؟**

**پەشێو**: خۆشبەختانە، تا ئێستا هیچی وام نەنووسیوە لێی پەشیمان بم. من پێش ئەوەی هەنگاو هەڵبێنم، باش تەماشای بەرپێی خۆم دەکەم. بەحیساباتم. ویژدان لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوم و دەرفەتی هەڵە و سەرچیغچوونی تاڕادەیەکی زۆر کەم کردووەتەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە، هەر لە سەرەتای لاوییەتیمەوە، بیری سەربەخۆییخوازی چۆڵەچرا و مەشخەڵی دەستم بووە، هەرچیم نووسیوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو هزر و بیرە بووە و تا ئەمڕۆش جێی شانازیمە.

بەڵێ، هەندێ شیعرم هەن بۆ ئافرەت نووسراون، تووڕەییان پێوە دیارە و نەدەبوایە هێندە توند بن. بەڵام ئەمانەم لە سەردەمێکی تایبەتدا نووسیون و بۆ کەسانێکی دەستنیشانکراون، نەك بۆ ئافرەت بەگشتی. جگە لەمەش، تا لە کوردستان بووم، ئەگەرچی تا سەر ئێسقان دڵدار بووم، بەڵام ئافرەتم بە قووڵی نەدەناسی. باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ماوەی ئەوەی نەدەدام. تەنیا لە دەرەوەی کوردستان دەرفەتی ناسینی ئافرەتم بۆ ڕەخسا. لەوێ ئافرەت بوو بە

هــاوڕێ، هاوســەر، هــاودەنگ، خوشــك، خۆشەویســت. بــاوەڕ ناکــەم بەدرێــژایی دوورەوڵاتیم شیعرێکم بۆ ئافرەت نووسیبــێ مۆرکی تووڕەیی و هەڵچوون و گازانــدەی پێوە دیار بێ.

**زیاد ڕەشاد: کامیان لــە هــەموویان خۆشەویســتترن لای پەشــێو، (دوازدە وانــە)، (لەدەستم دێ)، (ماچ)، (براکوژی)، (کۆبوونەوە) هتد....؟**

**پەشــێو**: هــەر شــیعرێك، لەوانــەی ناویــان هــات، شــوێنێکی تایبــەتی هەیــە. دیــوانی (براکــوژی) جوانییەکــەی لــە دیــوە ئەخلاقییەکەیدایــە. دەکــرا لــە ١٩٩٤دا لــە ڕۆژانــی براکوژیدا، لە شارێکدا، کە دەیان هەزار چەکداری بــە خــوێنی ســەری یــەکتر تینــووی تێدابوو، من باجی ئەو شیعرە بە ژیانی خۆم و ماڵ و منداڵم بدەم (ئەوانیشــم بــرد بــۆ کۆڕەکە). نووسین و خوێندنەوەی ئەو کۆمەڵــە شــیعرە لــەو ڕۆژگــارە دژوارەدا، نــاڵێم ئازایەتی، بەڵام کردەوەیەکی شاعیرانە بوو هەر دەبوایە بیکەم.

(١٢ وانە بۆ منداڵان) لەناو هەموو بەرهەمەکاندا، نوختەی وەرچەرخانە، مانیفێستی هیزری و هونەریمە، یەکــەم یــاخیبوونی بــێ پەناوپێچــە لــە دەســەڵات. ئــەو شــیعرە گرێبەستێك بوو لە نێوان من و خەڵکی کوردستان. من بچــووکی ئــەوان بم و ئــەوانیش سەرچاوەی هێزم بن. ئەو شیعرە فێری کردم باجی وشە بدەم، ئــەو شــیعرە ڕێــڕەوی هەموو ژیانمی گۆڕی و ڕێی ترس و پاشەکشێ و دڵەڕاوکێی تا هەتایێ لێ بەستم.

**زیاد ڕەشاد: چ نووسەرێکی کورد، یا بێگانە، زۆر کاری تێ کردووی؟**

**پەشێو**: تام و چێژ لە شــیعری بــاش وەردەگــرم، جــا گــرنگ نییــە ئــەو شــیعرە هــی هەردییە یا گۆران، هی ویتمەنە یا پوشکین. هەر شتێکیش تام و چێژی لێ وەربگیرێ کاری خۆی دەکا.

**زیاد ڕەشاد: ڕەوشی سیاسی کوردستان چۆن دەبینن، پرسی ئازادی لێرە لە چ ئاستێکدایە، ئەو شیعرانەی تۆ دەینووسیت پێت وانیە بۆ تۆ چووەتە سەر، ڕەنگە گەر کەسێکی دی ئەو شتانە بنووسێت لێی قەبوڵ نەکرێ؟**

**پەشێو**: ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین کە دابونەریتی دیموکراسی تێدا نییە. تا ئێستاش پڕۆژەیەکمان نییە بۆ چەسپاندنی شێوەیەك لەشێوەکانی دیموکراسی و بنیاتنانی دەوڵەتی هاونیشتمان و حوکمێکی مەدەنی.

حیزب دەوڵەتە و دەوڵەتیش حیزبە. ئاڵقەی یەکەمی دەسەڵات هێڵی سووری لە دەورەیە و دەستی ڕەخنەی ناگاتێ. میدیای کوردستان تا بینەقاقا حیزباوییە. هەموو بڕیارە چارەنووسسازەکان لە ژوورێکی داخراودا وەردەگیرێن. لەم وڵاتەدا، مووچە، نان، ئاو، هەوا، کارەبا، شەهادە، کاروکاسبی.. هەمووی هی دەسەڵاتە و بەرتیل ئاسایی بەم و بەو دەدرێ. جیاوازیی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندان هەموو سنوورێکی بەزاندووە. سەرکردەی حیزبەکان دار و بەردی ئەم وڵاتەیان بەسەر خۆیان و کەسوکاریاندا دابەش کردووە، زمان و ڕۆشنبیری و خوێندەواری قەت و قەت پێشتر هێندە لاواز نەبوونە وەك ئێستا. زمانی کوردی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و سیستەماتیکی و بەدەستی نەخوێندەواران لەناو دەبردرێ. ئەوەی بە زمانی کوردی کراوە و دەکرێ بە غەیری پیلانی لەناوبردنی زمانی کوردی، وەك زمانێکی یەکگرتوو، هیچی تر نییە.

ئەوەی مەبەستی بێ وڵاتێك داڕووخێنی، با نەهێڵێ کەس ئیشی خۆی بکا. لە کوردستان کەس ئیشی خۆی ناکا، کادیری حیزب، واسیتەیەکیشی هەبێ، ئەگەر کۆلکەخوێندەواریش بێ، دەتوانێ زمانزان بێ، ڕۆژنامەنووس بێ، شاعیر بێ، مۆسیقاژەن بێ، موستەشار بێ، وەرزشەوان بێ، پەرلەمێنتار بێ، بەڕێوەبەری بانك بێ... دکتۆراش لەهەموو بوارەکانی زانست وەرگرێ!

بەڵێ، زۆر جار پێم دەگوترێ: "ئەوەی تۆ دەتوانی بیڵێی هەر بۆ تۆ چووەتە سەر" ئەمە ڕاستە و ڕاستیش نییە. من پێم وایە ئەوەی من دەیڵێم و دەیکەم هەر کەسێکی تریش دەتوانێ بیکا و بیڵێ، ئەگەر ئەو باجە بدا کە من بەدرێژایی ژیان دەیدەم.

هیچ دەسەڵاتێك ئازادیی بە من نەداوە. من خۆم، بە دەستهەڵگرتن لە دەسەڵاتی ماددی ئەو دەسەڵاتە مەعنەوییە بچووکەم وەدەست هێناوە. هەست بە پشتەوانیی هاونیشتیمانانی خۆشم دەکەم. بێ ئەو پشتەوانییە، زات ناکەم هێندە بێپەروا بم.

کە ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە، دەبینم پاش زێتر لە ٤٠ ساڵ نووسین و ململانێ، تاکە سامانێك کە دەستگیرم بووبێ، ناوێکی بچووك و متمانەیەکی گەورەی خەڵکە. ئێستاش دەستم هەمیشە لەسەر دڵمە، نەوەك ئەو سامانەم لەدەست بچێ.

**زیاد ڕەشاد: ڕات چییە دەربارەی شیعری تەم و مژاوی، یا ئەو دەقە شیعرییانەی جگە لە نوخبەیەکی کەم، خەڵکی دی تێی ناگات؟**

**پەشێو**: نازانم، لە خۆشبەختیمە، یا بەدبەختی، کە من لەو نوخبەیە نیم! ڕەنگە قسوور لە من بێ. بەڵام دژی هیچ جۆرە شیعرێکیش نیم. هەمیشە لەگەڵ ڕەنگاوڕەنگیدام. دەوڵەمەندیی شیعری کوردی لە ڕەنگاوڕەنگییەکەیدایە.

**زیاد ڕەشاد: لە کاتی بەردادکردنی[1] شێخ سەعیدی پیراندا، یەکێك لە دادوەرانی دەڵێ "تەنیا شێخ لە یاخیبوونی کوردەکان بەرپرس نییە، بەڵکوو (مەم و زین)ەکەی (ئەحمەدی خانی)یش بەرپرسە"، وابزانم (مایکۆفسکی)یشە بە دوژمنەکانی دەڵێ "بە شیعر لەناوتان دەبەم"، بەبڕوای ئێوە لەم ڕۆژگارەشدا**

---

١ـ بەرداد کردن: دادگاییکردن، لەسەر داوای مامۆستا پەشێو (بەرداد کردن)م لەباتی (دادگاییکردن) بەکارهێنا، کە ئەو پێی وابوو ئەوەی یەکەمیان زێتر کوردییە.

**شیعر دەتـوانێ ئـەم ڕۆڵ و ئـەرك و پەیامـەی هـەبێ و دوژمنـانی لـەناو ببـات و جەماوەر لە دەسەڵات یاخی بکات؟ بە واتایەکی دی لەدیـدی بـەڕێزتان شـیعر لـە ئەمڕۆدا چ پەیامێکی هەیە؟**

**پەشێو**: لە کوردستـانی ئێمـەدا، شـیعر هەمیشـە دەسـەڵاتێکی مەعنـەویی کاریگـەر بـووە. کەسـیش نـاتوانێ ئـەو دەسـەڵاتەی لـێ دامـاڵێ. ڕاسـتە، لـە هـەموو دەور و زەمانێکـدا شـیعری خوێڕیلـەی دەربـار هـەر هـەبووە، لەمـەولاش هـەر دەبـێ، بـەڵام شیعری ڕاستەقینە هەمیشە گەورەترین دوژمنی ستەم و بێدادی بووە.

لـە کاتێکـدا ئەمـە دەڵـێم، دانـیش بـەو ڕاسـتییەدا دەنـێم، کـە لەگـەڵ رسـکان و نەشونماکردنی دێموکراسیدا هێدی هێدی باری سەر شانی شیعر سووکتر دەبێ.

**زیاد ڕەشاد: تۆ چ کاتێك دەنووسیت، ئایا بڕوات بە ئیلهام و ئیحا هەیە؟**

**پەشـێو**: کـات و شـوێنی دەستنیشـاکراوم نییـە بـۆ شـیعر نووسـین. ژوانـی لەگـەڵ دانانێم. بەڵام بەشـی زۆری شیعرەکانی خـۆم دوای ڕاشـکانی شـەو نووسـیون. شـەو دایکیانە و خەوزڕانیش مامان!

بـۆ ئیلـهامیش، ڕەنگـە بـەدیکردن و هـاوێرکردنی تاڵـە دەزووی بیرۆکەیـەکی ناسك و ورد و تازە شێوەیەك بێ لە شێوەکانی ئیلهام... بەڵام ئیلهام بە تـەنیا بـەس نییە بۆ ئەفراندن.. شیعر کەرەستەی باش و وەستایەتی و کارکردنێکی شێلگیرانەشی دەوێ لەسەر هەر وشەیەك، هەر دەنگێك، هەر وێرگوڵ و نوختەیەك.

**زیاد ڕەشـاد: بـە بـڕوای تـۆ پەیوەنـدیی نووسـەر و رۆشـنبیر لەگـەڵ حیـزب و دەسەڵاتدا پێویستە چۆن بێ؟**

**پەشـێو**: هــەموو حیزبــەکانی کوردســتان تۆتالیتــارن، لەســەر مــۆدیلی پــارتی کۆمۆنیستی شوورەوی دامەزراون و کۆپیی ئەون. جیاوازییان نییە لەگەڵ ئەوانەی لـە شـوورەوی و بەغـدا هـەبوون. جیاوازیشـیان نـابێ لەگـەڵ ئەوانـەی ئێسـتا لـەکۆریای

باكوور و كووبا و دیمەشق و .... هەن. ئەوەی من دەیڵێم یاسا و ڕێسایەكی مێژووكردە و پەیوەندیی نییە بەوەی فلان باشە فیسار باشترە. هێشتا حیزبیی مۆدیلی ئەوروپاییمان نییە ئەندامی خۆی و فەرمانبەری دەوڵەت لێك جودا كاتەوە.

لە سۆفیەتی جاران دەیان شاعیر و نووسەر هەبوون، بەرهەمەكانیان بە جوانترین شێوە چاپ دەكرا، بۆ گەلێك لە زمانانی دنیاش بە فەرمانی حیزب و بە پارەی دزراوی حیزب وەردەگێڕدران، شۆڕەسواری شاشە و فێستیفاڵ و كۆڕ و كۆبوونەوە و كتێبخانەكان بوون. كەچی دوای ڕووخانی شوورەوی ئەوانیش لەگەڵ ڕژێمدا لە بیركران. مەندەلشتام و گومیلۆف و پاسترناكەكان بە نەمری مانەوە، نووسەرە نازدارەكانی حیزبیش كەس ئێستا ناویان نازانێ. چارەنووسی نووسەرانی سەردەمی شوورەوی دەرسێكی باشی بۆ ئێمەش تێدایە.

**زیاد ڕەشاد:** یادداشتەكانی خۆت نەنووسیوەتەوە، یا بە تەما نیت بیاننووسیتەوە؟

**پەشێو**: نووسینی بیرەوەری جێگیریی دەوێ. من تا ساڵی ١٩٩٧ یش قەرەج ئاسا هەر ماڵ بەكۆڵ بووم. تەنانەت تا ساڵانی دواییش ئەرشیف و كتێبخانەم بڕ بڕ بووە، هەر بەشە و لە سووچێك. ئەو بارودۆخە نەیهێشت بیر لە نووسینەوەی بیرەوەرییەكانم بكەمەوە.

**زیاد ڕەشاد: بە تەما نیت بەئێجگاری بێیتەوە كوردستان؟**

**پەشێو**: جاریێ هۆ بۆ نەگەڕانەوەم زۆرن. بەڵام دڵنیاتان دەكەم هیچیان پەیوەندییان بە خۆشگوزەرانییەوە نییە. ئەوەی لەنێزیكەوە بمناسێ، دەزانێ، ئەوەی بیری لێ ناكەمەوە هەڵپەی پایە و خۆشگوزەرانیی ماددییە.

**زیاد ڕەشاد: دكتۆرانامەكەت لەسەر چی بوو؟**

**پەشێو**: نامەی دکتۆرام لەسەر پیرەمێرد بوو.

**زیاد ڕەشاد: زێتر چی دەخوێنیتەوە؟**

**پەشێو**: زێتر بیرەوەریی ناودارانی خۆیی و بێگانە دەخوێنمەوە.

**زیاد ڕەشاد: ئەمانە بە دێرێک : "هەولێر، پیرەمێرد، حاجی قادری کۆیی، پوشکین، بێرکۆت".**

**پەشێو**:

هەولێر/ هەم دایکە و هەم جگەرگۆشە. بەدرێژایی مێژوو سزا دەدرێ، بەڵام نازانم لەسەر چی!

پیرەمێرد/ ئەو گەورە پیاوە دەگمەنەیە، کە وشەی جوان و ڕەوشتی باڵای لە خۆی بەرجەستە کردووە.

حاجی قادر/ تا ئەمڕۆش ویژدانی زیندووی کوردستانە و بە مامۆستای خۆمی دادەنێم.

پوشکین/ کرێملنی دووەمی رووسیایە.

بێرکۆت/ باری کردووە و هەر گۆڕستانەکەی ماوە.

کانوونی دووەمی ٢٠٠٦

❑



د. مارف خەزنەدار[2]

# واقیعی مێژوو و میتۆدی زانستی ڕێگە نادا ئەلفوبێی عەرەبی لە زمانی کوردیدا ببێ بە لاتینی

* ناوی (مەعروف عەبدولقادر مەعروف عەزیز ئاغای خەزنەدارە) و لە ساڵی ١٩٣٠ لە شاری هەولێر لە دایك بووە.
* شارەزایی تەواوی لە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ڕووسیدا هەیە، هەروەها تورکی و فارسی دەزانێت و ئینگلیزی و فەڕەنسیش دەخوێنێتەوە.

---

٢ــ لە کاتێکدا خەریکی ڕێکخستن و کۆکردنەوەی گفتوگۆکانی نێو ئەم کتێبە بووین، بەداخەوە ڕۆژی ٢٠١٠/١٠/٢٥ دوکتۆر مارف خەزنەدار لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

*** لـــه ســـاڵی (١٩٦٠)ەوە ئەنـــدامی فیدراســـیۆنی ڕۆژنامەنووســـانی نێودەوڵەتییە و لە ساڵی (١٩٧٣)ەوە پلەی پرۆفیسۆری پێ بەخشراوە.**
*** دەیـان پـەرتووکی لـە بوارەکـانی ئـەدەب و زمانـەوانی و مێـژوو... بـە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ڕووسی نووسیوە و وەرگێڕاوە و ئامادە کردووە.**

پاش عەسرێك لە ماڵەکەی خۆی لـە گـەڕەکی ڕووناکیی شـاری هـەولێر بـووین بـە میوانی، کتێبێکی پەڕزەردی بەدەستەوە بوو، لام وابـێ (خـەیام)ی دەخوێنـدەوە. کە دەچیتە ژوورەکەی (بەڵکو ژوورەکانی)، تا چاو هەڵدەبڕی هـەر کتێبـە، ڕەنگـە گـەورەترین کتێبخانـەی کوردسـتان ئـی (د. مـارف خەزنـەدار) بـێ. خێزانـە ڕۆحسـووکەکەی بـە گـەرمی بـەخێری هێنـاین و پاشـان کـە سـەیری کـرد سـەر قەنەفەکانیش پڕن لە کتێب و شـوێنی دانیشـتن نیـە، لەبەرخۆیـەوە دەیگـوت خـۆ شوێنی دانیشتنمان نیە لەبەر کتێبـان، هـەمووی هـەر کتێبـە. د.مـارف خەزنـەدار: هەر زوو پرسـیاری ئـەوەی کـرد دیمانەکـە لەسـەر چییە.. پـاش ئـەوەی تـەوەری پرسیارەکانم پێ گوت، ڕەزامەندی لەسـەر چـاوپێکەوتنەکە نوانـد بـەو مەرجـە بـە کاسێت و ڕیکۆردەر نەبێ، بەڵکو بە نووسین پرسیارەکانی پێ بدەین، دوای چـەند ڕۆژێك وەڵاممان بداتەوە. لە وادەی دیـاریکراو بـۆ وەڵامـەکان سـەردانیم کـردەوە، بۆمی درکاند کە سەرەتا بە نیاز بووە بەشـێوەی سـەرپێیی وەڵامـی پرسـیارەکان بنووسێتەوە، بەڵام دواتر کە پرسیارەکانی تا ئاستێکی زۆر بـەدڵ بـووە، بۆیـە بـە تێروتەسەلی وەڵامەکانی نووسیوە:

**زیاد ڕەشاد: دوای بەسەربردنی تەمەنێك لەنێو دنیـای ئـەدەب و نووسـین و خوێندنەوەی کتێبدا، لەمڕۆدا کتێبخانەی کوردی چۆن دەبینی؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بەپێی پلەی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری نامەخانەی قەومی میللـەتی کـورد دواکـەوتووە، واقیعـی ژیـانی وەکـو پێویسـتە و

هەیە بە تەواوی تۆمار نەکراوە و ڕەنگی لە نووسراو نەداوەتەوە و وێنەی ڕاستەقینەی نەکێشاوە. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو ئینقیلابە سەرنەکەوتووانەی لە عیراقدا کورد تووشیان بووە، جاریّ لە پێش هەموو شتێك پێویستە ئاگاداری ئەوەبین لە ڕووی خوێندەوارییەوە کە باس لە کورد دەکریّ مەبەس کوردی عیراقە. لە دروست بوونی دەوڵەتی عیراقەوە لە هەموو قۆناغەکان ئەگەر مافی رۆشنبیری لە کۆمەڵی کوردی عیراق نەبووبیّ یا کەم بووبیّ، لەگەڵ هەموو گۆڕانێك بزوتنەوەیێك بووە و چاپەمەنی کەوتۆتە ناوەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو ئازادییە درێژخایەن نەبووە، جارێکی دیکە لە جێی خۆیدا چەقیوە، کۆششی رۆشنبیری کوردی پرۆپاگەندە بووە بۆ سەرخستنی خەبات لە پێناوی دەست خستنی چارەنووس، ئەمەش زیاتری لە ڕێگەی داهێنانی ئەدەبی بووە: شیعر، وتار، چیرۆك، ڕۆمان هتد...

لەبەر ئەوە لایەنی عیلمە پراکتیکییەکان لە نامەخانەی کوردیدا دواکەوتووە، ئەگەر پێشکەوتنێك لەم لایەنەوە بەدی بکریّ لە کتێبی قوتابخانە کوردییەکاندا دەکەوێتە بەرچاو.

**زیاد ڕەشاد: بە تێڕوانینی ئێوە نامەخانەی کوردی لەکوێی نامەخانەی دنیادایە، ئایا دەشیّ بیخەینە خانەی بەراوردەوە لەگەڵ کتێبخانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بە هیچ جۆریّ بۆ ئێمە نەهاتووە بەراورد لەنێوان نامەخانەی زمانی نەتەوەکانی ئەوروپا و نامەخانەی کوردی بکەین، ئێمە لەوانەیە تەنیا لە ئەدەب و هونەر شتێکمان بە شتێك کردبیّ، لە هەموو عیلمەکانی تر و تەکنەلۆجیا زمانێکی ستانداردمان نییە سنووری بۆ وشەی فەرهەنگی و زاراوە و لێکسیکۆن کێشابیّ. هەروەها ناتوانین بەراورد لەنێوان نامەخانەی خۆمان و

عـەرەب و فـارس و تـورك بكـەین، زمـانی عـەرەبی زۆر پێشـكەوتووە گەیشـتۆتە پلـەیێك بـووە بـە زمـانی ڕەسمـی نەتـەوە یـەكگرتووەكان و هاوشـانی زمانـە عالەمییەكانە، بەڵگەی ئەم ڕاستییە لە خانەی كتێبی میسری (دار الكتب المصرية) و خانەی كتێبی عیراقی لە بەغدا دەكەوێتە بەرچاو، ئـەوەی وەحشـیانە لـە سـاڵی ٢٠٠٣ تالآن و وێران كرا.

ئەم دوو نامەخانەیە و نامەخانەكانی دیكەی وڵاتانی عەرەبی دەتوانرێ لەگـەڵ نامەخانــەكانی بــەریتانی لــە لەنــدەن و كۆنگرێســی ئەمــەریكی لەواشــینتۆن و نامەخانەی نیشتمانی پاریس و نامەخانەی ڕووسیای مۆسكۆ و هـی دیكـە بـەراورد بكرێ، هەرچی نامەخانەی هاوسێكانی دیكەشمانن وەكو فارس و تـورك، ئـەوانیش زۆر لە نامەخانەی ئێمە پێشكەوتووترن، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێمـە و ئـەوانیش بەبێ زانینی زمانە پێشكەوتووەكانی ئەورووپا ناتوانین كاری زانستیمان بـە ئـەنجام بگەیەنین، ئاخر باوەڕ ناكەم لای ئەوان مامۆستاییێكی قوتابخانە یا زانستگا هـەبێ، پێ لەسەر پێ دابنێ و بە قرقێنەوە شانازی بەوە بكا منداڵەكانی عەرەبی نـازانن! بێ گومان زمانی تریش نازانن لە كوردییەكە بەولاوە.

**زیـاد ڕەشـاد: ئـەی ڕەوتـی وەرگێـڕان لـە هـەرێمی كوردسـتان ئێسـتا لـە چ ئاستێكدایە، بەتایبەت كە ژمارەیـەك دەزگـا و خانـەی وەرگێـڕان لـەم چـەند ساڵەی دواییدا دەست بەكاربوون؟**

**د.مارف خەزنـەدار:** وەرگێـڕان بـۆ زمـانی كـوردی لای ئێمـە هەیـە، بـەڵام دوو بابەتە، یەكەمیان هەندێ بەرهەمی ئەدەبی عالەمی لە زمانانی ئـەورووپاوە دەكـرێن بە كوردی كەڵكیان هەیە، دووەمیان ئەو كتێبانەی بە زمانانی بێگانە لەسـەر كـورد دادەنرێن، زۆربەیان جێی باوەڕ نین، بەتایبەتی ئەوانەی لای ئێمـە چـاپ دەكـرێن، چونكە زانیارییەكانیان دەسكاری دەكرێن لەلایەن ئەو حیزب و لایـەن و كەسـانەی

بە چاپیان دەگەیەنن، چونکە ئەمانە تەعبیر لە ئیدیۆلۆجییەتێك دەكەن بیروڕای دیکە قوبوول ناکا، بۆ بەڵگە کتێبێکم دەست کەوت لە زمانی بێگانەوە کرابوو بە کوردی و لە ئەورووپا چاپ کرابوو، لە پاشاندا چاپی دووەمی لەلای خۆمان بڵاوکرایەوە، کەچی ئەمەیان دەسکاری کرابوو بەشێوەیێك بڵاوەخانەکە هەرچی خراپە هەبوو بەرامبەر بە مەسەلەییێك یا هەڵوێستێك کردبووی بە چاکە، لەبەرئەوە ئێمە قوتابیانی خوێندنی باڵای زانستگامان هان دەدا وەك سەرچاوەیێك بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی کتێبەکە یا چاپە کوردییە ئەورووپاییەکەی نەك چاپی وەرگێڕانە کوردییەکەی لای خۆمان، ئەم کردەوەیە میراتی فەرمانڕەوایی بەعسی بوو لە عیراق بە تایبەتی لە کتێب و سەرچاوەی زانستی مێژوو و زانستییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

لە پاشاندا دیاردەییێکی نابەجێ و ناشیرین ئێستا لە ناوەوەیە، وەرگێڕانێکی زۆر لە زمانی فارسییەوە و خۆهەڵواسینی بە مەدەنییەتی ئەو میللەتەوە بووە بە مۆدەی سەردەم لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا. بێ گومان وەرگێڕانی بەرهەمێکی فارسی بۆ کوردی کارێکی بەکەڵکە ئەگەر لەجێی خۆی بێ، بەڵام بەرهەمێك لە زمانێکی ئەورووپاییەوە کرابێ بە فارسی، تۆ بێی لە فارسییەوە بیکەی بە کوردی بێتوانایی ڕۆشنبیری کوردی دەگەیەنێ.

پێم وایە زمانی فارسی بۆ ئێمە نەبووەتە زمانی لاتینی (ڕۆمانی کۆن) ئەوەی تا ئێستا بۆ هەموو میللەتانی ئەورووپا سەرچاوەیێکی گرنگە تا فارسی بۆ ئێمە وەکو لاتینی بێ بۆ ئەورووپا. خۆ ئەگەر بۆ کەڵك وەرگرتن بێ زمانی عەرەبی زۆر لەپێشەوەترە، چونکە فارسی خۆی تابیعی زمانی عەرەبییە و نامەخانەی لەگەڵ ئەودا بەراورد ناکرێ.

**زیاد ڕەشاد:** **بەشێوەیەکی گشتی باری رۆشنبیریی کوردی چۆن دەبینی و بە بڕوای بەڕێزتان سەردەمی زێڕینی رۆشنبیریی کوردی چ کاتێکە یا چ کاتێک بووە، ئەمە بە نادیدەگرتنی ئەوەی کە جاران ڕەنگە ژمارەیەکی ئێجگار کەم دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوە کاریان دەکرد، ئێستا بە سەدان دەزگا و سەنتەری ڕۆشنبیری و وەشاندن و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنمان هەیە...؟**

**د.مارف خەزنەدار:** مەسەلەی چاپکراو لە هەموو کۆمەڵێکدا هەیە بە زۆر و کەمی نییە، لە قۆناغێکدا ئەگەر چاپەمەنی کوردی کەم بووبێ وەکو لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیکی عیراق زۆربەی ئەو بەرهەمانە بە کەڵکتر بوون لەوەی ئێستا بڵاو دەکرێنەوە، ڕاستە بڵاوکراوە بە تایبەتی ڕۆژنامە و کۆوار ئەوەندە زۆرە گەلێ زیاترە لە ژمارەی هاووڵاتییانی کورد، بەڵام زۆربەی ئەو سوودەی نییە بۆ خوێنەر، لەبەرئەوە فەوزاییێك دروست بووە، ڕۆژنامە هەیە بە خۆڕایی بڵاودەکرێتەوە، کتێب و ڕۆژنامە هەیە تیراژی لە (٥٠٠) دانە کەمترە کەچی چاپەمەنیش هەیە لە سی هەزار دانە زیاتری لێ چاپ دەکرێ.

ئەوە ڕاستە یەکێکی وەکو من ئەگەر زۆربەی ڕۆژنامە و کۆوارەکان نەخوێنمەوە زیانێکی ئەوتۆم لێ ناکەوێ، بەڵام لە زۆر کەسی هەموو توێژەکانی کۆمەڵی کوردم بیستووە کەڵکێکی ئەوتۆ لە چاپەمەنی کوردی وەرناگرن، بەڵام وەرزین و هەموو هونەرەکان و کچانی نیوەڕووتی سێکس ئامێز خوێنەریان هەیە، هۆی سەرەکی کە دەبێتە تەگەرە لە پێش هەموو جۆرە نووسینێك ئەوەیە لەسەر بەرنامەییێکی عیلمی و ڕاست وەکو هەیە نانووسرێتەوە. لەبەرئەوە وەکو (فاکت) نابێتە سەرچاوەییێکی باوەڕپێکراو.

کارێکی بەجێیە ڕۆژنامە و کۆوار هەموو هەڵوێست و ڕووداوێك لە بابەت ژیانی خەڵکییەوە تۆمار بکەن، هیچ نەبێ ئەو ڕووداوانەی لە دوای سەدەی نۆزدەم و

سەدەی بیستەم کەوتوونەتەوە، بەڵام داخی گران زۆربەی ئەو زانیارییانە لە ڕاستییەوە دوورن، چونکە ئەو کەسانەی دەیاننووسنەوە تێیدا نەژیاون.

**زیاد ڕەشاد: تۆ چۆن سەیری پەیوەندی نێوان ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەکەیت و ئەو پەیوەندییە لە کوردستاندا چۆنە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** لە ئەزەلەوە ڕۆشنبیر (ئینتلیجێنت) لەگەڵ دەسەڵات ڕێک نەبووە، دیارە ئەم ڕێك نەبوونەش لە پلەیێکدا نەبووە بەپێی جیاوازی سستێمی فەرمانڕەوایی کۆمەڵ وەکو دیموکراتی و تۆتالیتاری و حوکمی موتڵەق و هی دیکە، ئەوە ئاشکرایە لە هەموو کۆمەڵێکدا ڕۆشنبیر لە ڕووی تیۆرییەوە نەخشە دەکێشی بۆ جۆری حوکمی دەسەڵات، سیاسی دەیخاتە پراکتیکەوە، ئیتر ئەو حوکمە بە هەر شێوەیێك بێتە دی بە سیلاح و شۆڕش یا بە دەنگدان و بیروڕا پرسین، لە دواییدا هەر ئەو ڕۆشنبیرە دەبێتە موعاریزی قەڵەم هەڵگر نەك دوژمنی دەمانچە بە دەست.

داخی گرانم ئەم جۆرە پێوەندییە هێشتا لە کوردستان نەڕسکاوە، چونکە حسێب بۆ بیر و بۆچوونی ڕۆشنبیر نەکراوە، ئەم توێژە گرنگەی کۆمەڵ بووە بە دوو بەش، ناتوانم بڵێم کامەیان لە ئەوی دیکەیان بە ژمارە زۆرترە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە بەشێکیان بە تەواوی بوون بە داردەستی دەسەڵات و پێش خزمەت و لەسەر کارەکەیان بەردەوامن، چونکە سوود و قازانجی بۆیان هەیە، بەشەکەی دیکەیان گۆشەنشینن چونکە دەسەڵات بە دەست بە هەندیان نازانن، ئیتر لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانە دوور دەکەونەوە و خۆیان بە بەرهەمێکی داهێنراوی ئەدەبی و عیلمی و هونەری وا خەریك دەکەن بۆ ئەوەی لە هەموو دەور و زەمانێك کەڵکی هەبێ.

**زیاد ڕەشاد:** **ئایا مەرجە بۆ ئەوەی ڕۆشنبیر دروست ئەدای کاری ڕۆشنبیریی خۆی بکات ئەندامی حیزب نەبێت و دوور بێت لە دەسەڵاتی سیاسییەوە، وەک هەندێک وای بۆ دەچن؟**

**د.مارف خەزنەدار:** نا ئەمە مەرج نییە، چونکە لەگەڵ خوو و ڕەوشت و پەروەردە و نەفسییەتی ڕۆشنبیری کورد دەگۆڕێ، بەڵام ئەگەر بیروڕای منت پێویستە لەم لایەنەوە بە گشتی هەموو ڕۆشنبیرێکی ڕەسەن ناتوانێ ئەندامی کارای حیزبێك بێ بەتایبەتی لای ئێمە و هەر ئەو کاتە ڕۆشنبیرێك بێ بتوانێ بەسەرکەوتوویی کاری زانستی و ئەدەبی بگەیەنێتە ئەنجام، چونکە ئەو ڕۆشنبیرە وای بۆ ڕێك دەکەوێ ماوەیێکی زۆر خەریکی کارێکی زانستی بێ بەجۆرێك ماڵ و منداڵی لەبیردەچێتەوە، چی جا لەو ماوەیەدا بتوانێ ئەرکی ئەندامیەتی هەڵبگرێ. بۆ ئەم مەبەسە بەڵگەییێکمان بەدەستەوەیە بۆ پێکەنین دەست دەدا. لەکاتی خۆیدا دەسەڵاتی سۆڤیەت نووسەری ناوداری خۆی میخائیل شۆلۆخۆڤی کردبوو بە ئەندامی لیژنەی ناوەندی، باوەڕ دەکرێ ئەم کابرایە هیچ جموجولێکی حیزباتی هەبووبێ و یا لە کۆبوونەوەدا بەشداری کردبێ، کەواتە بەڕاستی ئەمە ئەندامی حیزب نەبووە، بەڵکو نووسەر بووە.

**زیاد ڕەشاد:** **باس و توێژینەوەکانی نەوەی تازە چۆن دەبینی، چ ئەوانەی وەک بەشێک لەنامەی ماستەر و دکتۆرا پێشکێشی زانکۆکان دەکرێن، یان ئەوانە لە چوارچێوەی چاپکراوی ئاسایی، دەکەونە نێو کتێبخانەی کوردییەوە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بێ گومان ئەمڕۆ دوێنێ نییە، دوێنێ پێشکەوتنی دیاری خۆی هەبوو، ئەمڕۆش پێشکەوتنی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەم دوو پێشکەوتنە نابێ لەگەڵ یەکتری بەراورد بکرێن، ئەگەر ئەمە بکەین ئەوەی ئێستا زیانی لێ دەکەوێت، واتە لێکۆڵینەوە و داهێنانی ئەدەبی نەوەی کۆن بۆ کاتی خۆی

زانستییانە تر بوو لەوەی ئێستا. ئەوەی کۆن دوو جۆر قوتابخانە بوو، یەکەمیان زۆربەی ڕۆشنبیری وەکو جەمیل ڕۆژبەیانی و عەلائەدین سەجادی و شێخ محەممەدی خاڵ و هی دیکەی تێدا بوو، ئەویتریان دەرچووی قوتابخانەی دواسالآنی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی دەوڵەتی عوسمانی و عیراقی دوای (١٩٢١) بوون، کەسانی وەکو تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی و ڕەفیق حیلمی و هی دیکە.

لێکۆڵینەوە لە مێژووی هەموو لایەنەکانی فیکر و مەعریفە ئەوەی زادەی نەوەی تازەیە کەمترە لە ئەوەی نەوەی کۆن، لەکۆندا بەرهەم کەم بوو، بەڵام ئەوەی بە کەڵك بوو زۆر بوو، کەچی بەرهەمی ئێستا یەکجار زۆرە، بەڵام ئەوەی بەکەڵکە کەمترە.

**زیاد ڕەشاد: جەنابت چی لە نەوەی تازە چاوەڕوان دەکەیت، لەکاتێکدا بەشی هەرەزۆری جگە لە کوردی هیچ زمانیدیکە نازانن؟**

**د.مارف خەزنەدار:** ڕاستە دەڵێی بەشی زۆری نەوەی تازەی کورد لە زمانی کوردی بەولاوە زمانی تر نازانن. بەم پێیە ئایا بەشە کەمەکە کە زمانی بێگانە دەزانن بەشی پێویستییەکان دەکا؟! دیارە بەش ناکا، بەڵام ئەمە دەبێتە هۆیێکی تری دواکەوتن لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە. نەتەوەیێکی وەکو ئێمە بە درێژایی ژیانی زیاتر تووشی ناخۆشی بووە و کەمتر خۆشی بەخۆیەوە دیوە، بەڵام لە هەندێ لایەنی دیکەوە وەك میللەتێکی بچووکی دواکەوتوو و دەست بەسەر قازانجی کردووە، خوێندەوارانی هەلیان بۆ هەڵکەوتووە زمانانی عەرەبی و فارسی و تورکی بزانن. ئەم زمانانە بەتایبەتی عەرەبی دەوری گرنگیان بووە لە ڕۆشنبیری و مەدەنیەتی عالەمیدا. حاڵەتێکی ڕەشبینی پشت شکێنە خوێندەوارێکی کوردی عیراق عەرەبی نەزانێ، ئەوەی دەڵێ (بۆچ عەرەبێك کوردی نازانێ!؟) غەڵەتی

فەرمووە، ئەمە پرسیارێکی سەرپێیی و بێ مانایە، چونکە کورد پێویستی بە زانینی زمانی عەرەبی هەیە، عەرەب پێویستی بە زانینی زمای کوردی نییە.

لە کۆمەڵی سۆڤیەتی کۆن (١٩١٧ ـ ١٩٩١) ئەرمەن و تاجیك و ئەوانی دیکە، پێویستیان بە زمانی ڕووسی هەبوو، ڕووس پێویستی بەم دوو زمانە و زمانەکانی دیکە نەبوو.

**زیاد ڕەشاد: ڕۆڵی زانکۆکانی کوردستان (لەگەڵ زۆربوونیان لە ڕووی ژمارەوە) لە چ ئاستێکدایە، زانکۆکانی ئێمە بەشێوەیەکی گشتی توانیویانە ببنە کانگای مەعریفە و پێگەیاندنی کەسی بەتوانا و ئەکادیمیست، ئەگەر وانیە خەتای کێیە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بەرهەمی زانستگاکانی عیراق نزمە و لە پلەی پێویست نییە، یەکێ لە هۆکانی ئەم ئەنجامە زۆری زانستگاکانە، دەڵێن ١٧ زانستگا و بنکەی زانستگا لەسەر خاکی ئەو کوردستانە هەیە، ئەگەر ژمارەی هەموو دەنگدەرانی لە سێ میلیۆنیش زیاتر بێ بە هیچ جۆرێ ناتوانێ ئەو ژمارەیە لە مامۆستایان ئامادە بکا ئەوانەی بە ڕاستی بۆیان دەکرێ زانستگا بەڕێوە ببەن. ئەو کادیرەی ئێستا هەیە من دڵنیام بەشی سێ زانستگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ناکەن. لەبەرئەوە ئەم زانستگایانە کادیرێکی لەبار بۆ کۆمەڵ دروست ناکەن کە لە ئەنجامدا نە بەشی پێویستی کۆمەڵ دەکا و نە کادیرێکی کارامە و لەبار بۆخۆی دروست دەکا، چونکە کاری سەرەکی هەموو زانستگاییێك ئەوەیە پسپۆڕ بۆ کۆمەڵ و مامۆستا بۆ خۆی ئامادەبکا.

ئەم ئاژاوەیە لە هەموو ڕوویێکەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەست بەسەر داگرتنی زانستگا لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەلای ئەوەوە زانستگا وەکو دەسگای ڕەسمی شارەوانی و بانك و پۆلیسخانە و ئەوانی دیکە وایە، ئەمە ڕاست نییە، پێچەوانە

ڕاستە زانستگا دەسگاییێکی ئەبەدییە ئەمانە و حوکوومەت و دەوڵەتیش دروست دەکا.

**زیاد ڕەشاد: ئەی کۆڕی زانیاری کوردستان لە ڕابردوودا و ئەکادیمیای کوردی لە ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنی و ئەو دەزگایە چی گرنگی پێشکەش کردووە و، هەروەها چی نەکردووە کە دەبوو بیکات؟**

**د.مارف خەزنەدار:** لەوەپێش لەم بابەتەوە پرسیارم لێ کراوە، ئارەزوو دەکەم ئەمە بە کورتی دوا وەرام بێ بۆ ئەم مەسەلەیە. یەکێ لەو دوو سێ هەڵانەی لە دوای راپەڕینی (١٩٩١) کردم ئەوە بوو ڕازی بووم ببم بە ئەندام لە کۆڕی زانیاری کوردستان، نەدەبوو ئەم ساتمە و هەڵە خوێندەوارییە لە من ڕووبدا، چونکە بەڕاستی شایانی چوونە ناو ئەم پیلانە سیاسییە نەبووم بەناوی زانستییەوە بۆ پڕوپاگەندەی حیزبایەتی بەکارهێنرا. هەر چۆنێ بێ من مەمنوونی خۆمم کە بە هۆشیارییەوە توانیم ئیعتیراف بەم هەڵەیە بکەم.

کۆڕی زانیاری لە هەردوو دەوریدا نەیتوانی ئەوەی پێویست بوو بیکا، ئەوەی کردی زۆر کەم بوو بەگشتی لە پلەی کارێکی زانستی وادا نەبوو کە ئەم دەسگایەی بۆ دانراوە.

لە دەوری یەکەمی دا (٢٠٠١ ـ ٢٠٠٤) سەرۆکێك فەرز کرایە سەری ڕەنگ هەبوو بۆ هەندێ کاروباری دیکە دەست بدا، بەڵام بۆ ئەم کارە نا، لە دەوری دووەمی دا تووشی کەسێکی دیکە هات نەیتوانی بەرگری لە شەخسیەتی زانستی ئەندامانی کۆڕ بکا. بە فەرمانی حیزب ئیستیقالەی بە هەموو ئەندامان کرد من نەبم. بەلای ئەوەوە سەرۆکایەتی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان) لە سەرۆکایەتی کۆڕی زانیاری باڵاتر و گرنگترە.

ئەندامانی کۆڕ ئەوانەی ئیستیقالەیان دابوو لە پاشملە باسیان دەکرد و ئەم کارەی خۆیان بە هەڵە لە قەڵەم دەدا. من ئەوە نازانم دەسەڵات لە پاشاندا چی بۆ ئەمانە کرد، بەڵام هەڵوێستی بەرامبەر بە من ناشیرین بوو، بە درێژایی ژیانم تووشی ئەم جۆرە ئیهمال کردن و پاش گوێ خستنە نەهاتووم. منێك شەش حەوت ساڵ ئەندامی دەسگاییێکی زانستی بم، زۆر بە هێمنی و ئاسانی و بەبێ دەرکردنی هیچ فەرمانێك ئەنجومەنی کۆڕ ئیلغا بکرێ و کەسانێکی تر بە ڕەسمی لە جێگەی ئەوان دابنرێن.

من نیو سەدە زیاتر مووچەخۆر و مامۆستای سەرەتایی و ناوەندی و زانستگا بووم، تا مردنیش هەر بەم ناوە دەمێنمە، منەتم بەوە نەبوو خەڵات بکرێم، بەڵام ئایا لە قوتووی هیچ عەتارێك ئەوە شاردراوەتەوە بەبێ فەرمانی لابردن و دەرکردن، یا فەرمانی سوپاسگوزاری ئەگەر چاکەم کردبێ، یا فەرمانی مەحکەمەکردن ئەگەر خراپەم کردبێ، ناوم لە لیستەی ئەندامانی کۆڕی زانیاری ون بێ؟! ئەوجا زانایانی کۆڕی زانیاری تازەش یەکێك بکەن بە سەرنووسەری ڕۆژنامەکەیان کوردی نازانێ، من ڕێزم بۆی هەیە و یارمەتیم داوە لە قۆناغی خوێندنی بەرزیدا. لێرەدا ئەم قسەیەم لەبەرئەوەیە چونکە لەکاتی خۆیدا من سەرنووسەری کۆواری کۆڕ بووم.

**زیاد ڕەشاد: لە زۆر شوێندا تێڕوانینی تایبەتی خۆت سەبارەت بە یەکێتی نووسەران خستووەتە ڕوو، ئایا شەڕی تۆ لەگەڵ ئەم یەکێتییە بەردەوامە (ئەگەر گوزارشتەکە شیاو بێ)، ئایا شەڕەکە لەگەڵ خودی یەکێتییەکە (بە ناو و پرۆگرام و مێژووەکەیەوە)، یاخود لەگەڵ چەند کەسێکی ناو یەکێتی نووسەراندایە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** من هیچ جۆرە شەڕێکم لەگەڵ یەکێتیی نووسەران نییە، هیچ ناکۆکییەکم لەگەڵ ئەندامانی نییە. کورد دەڵێ چەم بێ چەقەڵ نابێ، لە هەموو دەسگاییێکی کارم تێیدا کردبێ چەقەڵی تێدا بووە. هەروەها هیچ کێشەییێکم لەگەڵ پرۆگرام و بەرنامەی نییە، چونکە بەرنامەی یەکێتیی نووسەران ئیمزای منی پێوەیە وەکو یەکێك لە دامەزرێنەرانی.

ئەم پرسیارە تازە نییە لەمن دەکرێ، هیوام وایە ئەمە بە کورتی دوا وەرام بێ بۆ ئەم مەسەلەیە.

لە ساڵی ١٩٦٩ لە بەغدا بووم. ئەو کاتە دامودەسگای پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی (التآخي) و ساڵح یووسفی کشابوونەوە ناو شۆڕش. جەماعەتی لیژنەی مەرکەزی لە بەغدا ڕۆژنامەی (النور)یان دەردەکرد. کۆمەڵێك شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیر من یەکێك بووم لەو زاتانە خۆمان کۆکردەوە بە ڕەسمی داوا لە حکومەت بکەین مۆڵەتی دەمەزراندنی (یەکێتی نووسەرانی کورد)مان پێ بدا.

لە ١٠ی شوباتی ١٩٧٠ مۆڵەتمان وەرگرت، ئەو ڕۆژەمان ناونا (ڕۆژی نووسەری کورد) لەدوای مانگێك بەیانی ١١ی مارتی ١٩٧٠ جاڕ درا، هەڵسوکەوت و خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی یەکەم گۆڕا، چونکە مۆڵەت لەسەردەمی دۆستایەتی جەماعەتی لیژنەی مەرکەزی لەگەڵ دەسەڵاتی بەغدا وەرگیرابوو. ئێستا ئەمانە لاکەوتن و نوێنەرانی فەرمانڕەوایی پارتی دیموکراتی کوردستان هاتنە بەغدا. یەکێتی نووسەران کەوتە دەست پارتی و بوو بە ڕێکخراوێك سەر بە خۆی.

هەژار ئاگاداری لە هیچ کاروبارێکی یەکێتی نووسەران نەبوو و بە درێژایی ژیانی هەر لە بەغدا بوو کەچی بە سەرۆکی یەکێتی نووسەران دەسنیشان کرا، لە دوای ئەو ساڵح یووسفی هەڵبژێردرا.

بەلای منەوە یەكێتی نووسەران لە ڕۆژی دروست بوونیەوە بوو بە مەیدانی دووبەرەكی و سێ بەرەكی لەنێوان فەرمانڕەوایی پارتی دیموكراتی كوردستان و جەماعەتی لیژنەی مەركەزی پارتی و حیزبی كۆمۆنیست و حیزبی بەعسی حاكمی عیراق. هەر كەسە و تا ئێستاش بۆ چاكە و بەژەوەندی خۆی بەكاری دەهێنا. بۆ ڕاستی و حەقیقەت پێویستە ئەوە بزانین جموجۆڵی من لەناو ئەم ڕێكخراوەدا دامەزراندنی لقەكانی كەركوك و سلێمانی و هەولێر، هەروەها یەكەمین سەرنووسەری دەورەی یەكەمی كۆواری "نووسەری كورد" بووم. ئەندامیەتیم لەناو ئەم یەكێتییە تا بەهاری (١٩٧٤) بوو، ئەمەش بەزۆری لەبەرئەوەبوو ساڵح یووسفی سەرۆكی یەكێتی بوو، ئارەزووی ئەوەی هەبوو لێی دوور نەكەومەوە، چونكە لە (كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كوردی)ش لە یەكتریەوە نزیك بووین، ئیتر لەساڵی (١٩٧٤)ەوە تا ئەم دەقیقەیە من ئەندامی ئەم ڕێكخراوە نیم و هیچ پێوەندییەكم پێیەوە نییە، هەر لە سەرەتاوە وەكو گوتم ڕێكخراوەكە بوو بە گۆڕەپانی فوتبۆڵ لەنێوان پارتی و لایەنگرانی لیژنەی مەركەزی (لەپاشاندا یەكێتی نیشتمانی) و كۆمۆنیست و بەعس تا ئەمڕۆ كێشەكە بەردەوامە.

**زیاد ڕەشاد: لەدوای ڕاپەڕینەوە زۆر لەسەر بەركابردنی ئەلف و بێی لاتینی قسە دەكرێت، بە بڕوای ئێوە بەكارهێنانی ئەلف و بێی لاتینی لە باتی هی عەرەبی، چ كێشەیەك چارەسەر دەكات و چ كێشەیەكیش دەنێتەوە، تۆ لەگەڵ پیادەكردنی ئەلفوبێی لاتینی دایت یاخود نا؟**

**د.مارف خەزنەدار:** لە بنجدا ئەلفوبێی لاتینی شتێكی نامۆ بوو بۆ كۆمەڵی كوردەواری، كەس باوەڕی بەوە نەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لە كۆمەڵی ئێمەدا پەیدا دەبێ، بەڵام لەدوای دابەش كردنی كوردستانی عوسمانی لەنێوان ئەو دەوڵەتە تازانەی لە ئەنجامی جەنگی یەكەمی گێتی (١٩١٤ ـ ١٩١٨) پەیدا بوون توركیا و

عـێراق و سـووریا، دەسـەڵاتی تورکیـای تـازە ئـەلفوبێی زمـانی تـورکی عوسمـانی ئەلفوبێی لاتینی گۆڕیەوە. ئیتر لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی تازەی تورکیا ئیعتیرافی بە بوونی میللەتی کوردیش نەدەکرد، بەڵام کوردی ئەوێ ناچار بوون لاسایی ئەوان بکەنەوە و ئەلفوبێی عەرەبی بکەن بە لاتینـی. لەپاشـاندا هـەموو کـوردی بـاکوور ئەوانەی بە دیالێکتی کرمانجی بـاکوور دەدوێـن واتـە کـوردی سـووریا و قەفقاسـی ڕووسیا و تا پلەیێك کوردی بادینانی عیراق مـەیلیان کەوتـە سـەر ئـەم ئەلفوبێیـە. ئەمە واقیعێکی کولتوری و ڕۆشنبیرییە حاڵی حازر لە زانست دەرچووە و بـووە بـە کێشەیێکی سیاسی. دەمێنێتەوە دیالێکتی کرمانجی خواروو کە لە ماوەی زیاتر لە دوو سەد ساڵ بووە بە زمانی نووسین لە کوردستانی عیراق و ئێران بەبێ پسانەوە بـەردەوام بـووە، ئێسـتا لــە ڕووی ڕۆشــنبیری و مەدەنییەتــەوە کــورد بــەو دەناسرێتەوە. بەڕاستیش گریمان ئەگەر بمانەوێ ئـەلفوبێی عـەرەبیمان بکـەین بـە لاتینی هەندێ تەنگوچەڵەمەی فۆنیم و فۆنێتێك و ڕاست نووسـینمان بـۆ جێبـەجێ دەکا وەکو (واو) و (یێ)ی بـزوێن و بێـدەنگ، بـەڵام لـە لاییێکـی دیکـەوە کۆمـەڵێك گیروگرفتی زۆر زیاتر و قووڵترمان بۆ دروست دەکا. بە هەموو جۆرێ نابێ بیر لەوە بکرێتەوە ئەلفوبێی زمانی کوردی لە کوردستانی عیراق و ئێران بکـرێ بـە لاتینـی، ئەمە جێی باس نییە، چونکە واقیعی مێژوو و میتۆدی زانستی ڕێگە بەوە نـادا بـیر لەوە بکرێتـەوە ئـەلفوبێی عـەرەبی لـە زمـانی کوردیـدا ببـێ بـە لاتینـی. هەرچـی ئەوەی کوردستانی باکووریشە ئێستا جێی باس نییە و جارێ بە ئـەلفوبێی لاتینـی بەستراوەتەوە. لەدواڕۆژدا بڕیار لەسەر کێشەیێکی زۆر گرنگی وەکو ئەمە دەدرێ.

**زیاد ڕەشاد: ئەی سەبارەت بە زمانی یەکگرتووی کوردی چـەندە گەشـبینی؟ بڵێی بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە بگەین؟**

**د.مارف خەزنەدار:** دەمێکە ئاگاداریم بڵاوکردۆتەوە کە واز بێنن لە گفتوگۆکردن لەسەر (زمانی یەکگرتووی کوردی)، چونکە ئەم مەسەلەیە لە مەیدانی زانستی چووەتە دەرەوە و بووە بە تەشقەڵەی سیاسی. لەسەر داوای ئێوە جارێکی دیکە بە کورتی لەم مەسەلەیە دەدوێم.

خۆشەویستانم! ئێمە دوو زمانی یەکگرتووی نووسینمان هەیە، کرمانجی باکوور و کرمانجی باشوور، بە هیچ جۆرێ زمانێکی دیکە یا تازەیان لێ دروست ناکرێ، ئەوەی لە کوردستانی عیراق بووە بە کێشە ناوچەی بادینان و دەشتی جزیرەی زاخۆیە. زمانی یەکگرتوویان کرمانجی باکوورە، ئەلفوبێیان عەرەبیە، بەپێچەوانەی هەواڵەکانیان لە دەرەوەی کوردستانی عیراق کە ئەلفوبێیان لاتینییە. من وای بە باش دەزانم خوێندەوارەکانیان چییان دەوێ ئەویان بۆ بکەن، کتێب بۆ قوتابخانەکانیان چاپ بکەن وەکو خۆیان دەیانەوێ.

**زیاد ڕەشاد: ئەو دەنگ و هەوڵە جۆراوجۆرانەی لێرە و لەوێ دەدرێن سەبارەت بە پێکهێنانی زمانی یەکگرتووی کوردی تا چەند لە ئاست قەبارەی کێشەکەدان؟**

**د.مارف خەزنەدار:** وەك لە وەرامی پرسیاری پێشوو گوتم ئێمە ئێستا دوو زمانی یەکگرتووی نووسینمان هەیە لە کوردستانی عیراق. لە هەردووکیان زمانێك دروست ناکرێ. یا دەبێ هەردوو زمانەکە لەناوەوە بن، یا دەبێ یەکێکیان بۆ ئەویتریان دابێنێ.

**زیاد ڕەشاد: تۆ چۆن لە هاوپەیمانی نێوان کورد و شیعە دەڕوانی، بەتایبەت کە دوای (٢٠٠٣) ڕەنگ و شێوەیەکی تازەی وەرگرت؟**

**د.مارف خەزنەدار:** شیعە وەکو مەزهەبێك و دیاردەیێکی ئیدیۆلۆجی لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوییەوە (١٥٠١م) بووە بە ڕەمزی میللەتی فارس و پەیدابوونی بیری (پان ئێرانیزم)، وەکو چۆن مەزهەبی سوننە بووە بە رەمزی میللەتی عەرەب. لە ڕووی ستراتیجییەوە هەڵوێستی شیعەی هەموو دنیا یەکێکە بەرامبەر بە سوننە، بێ گومان ئەمە کوردیش دەگرێتەوە وەکو میللەتێکی سوننە مەزهەب.

بەم پێیە لەناو ئایینزای شیعە فیکر و بیروباوەڕ و بۆچوونی جیاجیا هەیە، ئەمانە لە تاکتیکدا هەندێ لە یەکتری دوور دەکەونەوە، بەڵام بەگشتی بۆ یەك مەبەس تێدەکۆشن. بۆ بەڵگە لە عێراقی کۆن پشتی کوردیان دەگرت، چونکە بە هەر ڕەنگێك بێ کورد و شیعە تا پلەیێك دەچەوسێنرانەوە. لە دوای ڕاپەڕین لە کورد نزیك بوونەوە بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی بەعس. لە دوای ٢٠٠٣ کە لە بەغدا دەسەڵاتیان دەست کەوت هەندێ مافیان دا بە کورد. ئینجا ئێستا کە لەسەر پێ وەستان ئەگەر بۆیان بکرێ ئەو مافەی کورد لە سەردەمی فەرمانڕەوایی مەلیك هەیبوو بەناوی قانوونی زمانانی ناوچەیی (قانون اللغات المحلية) ئێستا ئەویشی لێ دەسێننەوە، ئاخوندەکانی فارسی ئێران و حیزبە شیعییەکانی عیراق و لوبنان دان بە مافی کورد نانێن یەکەم لەبەرئەوەی سوننەیە، ئینجا لەبەرئەوەی کوردە.

**زیاد ڕەشاد: بۆچی کورد هاوپەیمانی کەمتر لەگەڵ سوننەی عەرەب دەکات، دەشێ سوننەی عەرەبی عیراق وەك پاشماوەی بەعس سەیر بکرێت؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بەلای منەوە کورد پێویستە هاوپەیمانی لەگەڵ سوننە بکا، چونکە ئەمانە حەلیفی ستراتیجی میللەتی کوردن، هەرچی مەزهەبی شیعەشە پێوەندی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی خەڵك وای خواستووە حیزبی ئایینییان زۆربێ تا ڕادەیێك دەتوانین هەموو حیزبەکانیان بە حیزبی ئایینی حسێب بکەین.

لەپاشاندا ئەوەی یەکجار گرنگ بێ ئەوەیە بۆ چ هەر چی عەرەبی سوننەی عێراق هەیە لەسەر بەعس حسێب کراون! ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە، پرۆپاگەندەی شیعەیە، چونکە سەدام حوسێن سوننە بوو. خۆ لە لایێکی دیکەوە بە قسەی خۆیان کە زۆرینەن لە عێراق ژمارەیان لە ناو ئەندامانی حیزبی بەعسی باوەڕناکەم لە ئەوەی سوننە کەمتر بووبێ بەتایبەتی لە خوارەوەی حیزب نەك لەسەرەوە. لە پاش ڕووخان و تالآنی بەغدا هیچ حسێبێك لەگەڵ شیعەیێك نەکرا بەناوی ئەوەی بەعسی بووبێ.

**زیاد ڕەشاد: بەعس و کلتوری عەرەبی چەندە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە؟ دەشێ بەهۆی ئەوەی بەعسی عەرەب بوو لە کتێبخانە و ڕۆشنبیری عەرەبی خۆمان بێ نیاز بکەین؟**

**د.مارف خەزنەدار:** کولتووری میللەتی عەرەب بەعسی نییە، لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە کولتووری بەعس بوو بە بەشێك لە کولتووری عەرەب. ئەم دیاردەیە لە هەموو کۆمەڵێك ئادەمزادی سەر ڕووی زەوی ڕووداوێکی تەبیعییە. لەپاشاندا کەوتنە ناوەوەی دروشمی (یەکێتی، سەربەستی، سۆسیالیزم) لە دوای جەنگی گێتی لە لایەن میشێل عەفلەق و کەسانی دیکەوە مەسەلەیێکی چارەنووسی بوو بۆ یەکگرتنی عەرەب و دروست کردنی دەوڵەتێکی بەهێز لە باتی چەند دەوڵەتێکی بێ هێز. ئەمە لە پێشاندا تیۆری بوو، لە پاشاندا کە لە عێراق و سووریا پراکتیك کرا کارەساتی لێ کەوتەوە نەك تەنیا بە نیسبەت ئەو میللەتانەی لەگەڵ عەرەب دەژین بەڵکو لەگەڵ عەرەب خۆی. ئێستا مەفهوم و دەسەڵاتی بەعس نەك تەنیا لاوازبووە، بەڵکو گۆڕانیشی بەسەردا هاتووە، هەندێ جار لە

مردن نزیك دەبێتەوە، ئەگەر توانای هەڵسانەوەی هەبێ لە دوارۆژدا بە جۆرێکی دیکە خۆی دەنوێنێ.

تۆ دەڵێی عەرەب بەعسە، ئەمە ڕاست نییە، کولتووری بەعس لە دڵۆپێکیش کەمترە لەناو ڕووباری مەدەنییەتی عەرەب، لەبەرئەوە نابێ ئێمە دەست لەو خێر و بەرەکەتە هەڵگرین کە لەناو نامەخانەی قەومی عەرەبی دەستمان دەکەوێ. بەم جۆرە نە هەموو نووسراوی عەرەبی فەلسەفەی بەعس دەنوێنێ و نە هەموو تاکێکی عەرەبیش سەدام حوسێنە. ڕۆژی ئەمڕۆ نامەخانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی سەرچاوەیێکی گرنگن بۆ خوێنەر و خوێندەواری کورد، لەگەڵ ئەوەش دا پێویستە زمانێکی ئەوروپاییشی لەگەڵ دابێ.

**زیاد ڕەشاد: نووسینەوەی یادداشت تا دوای راپەڕین لەلایەن نووسەر و ئەدیب و کەسایەتییە کوردەکانەوە زۆر کەم بەدی دەکرا، ئێستا زۆر بووە، ئەو یادداشتانە دەخوێنیتەوە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** بەڵێ، ئەوانەی بە دەستم دەکەون دەیانخوێنمەوە. ئەوانەی ئێمە هەموویان بە یەك شێواز دەنووسرێنەوە و ناوەڕۆکیان تەنیا بابەتێکە و بە زۆریش سیاسییە. زانیاری ناو هەندێ لەم یادداشتانە جێگەی باوەڕ نین. بۆ بەڵگە یادداشتی چەند کەسێکم خوێندووەتەوە بیروڕا و بۆچوونیان لەناو حیزبێکی دیاریکراو دەگێڕنەوە، بەڵام زانیارییەکانیان لە مەسەلەیێك بە پێچەوانەی یەکترین، هەندێکی ئەم زانیارییانە فریان بەسەر ڕاستییەوە نییە، چونکە لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانم.

لەو یادداشتە کوردییانەی دەست من کەوتوون بە عەرەبی یا کوردی لەلایەن کوردەوە نووسرابن هەندێ ڕاستی و بۆچوونی لۆجیکیم تیایاندا بەدی کردووە، بەتایبەتی لە یادداشتی بەهائەدینی نووری.

**زیاد ڕەشاد:** یادداشتنووسی کورد چ جیاوازییەکی لەگەڵ یادداشتنووسی میللەتاندا هەیە؟

**د.مارف خەزنەدار:** لەلای میللەتانی بێگانە یادداشت نووس هەوڵ دەدا تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیانی خۆی بۆ خەڵکی و نەوەی داهاتوو بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی سوودی بۆیان هەبێ، کەچی ئەوانەی لای ئێمە بە زۆری یادداشت دەنووسن بۆ ئەوەی خۆیان بکەن بە قارەمانی بابەتەکە، لەبەرئەوە هەست دەکەی ئەو کەسانەی یادداشتیان نووسیوەتەوە و ئەندامی حیزبێکی دیاریکراو بوون هەر یەکەیان خۆی دەکا بە خاوەن و دامەزرێنەری حیزبەکە.

**زیاد ڕەشاد:** بەرگی یەکەم و دووەمی (ڕۆژگاری من)ت بڵاو کردەوە ئایا چەند بەرگی تری ماوە؟

**د.مارف خەزنەدار:** ڕۆژگاری من لەوانەیە بە حەوت بەرگ کۆتایی پێ بێ. بەرگی سێییەم و چوارەم گێڕانەوەی بەسەرهات و بینینی ژیانی ڕووسیامە (١٩٦٠ ـ ١٩٦٨). بەرگەکانی دیکە گێڕانەوەی ڕووداوی ساڵانی پاش (١٩٦٨)ە تا ساڵی (١٩٩١). لە دوای ئەوە پرۆژەکەم راگرتووە، لە توانامدا نییە باسی لێوە بکەم.

**زیاد ڕەشاد:** لەم کتێبەتدا یادداشتی ژیانت دەنووسیتەوە، یان تەنیا باسی ئەزموونی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆت دەکەیت؟

**د.مارف خەزنەدار:** ئەم کتێبە باس لە ژیانی من ناکا وەك بیۆگرافیا، یا ئەفتۆ بیۆگرافیا، بەڵکو باسێکە تەنیا لەگەڵ شەخسی دووەم، واتە من خۆم یەکەمم باس لەوانە دەکەم کە دیومن و قسەم لەگەڵیاندا کردووە و پێکەوە ژیاوین. باسی زۆر شتم کردووە، بەڵام ئەوەی زۆرتر ناوی هاتووە قەڵەم و کاغەز و کتێب و نامەخانە و مۆزە و قوتابی و شتی ترە، خواردەمەنی و تەبیعەت و گوڵ و کچ و ژنی جوانم لەبیر نەچووە.

وەکو جارێکی دیکەش گوتوومە، ڕەنگە هەموو کەس هەرچی لە ڕۆژگاری مندا نووسراوە هەمووی بە دڵ نەبێ، بەڵام لەوە دڵنیام کەس نییە هەمووی ڕەفز بکا، لەبەرئەوە خوێنەری هەیە.

**زیاد ڕەشاد: جگە لە (ڕۆژگاری من) چی دیکەت لەبەردەستە؟**

**د.مارف خەزنەدار:** لە منداڵییەوە هۆگری عومەر خەیام بووم، پێش ئەوەی بچمە حوجرەی مزگەوت کتێبە بەرگ ڕەشەکەی چوارینەکانی عومەر خەیام بە زمانی تورکی و فارسی لە دانانی (حوسێن دانش) لەناو دەلاقەکانی ژووری دایکم بوو، نازانم بۆچ قورئان و ئەم خەیامەم پێ کتێب بوو.

لە پۆلی سێیەمی قوتابخانەی سەرەتایی بووم لە ستۆدیۆی وێنەی هونەراوی (گیوی موکریانی) چاوەنۆڕ بووم باوکم بێ بمبا بۆماڵەوە. لەو کاتەدا لەگەڵ گیو باسی (عومەر خەیام) هاتە ناوەوە، پێی ناخۆش بوو باس لە چوارینەکای خەیام بکرێ ئەوانەی گۆڕاونەتە سەر زمانی تورکی، دەیگوت پێویستە ئەسڵە فارسییەکەی بخوێنرێ، ئەمە لەبەرئەوە بوو گیو گرێی سایکۆلۆجی هەبوو بەرامبەر بە وشەی (تورك). ئێمە لەم قسانە بووین گیو گوتی: دەزانی خەیام کورد

بوو؟ گوتم: نا، چۆن؟ گوتی: ئاخر عەجەم هەموویان شیعەن، ڕقیان لە عومەرە، لەبەرئەوە خەیام کوردە. ئیتر لەبەرئەوەی منداڵ بووم، شتم نەدەزانی بۆیە پێکەنینم نەهات.

وەك گوتم لە منداڵییەوە هۆگری خەیامم، دەلاقەیێکی تایبەتی لە نامەخانەکەماندا بۆ خەیام دانراوە، دۆسیەی خەیام لەبەردەستمە، ناوەناوە خەریکی دەبم، بەڵام بۆم تەواو ناکرێ، نازانم ئەو ئەنجامەی بیرم لێ کردووەتەوە دەتوانم بیگەمێ یا نا؟!

ئەنجامەکە بە کورتی ئەمەیە "خەیام شاعیرێکی کۆزمۆسییە (کەونییە) وێنەکانی هەستی شاعیرییەتێکن بەرهەمێکی وای داهێناوە لە ئاست هونەر و خەیاڵ و ئیلهامێکی بەرزە پێوەندی بە زمان و زاراوە و لێکسیکۆن و کێش و قافیە و نەغەم و مۆسیقا و ریتمەوە نیە، لەبەرئەوە، ڕەنگە هەندێ لە وەرگێڕانەکانی بۆ گەلێ لە زمانانی دنیا بەتایبەتی ئەوەی فیتز جیرالد لە ئەسڵی فارسییەکە جوانتر بن". نازانم ئەم خەیامەم بۆ تەواو دەکرێ یا نا!

**زیاد ڕەشاد:** ئەمانە بە چەند دێڕێک: (نالی، شوکور مستەفا، هەولێر، مێژووی ئەدەبی کوردی)....

**د.مارف خەزنەدار:** نالی/ شیعری نالی لە ڕووی داهێنانی ئیستێتیکییەوە ئەوەندە بەرزە زمانی کوردی و زمانانی دیکە بەشی ناکەن. ئەم شارەزوورییە ئەگەر کورد نەبوایە ناوی لەسەر زاری هەموو کەسێك دەبوو ئەوانەی وێنەی شاعیرە گەورەکانی میللەتانی گێتی لەسەر شانۆی خەیاڵیان ئاوا نابێ.

شوکور مستەفا/ مەلا شوکور کەسێك بوو مەلای دوازدە عیلم لە گۆڕەپانی فیکری ئیسلامیدا. لە عیلمی قوتابخانەی تازە سەرکەوتوو و عەرەبی زان و تورکی زانێکی

باش بوو. لەگەڵ فارسی ئاشنا بوو، خزمەتی بۆ کەلتوری کوردی لەبەرچاوە. ئەو کەسە هەندێ جار ئەوەندە موتەوازیع بوو کەسانی وای بە مامۆستای خۆی دەزانی زۆر لەوان زیرەکتر بوو. لە شێوازی نووسینی پەخشانی کوردی ساتمەی دەکرد، هەندێ جار پەلەی دەکرد، وشە و تەعبیری زۆری بە جارێك لە زمانی قسەکردنی ناو بازاڕی هەولێر و مەهاباد دەهێنایە ناو زمانی ئەدەبی یەکگرتووی نووسینی کوردییەوە. بێ گومان ئەم کارە ئەگەر قازانجی نەبووبێ زیانیشی نەبووە، چونکە نەدەبووە سەرچاوە بۆ ئەوەی خوێندەواری تازەپێشگەیشتوو لاسایی بکەنەوە، بەگشتی جێ پەنجەی شوکور مستەفا لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردی ڕوون و لەبەرچاوە.

هەولێر/ هەولێر لانەی لەدایك بوونمە، مەڵبەندی بیرەوەری منداڵیمە لە گەڕەکی تەعجیل (سەعدووناوە)، بەڵام هەموو کەسێك ئەگەر یەك مەڵبەندی بیرەوەری سەردەمی منداڵی هەبێ من سەعدووناوەی هەولێر و کانی ئاسکانی سلێمانی و ئیمام قاسمی کەرکووکم هەیە.

مێژووی ئەدەبی کوردی/ هەوەسی بنچینەیی ژیانی خوێندەواریم بوو لە منداڵییەوە تا ئێستا. زۆر بەختیارم بەوەی لە ژیانی خۆمدا ئەم یادگارەم کەوتە دەست خوێنەر و خوێندەواری کوردەوە.

حوزەیرانی ٢٠٠٩

❑



موحسین جوامێر:

# زمانێکی یەکگرتوو زۆر گرنگترە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان

* **موحسین جوامێر** لە ١٧ی نیسانی ١٩٤٨ لە گەڕەکی (سەعدوناوە)ی شاری هەولێر لە دایك بووە.
* لەساڵی ١٩٦٩ خانەی مامۆستایانی هەولێری تەواو کردووە، پاش ١٠ ساڵ مامۆستایەتی چووەتە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەددین.
* لە قۆناغی دووەمی بەشی کۆمەڵناسیدا، کوردستان جێدێڵێت و سەرەتا دەچێتە ئێران، پاشان ڕوو لە تورکیا دەکات، لە ساڵی ١٩٨٤ ەوە دەڕوات بۆ سوێد و تا ئێستا لەوێ نیشتەجێیە.
* ناوێکی دیاری نێوەندی ڕۆشنبیریی کوردییە، چەندین هەوڵ و وتاری لە بوارەکانی زمان و فەرهەنگ و ڕۆژنامەوانیدا هەیە.

**زیاد ڕەشاد: سەرەتا بە چی دەستت پێ کرد؟ کێ کاریگەری هەبوو لەسەر تۆ؟**

**موحسین جوامێر**: دایکم (صافیە عەلی قازی) هەرچەندە هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندبووی، وەلێ سەلیقەیەکی شیعریی عەجایبی هەبوو، هەموو جار لەسەر کۆلی (جلشۆردن) بانگی دەکردمێ، دەیگوت: "وەرە موحسین شیعرم لۆ هات، هەتا لە بیرم نەچووە لۆمی بنووسەوە!" منیش قەت نەمدەگوت نا.. وابزانم ئەو تۆزە بە یەکەوە ژیانەی تا ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١ دەوامی کرد، کاری زۆری لەسەر من هەبوو و پاشان عەشقی باوکم بۆ موتالاّ و کتێب، ڕۆڵەکەی دایکمی تەواو کرد.. دایکم زۆر زوو کۆچی کرد، ئێستەیش نازانم بۆ و هۆیەکەی چی بوو.. ئەوەندەیش گوێگر و یارمەتیدەر بووم بۆی، هەموو جارێ پێی دەگوتم "موحسینم کچە نەك کوڕ.." هەر دەتگوت دەیزانی زوو دەمرێت و بۆ ژیانێکی زۆر سەختم بەجێدێڵێت کە هیچ خۆزگە و ئۆخەیەکم تێدا بەدی نەکرد، هەتا خوشك و براکانیشم کە حەوت دانە بوون.. لە بیرمە (صائیبە خان)ی خوشکم بەڕەحمەت بێ، ئەوسا هەشت ساڵان بوو و ببوو بە دایکمان، دەچوو لەملا بامیەی لەسەر ئاگر دادەنا و لەولاش ساپساپانێی دەکرد، بامیەکە سووتا، بەستەزمان لێدانیشی لەسەر خوارد.. جارێکیان لەگەڵ (نەجیبە خان)ی خوشکم خانووچکەیەکیان لە باخچەی ماڵێ دروست کردبوو، هەر لەوێشدا ساواریان لێنابوو، هەموو پێکەوە لەوێ نانمان خوارد.. با ئەوەیش بڵێم، گەسك لێدان بە زۆری کاری من بوو لە ماڵەوە، کە هاتمە سوێد دوو مانگ کەنناسیان پێکردم، خاوەن شەریکەکە زۆر ڕای لێم بوو، حەزی دەکرد عەقدەکەی لەگەڵدا نوێ بکەمەوە.

**زیاد ڕەشاد: لە لاویت و سەرەتای دەستکردنت بە نووسین، کێ کاری تێ کردووی و هاندەرت بوو؟**

**موحسین جوامێر**: هەر وەك گوتم باوکم محەممەد سابیر ئیسماعیل (مەشهور بە مەلا سابیر) ڕۆشنبیرێکی هەمەلایەنە و کتێبخوێنێکی فرەلێهاتوو بوو، هەموو

کتێبێکی دەخوێندەوە و هەمیشەش موناقەشەی دەکرد.. هەوڵم دەدا ئەو کتێبە قورسانەی دەیخوێندنەوە، بیانخوێنمەوە، وەکو کتێبەکانی فرۆید و مارکس و کتێبەکانی مەنفەلووتی و ئیحسان عەبدولقوددوس و یوسف ئەلسوباعی و هتد... هەڵبەت ئەو وەختە کتێبی کوردی بەدەگمەن دەردەچوون، کۆنەکانیش زۆر جار یان دەسووتێندران یاخود لە بەین دەچوون.. دەتوانم بڵێم دارولموعەلمین و ئەو مامۆستایانەی ئەو سەردەمە وەکوو م. حەمەکەریم هەورامی و م. موحسین محەمەد حوسێن و م. ناسر یوسف، کارێکی زۆریان لەسەر نەشونمای فکریمدا هەبوو.

لە بیرمە لە قوتابخانەی ناوەندی بووم کە ئارەزووم کەوتە سەر خوێندنەوەی قامووس، ئەوە بوو دەستم بە خوێندنەوەی (المنجد)ی لویس مەعلووف کرد، پاشان بە قامووسە کوردییەکاندا هاتم، بەتایبەتی فەرهەنگی (خاڵ)م زۆر خۆش ویست و سەرلەبەریم خوێندەوە، ناشزانم بۆ لەنێو پیتەکاندا حەزم لە پیتی (س) بوو، ئێستەیش حەز دەکەم سەدبارە بیخوێنمەوە.. ئەو ئەشقە وای کرد زۆربەی قامووسی عەرەبی و کوردی بکڕم و پاشان زۆربەی فەرهەنگە فارسی و تورکی و سوێدییەکانیشم هەبن.. بەری ئەو دڵدارییە ئەوە بوو قامووسێکی قورئان بە ڕاڤەی کوردی دابنێم و ئامادەی چاپە.

**زیاد ڕەشاد: مەحمود زامدار، لە شوێنێکدا باس لە جەنابت و کۆمەڵێک نووسەری دیکە دەکات، کە وەک یەک وەچە (جیل)، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا چالاکیی ڕۆشنبیرییتان نواندووە، دەکرێ بپرسم خولیا و خەمی ئەوسای ڕۆشنبیرییتان چی بوو؟**

**موحسین جوامێر**: من یەکێك بووم لە کۆمەڵێك لە پێکهاتە ڕۆشنبیرییەکەی ئەوسا کە هەر چاوی هەڵێنا لە بێبەختی و دەربەدەری زێتر، هیچی دیکەی نەدی.. هەولێریش لە شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا هێشتا بچکۆلانە بوو، دەکرێ بگوترێت ئەو سەردەمە دەستپێکی ژیانێکی سەختی کوردەواری بوو.. ئێمە کۆمەڵە

گەنجێکی هاوتەمەن بووین، کەم وا دەبوو ڕۆژێ چەند جارێك یەکدی نەبینین و نەکەوینە دنیای باسوخواسی هەمەجۆرە، هەر یەکێکیش لە ئاوازێك دەیخوێند.. دەتوانم بڵێم جیاوازی بیر و بۆچوون ئەوەندە نەدەبووە هۆی لێکدابڕان، مەگەر بۆ ماوەیەکی کورت.. لەبیرمە چەندین جار لەگەڵ مامۆستا عەزیز گەردیدا لێك زیز دەبووین، وەلێ ئێوارە یان من دەچوومە لای، یان ئەو دەهات.. لەگەڵ بیری زۆر لەنەمامانی ئەوسا هاوتا بووم، بە تایبەتیش لە هەوا و کەڵکەڵەی کوردایەتیدا، وەك مامۆستایان: مەحمود زامدار، عەزیز گەردی، محەمەد کەریم شەریف، حیسام بەرزنجی، ئیبراهیم ئەحمەد شوان، ئەحمەد حەمەدەمین، سەعد مەلا عەبدوڵڵا، عەلی جوکل، سامی شۆڕش، سۆران عیززەددین فەیزی، عەبدولخالیق سەرسام، فوئاد چەلەبی، موخلیس یوونس، عەبدوڵڵا حەداد، نەوزاد ڕەفعەت، جەمیل ڕەنجبەر، جەلال بەرزنجی، نەژاد عەزیز سورمێ، مەجید هێرش و مەجید خەمناك.. ناشبێ ڕۆڵی مامۆستا گیوی موکریانی خودانی چاپخانەی کوردستان لە بیر بکرێت، کە دوکانەکەی ببووە وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی ڕۆشنبیر و ئەدیبانی تازەفەریکدا، هەروەها چاپخانەی عوسمان دەرگەڵەیی (کە دەکەوتە تەنیشت پەیکەری مام گیو) و بەڕاستی مەکۆی کوردایەتی بوو، دیسان گازینۆی (لەیالی ئەربیل)ی پشتی قەڵا و چاپخانەی عەبۆ و کتێبخانەی سۆلاف و تەئمیم و خۆشناو، هەروەها ڕۆژنامەی هەولێر کە بەسەرپەرشتیی مامۆستا محەمەد مەولوود (مەم) دەردەچوو.

لێرەدا دەتوانم بڵێم کە مامۆستا مەحموود زامدار شوێنێکی هەرە تایبەتیی هەبوو، لە ڕاکێشانی سەرنجی لاوانی ئەوێ سەردەمێ، خۆی لە قەرەی هەموو بابەتێك دەدا، بە مولحید و عەبەسی و مسقۆفیش لە قەڵەم درابوو، هەڵبەت ئەو وەختە.. بەڵکوو دەتوانم بڵێم تێزەکانی زامدار، خوێنێك بوون لە جەستەی بیر و هزری نەمامانی ڕۆشنبیری کوردی ئەوسا دەگەڕا.

هەڵبەت پاش١٩٧١ گۆڕانكارییەكی تازە بەسەر ژیانی هزریمدا هات، ئـەویش دوای خوێندنەوەیەكی نوێ بۆ بیر و باوەڕەكان و توێژینەوەیەكی گەنجانەی دیكە بۆ واقیـع و هۆكاری كێشەكان چ لـە لـە نـاوەوە و چ لـە دەرەوی وڵات، پەیوەنـدییش (كـەم تـا زۆر) هەر مابوو.

**زیاد ڕەشاد: ماوەیەك لەمەوبەر بابەتێكت لەسەر زمان و دیالێكتـەكانی كـوردی بـڵاو كـردەوە، نیمچـە هـەرا و زەنایـەكی لێ كەوتـەوە.. دەكـرێ بـە كـورتی سـەرنجەكانت لـەمبارەوە بخەیتـە ڕوو؟ پاشـان تـۆ لـەم سـەرنجانەت بـە چـی پشتئەستوری؟**

**موحسین جوامێر**: من زێتر لە حەوت دانە وتارم لەسەر ئەم بابەتە نووسیوە، دوای ئەوەی هەستم كرد كە كورد خەریكە ڕووبەڕووی گـەورەترین و ترسـناكترین مەترسـی دەبێتـەوە كـە ئـەویش بـەرپاكردنی چـەند زاراوە و لەهجەیـەكی كوردییـە وەك چـەند زمانگەلی ستانداردی كـوردی.. هەڵبـەت ئـەو پیلانـەش پیلانێكـی دەرەكـی نییـە، بـە قەدەر ئەوەی نەفامییەكی خۆماڵییـە و خولقانـدنی چـەند زمانێكـە لـەناو كۆمەڵگـەی كوردەواریدا، كە ئەمەش بە تەحقیق بۆ ئەوە دەمانبـات كـە وەك كـورد نەمێنینـەوە، بگرە ببین بە شعوب و قەبائیل.

من هەمیشە گوتوومە كە لەهجەكان تا ڕۆژی قالو بەلایێ (قیامەت) هـەر دەمێـنن و جێگەی ئیفتیخاری هەر یەكێكن، وەلێ نەك لەسەر حیسابی زمانی ستاندارد و دایك كە دەبێ (ئەگەر خۆمان بە كورد بزانین) بە هەمومان نازی بكێشـین، چـونكە بەهەشـتی زمان لەژێر پێی ئەودایە.!

هەبوونی دوو شێوەی ستاندارد لەنێو میللەتێكدا، واتای دوو میللەتی دەگەیەنێت، چ جای سێ و چـوار لەهجـە. هـەروەها هـەبوونی دوو ئـەلفبا، هـەمان شـتە.. هـەموو كەسێكیش دەزانێت كە هەموو میللـەتێك دەیـان لەهجـەی هەیـە و هـەبووە، خۆشـیی

بوو‌بێت و ترشیی بوو‌بێت یەکێکی کردووەتە سەردار و باقییەکەش ژێردار و لە بنسێبەردا ژیانیان بردووەتە سەر.

زۆر کەس بە ناوی دیموکراسییەت ئەو داوایە دەکەن، نازانن کە ئەو مەسەلەیە لەو حاڵەتانەیە ئەوەندەی پێوەندی بە سەپاندن هەیە، ئەوەندە پێوەندی بە چەمك و بڕوای دیکەوە نییە، دەق وەکو مەسەلەی فێربوونی خوێندن و نووسین وایە، کە پیاو بیەوێ و نەیەوێ هەر دەبێت فێریان بێت و بۆ زەوق و میزاجی کەس ناهێلرێتەوە.. بۆیە ئەو ئازادییەی ئێستا هەیە، نابێ وامان لێبکات ناسنامەی یەکگرتوومان بشێوێنێت و لە ئاخرەکەی وەك کورد نەمانهێڵێتەوە.

لە٣/٤/٢٠٠٧ لە موحازەرەیەکدا بە ناوی (بەلانس لەنێوان خواردن و وەرزشدا) کە لەلایەن خاتوونێکی سوێدییەوە پێشکەش کرا، لە کۆتاییدا پێشکەشکەر گوتی: ئەم بابەتەش بەم زمانانە دەست دەکەوێ، یەك لە زمانەکان (سۆرانی) بوو نەك (کوردی).. ئا لەم ساتەدا بۆم دەرکەوت ئەگەر چاری خۆمان نەکەین، هەتا لەبەرچاوی نەتەوەی تریشدا هەرگیز وەك یەك نەتەوە نامێنین. هۆی گوتنی قسەی گۆرین لەسەر زاری سوێدییەکە، ئەوەیە چونکە کورد لە سوێددا بە پێنج زاراوە دەخوێنن: سۆرانی، کرمانجی، بادینی، زازایی و فەیلی.. ڕۆژێك قوتابییەکم کتێبێکی هێنا و گوتی دایکم بێژێ بەو زوانە فێرم بکە، سەیرم کرد بە شێوەی (سنەیی)یە!

ئەوەی لە سەیران سەیرترە، ئەوەیە، کاتێ مەسەلەی زمان و وروژاندنی بە مەسەلەگەلی سیاسییەوە گرێ دەدرێ، هەروەك لە نووسینی هێندێ برادەراندا تێبینی دەکرا.. لەجیاتی ئەوەی گەنکەشە و موناقەشەم لەگەڵدا بکەن، دەیانبردمە دنیای سیاسەت. بۆچوونی ئاوا، مەسەلەکە لە بواری زانست دەردەکات، جگە لەوەی دەرکەی چارەسەرییش لە ڕووی لێکۆڵەرەوان دادەخات.. ئەو دوو لەهجەیەش (بەداخەوە) بەری شەڕی ناوخۆیە، بۆیە وەك چۆن بۆ یەکگرتنەوەی دامودەزگەکان کۆشش دەکرێ، دەبێت ئاوەها و زیاتریش لەسەر ئەم خەتە کار بکرێت، بگرە دەبێ

سات و کاتێك بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردە ترسناکە (کە لە دنیای میللەتی هۆشیاردا نموونەی نییە) بە یەکجاری نەمێنێت. هەنووکەش، زمانێکی یەکگرتوو زۆر گرنگترە لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان. هەر یەکێکیش بڵێ بلا لێگەڕێن هەر لەهجەیەك بۆ خۆی گەشە بکا، ئەوجا ڕۆژگار بەخۆی چارەسەری کێشەکە دەکا، بەوەی ترکوخوا (ڕێکەوت، سودفە) دەبنە یەك، ئەوا با بچێت غوسڵ لە فیکر و عیلمی خۆی دەربکا، ئەوجا بێت فەلسەفەی جەهل بە (سروشتی لەهجە لە بوون بە زمان) بە ئەوانیدیکە بفرۆشێت.

**زیاد ڕەشاد: وابزانم چەند ساڵێك لە سوێددا سەرپەرشتی گۆڤاری (هەڵەبجە)تان دەکرد، لە گۆڤارەکەدا زێتر بایەختان بە چی دەدا؟**

**موحسین جوامێر**: گۆڤاری هەڵەبجە دەنگێك بوو، لە کاتێکدا دەرچوو کە بڕیاری قڕانی کوردان درابوو، کەم کەس داکۆکیی لە لێقەوماوان دەکرد یان سەر و ساختی لەگەڵ کێشەی کورددا هەبوو.. لە ماوەی دە ساڵاندا ٣١ ژمارەی لێدەرچوو، هەر دەتگوت دە ڕۆژە و لە تەمەنمان چوو.. خەڵکێکی زۆری بەدەوردا کۆبووەوە، قسەی دڵی زۆرانی دەکرد و لێنەدەبووەوە.. ڕۆژ نەبوو نامە و پەیامی لە وڵاتانی عەرەب و ئیسلامیدا بۆ نەیەت و مەسەلەکەمان بەسەر نەکاتەوە. لێرەدا دەکرێ ڕۆڵی مامۆستا جەلال بەرزنجی و کاك ئەلیاس ئیبراهیم بە ڕێزەوە تۆمار بکرێت کە لە سەردەمی دێوەکەی بەغدا و هەڕەتی هێزی دەست و پێیەکانی لە دەرەوەی وڵاتیشدا، چاکی کوردستانییەتیان بەلادا کردبوو و بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵومان بە دنیادا، خەوی شیرینی شەویان لەخۆ حەرام کردبوو.. هەروەها کاك حەیدەر حەیدەری و کاك وەلید حەیدەری کە لەدوای ڕاپەڕیندا فریامان کەوتن و ئەرکەکانیان سووکتر کرد.

**زیاد ڕەشاد: ئەی چالاکی و بزاڤی ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەوروپا بەگشتی و سوێد بەتایبەتی چۆنە؟**

**موحسین جوامێر**: دەتوانم بێژم سەبارەت بە داهێنانی ئینتەرنێتەوە، گۆڕانێك لە زۆر لە بوارەکانی ڕۆشنبیری هاتووەتە ئاراوە، جگە لەوەی بەشێکی تەواو لە وان ڕۆشنبیران لە بیر و کەلکەڵەی گەڕانەوەن، وەلێ لە هەردوو دینان بوونە، نە دەگەڕێنەوە بە یەکجاری و نە حەوسەڵەی نووسینیشیان هەیە لێرە، ڕەنگبێ ئەو دیاردە دڵخۆشکەرانەی لە کوردستان سەریان هەڵداوە، بووبێتنە ئەگەری ئەوە کوردە قەڵەمبەدەستەکانی ئەورووپا کەمێك لە نووسین بکەن ماڵئاوا. لە لایەکی دیکەیشەوە، نووسەرە کوردە عەرەبینووسەکان چاکی نووسینیان بەلادا کردووە، لە سەر و قەپۆزی ئەوان نەیاران دەدەنەوە کە لە سیانی قیندا ڕەگاژۆ بوونە و هەموو خەباتیان بۆ ئەوەیە کورد بگا بە سەروبەندی: هانەهان و مشەمش، ئەزیەت زۆری قازانج چش. !

**زیاد ڕەشاد: ئەو چەندساڵەی لە هەندەران بوویت چی فێربووی؟ یا با بڵێین هەندەران چی پێ بەخشیوی؟**

**موحسین جوامێر**: خۆی چوونە دەرەوە دەرگای هزر و بیر و بەراورد لە ڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە، بەتایبەتی کاتێ لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە دەچیتە دنیایەکی کراوە.. بەندە لەو سەردەمەی کۆمەنیست بووم، بێدین بووم، وەلێ هەرگیز مسقۆف (مولحید) نەبوومە.. کە دەیانگوت ئەو دنیایە لە خۆوە و بە ڕێکەوت هاتووەتە کایەوە، لام فشە بوو، زانست نەبوو، ڕەشکە و پێشکە بوو.. کە هاتمە هەندەران، دینی خۆم زێتر خۆش ویست و خۆم نەدۆڕاند، لێرە زانیم کە دنیای بێدین سەقەتە و هەر کێ نەیبێت (فكأنما خر من السماء فتخطفه الطير أو تهوي به الريح فى مكان سحيق) وەك ئەو کەسە وایە لە ئاسمانەوە سەرەنگرێ بووبێت، ئەنجا باڵندە و پەلەوەر پڕیان دابێتێ.. یاخود وەك ئەو کەسە وایە بایەکی بەهێز هاتبێ و بۆ شوێنێکی هەرەدوور و لاچەپ، قەپاندبێتی. !

لەگەڵ خۆشەویستیم بۆ هەموو دینێك و ڕێزم بۆ هەر بیروباوەڕێك و بڕوای پتەوم بە (لكم دینكم ولي دین)، هەتا نەهاتمە دەرەوە و ژیار و شارستانییەتم نەدیت، نەمزانی كە دینی من چەندە تۆكمە و دانسقە و ناوازایە، بەڕاستی هی ئاسمانە و هی دەست و قەڵەمی نەخوێندەوارێك نییە كە لە زانیاریدا دەستكورت و تازەیە.

ئەوەی گوتم وەڵامێكی بچكۆلانە بوو بۆ پرسیارێكی خنجیلانە.. دەزانم هەر بەوەندە تینوویەتیتان ناشكێ، وەلێ باقییەكەی با لەنێو دوو نانی گەرمدا بێت.. كاشكێ، ئەگەر زوو نەخرامە نێو دوو بەردان، چ لە سوێد بێ یان لە هەولێرێ یان لە ناوپردان، ئەوا دەشێ شتی دیكە بژنەون لەمامتان.

**زیاد ڕەشاد: بە تەما نیت بەیەكجاری بگەڕێیتەوە بۆ كوردستان؟**

**موحسین جوامێر**: چۆن نا! هەموو جار دەڵێم ئەمجارە دەمێنمەوە.. بەس كە لەپاڵ ئەو هەموو كاری ئاوەدانكردنەوەیەی كوردستاندا، نادڵسۆزیی دكتۆران و پیس‌وپۆخڵیی خەستەخانە و موختەبەران دەبینم، یان زەین دەدەمە گەندەڵیی دایەرە و فەرمانگەكان، یان سەیری گەڕەلاوژەی ڕێنووس و بێخاوەنیی زمان و كتێبی كوردی دەكەم، یان سەرنج دەدەمە شەقامە بێنازەكان كە هێشتا پیاو نازانێت چۆن و لەكوێ تێپەڕ دەبێت، یان كە دەبینم خەریكە میللەت و مەسئوولەكان لێك دادەبڕێن، بتەوێت یان نەتەوێت.. كە ئەمانە و زۆرانی دیكەی مەترسیدارتر دەبینم، ئەوجا دەگەڕێمەوە سەر خاڵی سفر و بۆی دێمەوە هەندەران.. كەسیش با نەڵێ تۆش وەرەوە ڕەوشەكە بگۆڕە، چونكە پەخوا پە من ناكرێت...!

**زیاد ڕەشاد: ئەی چارەنووسی باشووری كوردستان چۆن دەبینیت؟**

**موحسین جوامێر**: ئەگەر ئەو گەندەڵییە هەمەلایەنەی من دەیبینم و ئاماژەم بۆ هەندێكان كرد، لەنێو بچێت، دڵنیابە كورد لە پێكانی ئامانجەكەیدا نزیك دەبێتەوە و

بە یەکەم دەردەچێت.. هیچ چارەیش نیە دەبێت (خـەباتگێڕە بازرگانـەکان.!) وەلا بنرێن، دەنا هیچ دوور نیە دوژمن ئەم هەلە نەقۆزتەوە و ئاواتەکان لە قەنارە نەدرێن.

جارێکیان والیی (حومص) نامەیەکی بۆ خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نـارد، تێیدا گوتی: "دوژمن، شوورەی شارەکەمانی تێـك دا.. ئەگـەر مـیری مـیران فـەرمانی بدایە تا دروستمان بکردایەتەوە، تا نەیاران نەیانتوانیایە چیدیکە دزە بکـەن و لێمـان تێك دەن تەخت و پایە.." عومەریش وەرامی دایەوە، گوتی: "أما بعد، شارەکەت بـە شوورەی (داد) دەور بدە.. تێیدا، ڕێگـەی زوڵـم و زۆرداری خـاوێن بکـەرەوە، ئەوسـا حەوجە بە شوورە ناکات".

**زیاد ڕەشاد: وەك ڕۆشنبیرێك، ڕەوشی سیاسی کوردستان چۆن دەبینی؟ پرسی (دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، ئازادییە گشتییەکان و هتد...) لەچ ئاستێکدایە؟**

**موحسـین جـوامێر**: دیموکراسـی، ئەگـەر مەبەسـت ڕا دەربـڕین بێـت، نەخراپـە... ئەگەر بایەخ پێدانیش بێـت بە ڕەخنەکان، ئەوا سەقەتە.

مـافی مـرۆڤ، ئەگـەر مەبەسـت ئـەوە بێـت پیـاو دوچـاری چەوسـانەوە نابێـت، نەخراپە.. ئەگەر دادی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا ئەلفاتیحا..

ئازادییە گشتییەکان، بەرسڤەکە لە دوو توێی دوو وەرامەکەی گۆرینە.

**زیـاد ڕەشـاد: ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری کـورد لـە نێوەنـدی سیاسـی کوردیـدا چـۆن دەبینیت؟**

**موحسـین جـوامێر** : دەکـرێ بگـوترێ ڕۆشـنبیری ئـازاد و ڕەخنـەگر زۆرن لـەنێو کوردستاندا، قەڵەمەکانیان (ئەگەر بـە هێنـد هـەڵبگیرێن) مایـەی هیـوان و پـارێزەری کـوردن... هاوکـات لەگـەڵ هـەبوونی تاقمێـك کـە سـیمای کـەس و لایەنپەرسـتی سەردەمی پێشوویان پێـوە دیـارە و خـەریکن ڕاسـتییەکان دەشـێوێنن.. تـاقمێکیش هەن (بێ ئەوەی واقیعی کوردستان ڕەچاو بکەن و لـەقولهوەڵڵاهو ئەحـەدیش سـاتمە

دەکەن) هەموو شتێك دەدەنە بەرێ، قیڕوسیا لە هەست و نیست دەکەن، لایان گرنگ نییە هەتا ئەگەر هاوشێوەی دێو و دێوەزمەکانی پێشوویش بێنەوە و ئەوەی کورد بەدەستیان هێناوە ببێتە ئاردی نێو دڕکان و لەسەر ساجی مام عەلی بمێننەوە.

**زیاد ڕەشاد: بەحوکمی ئەوەی پەیتاپەیتا نووسین لە سایتەکانی ئینتەرنێت و ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکەیتەوە، ئایا ئەو هەڵکشانە گەورەیەی ڕۆژنامەکانی کوردی لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە چۆن دەبینی؟**

**موحسین جوامێر**: لەڕووی چەندایەتییەوە دیارە هەرچەندی بڵێیت مشەیە، نە پێویستی بە ڕستەیە و نە حەوجە بە وشەیە.. لەڕووی چۆنییەتیشەوە، هەقم بەسەر ناوەڕۆکاندا نییە، چونکە هەموو لا و لایەنێك حەزی لە شیوێکە و لێی دەنێ، یەکێ شەیدای شێخ مەحشییە، ئەوەیدیکە بە پیرخەنی دەکەوێتە خەندە و پێدەکەنێ، یەکیش بە تۆلکە و ساوار دەکەوتە جەزبە کە دەیدەنێ.

ئەمان، خۆزگەم دوو ڕۆژنامە و دوو نووسەر بە یەك ئیملا وشەی بۆ نموونە (دووەم) بە یەك واو یان بە دوو واویان دەنووسی، مەبەستم ڕێنووسی کوردییە بە باریکی و بە لووسی.

سوێندتان لەسەرم نییە، بڕوا ناکەم لە هەر چوار ئیقلیمی دونیادا زمانێك هەبێ وەك هی ئێمە بێسەروبەر کرابێ، ئاوەهاش سێبەردەی لە مست نرابێ و قاو درابێ، هەڵە و پەڵەکانیش ئەوەندە زاڵن، پیاو نازانێت چۆن بەریان بگرێت... زۆر جار کە تەلەفۆن لەگەڵ (م.فەرهاد شاکەلی)دا دەکەم، پێی دەڵێم سەرم سوڕماوە نازانم بەگوێی کام ڕێنووس بکەم.

یان کەم کتێبی مەکتەبان هەیە لەسەری نەنووسرابێت (لیژنەیەك پێیدا چووەتەوە)، کەچی دەیان تەعبیری هەڵە و سەدان ڕێنووسی سەقەت و شەلەی دەخۆ گرتووە... کاتی خۆی کەس نەما وشەی (بەروار) ڕەجم نەکا، کەچی ئێستە

وشەی وەك (ڕەهەند) كـە لـە فەرهەنگدا تـەنیا بـە مانـای (خەنـدەك یـان خەنـدەق) هاتووە نـەك بـە مانـای ( بوعد)ی عـەرەبی، سـەدان دەستەخوشـكی ناڕەسـەنی بـۆ هاتووەتە گۆ، دەیان نووسەر كردوویانەتە ویردی سەر زاران، بە شەو و ڕۆ.

**زیاد ڕەشاد: لە ئـەوروپا بـە گشـتی و سـوێد بەتایبـەتی، منـداڵانی كـورد چـی دەخوێنن، چی كراوە بۆ ئەوەی زمانی دایكیان لە بیر نەچێتەوە و فێـری خوێنـدن و نووسینی كوردی بكرێن؟**

**موحسین جوامێر**: دەتوانم بڵێم بۆ مەسەلەی زمانی دایك، هـیچ وڵاتێـك وەك سـوێد نییە.. هەر منداڵێك لە سوێددا مـافی ئـەوەی هەیـە حەفتـەی جارێـك بـۆ مـاوەی ٨٠ دەقیقە زمانی خۆی بخوێنێت، ئەو ماوەیەش كەم نیە، زاڕۆك لەم ماوەیەدا زۆر شـتی تێدا فێر دەبن... لە لایـەنی كتێبـی مەنهەجیشـەوە، دەوڵـەت بـە هـەموو جۆرێكـەوە یارمـەتی نووسـین و بـە چـاپ گەیانـدنیان دەدات.. دەتـوانم بـێ هـیچ دوودڵـی و دڕدۆنگییەكەوە بڵێم ئەو كتێبە زمانەوانییانەی لەلایـەن مامۆسـتا فـەهمی كاكـەیی و هـەڤاڵانی نووسـراون، چ لـەڕووی نـاوەڕۆك چ لـەڕووی ڕێنووسـەوە، زۆر لـەوەی كوردستان ڕاستتر و پێشكەوتووترن... بە هەموو داخێكەوە دەڵێم: مخابن، چەندێكی وەكوو مامۆستایان كاكـەیی و فـەرهاد شـاكەلی و ئەمجـەد شـاكەلی و ئیـدی، بـانگی كوردستان ناكرێن و كەڵك لەو ئەزموونـە فرەیـەی لـە زۆر لـە بوارەكـانی پـەروەردەدا كۆیان كردووەتەوە، نابینن..

**زیاد ڕەشاد: سیستەمی پـەروەردە و میتـۆدی خوێنـدنی كوردسـتان (بەتایبـەتی سەرەتایی) بەلاتەوە چۆنە؟**

**موحسین جوامێر**: كە بە سەردان هاتمەوە كوردستان، (ئەڤین)ی پاشابەرەم ناردە قوتابخانەیەك بۆ ئەوەی تۆزێك ڕا بێت و هەست بكات لە وڵاتی خۆیـەتی و بـە زمـانی خۆیشی دەخوێنێت، بۆ نیوەڕۆ كە هاتەوە، گوتی: "بابە، دایە، قـەت ڕۆژەكـی دیكـە

ناچمەوە... مامۆستا وەها لێمی خوڕییەوە، زراوم چوو، کەس نەدەوێرا قسەیەکی بکات یان لەجێی خۆی بجولێتەوە ..!".

لە سوێددا موقەددەسترین مەخلوقات منداڵە، کەم کەسیش هەیە ئەم دەقانەی خوارەوە لەبارەی منداڵانەوە، نەزانێت یا لە ئەزبەری نەبێت، هەتا خودی منالانیش:

هەر منداڵێک ...

هەر منداڵێک هەموو دەمێ لۆمەی بکرێ، تەنیا فێری سەرکۆنەکردن دەبێت.

هەر منداڵێک لێی بدرێ، تەنیا فێری شەڕ و شەڕفرۆشی دەبێت.

هەر منداڵێک بەسەر خۆیدا بشکێتەوە، تەنیا فێری شەرمنی دەبێت.

هەر منداڵێک هەمیشە گاڵتەی پێبکرێ، تەنیا دەروونێکی نەخۆش و ویژدانێکی بەئازار لەخۆ دەگرێت.

بەلام:

هەر منداڵێک هەمیشە هان بدرێت و ئافەرینی پێ بگوترێ، فێری بڕوا بەخۆکردن دەبێت.

هەر منداڵێک بە دڵفراوانییەوە بەرەو پیرییەوە بچن، فێری زات و جورئەت دەبێت.

هەر منداڵێک مەتح بکرێ و پەسن بدرێ، فێری داد و عەدالەت دەبێت.

هەر منداڵێک هەست بە دۆستایەتی ئەوانیدیکە بکا، فێری لوتف و دڵنەرمی دەبێت.

هەر منداڵێک لە ئاسوودەییدا بژی، فێری متمانە دەبێت.

هەر منداڵێک هەست بە ئەڤینی بکا و باوەشی پێدا بکرێت، فێر دەبێ دنیای خۆشبوێت.

بریا ئەو دەقانەی سەرەوە لە هەموو شوێنێکی کودستاندا هەڵدەواسران و بە جیددی بۆیان دەکەوتنە کار، ئەوسا دەزانرا گەلی کودستان چ جۆرە پیاوێکی بۆ دەخولقێ لە گوند و شارا، ئەمەشیان قسەی پیاوی بە ئەزموون و لەکارە.

**زیاد ڕەشاد: وێستگەی سەخت و ناخۆشی ژیانت کەی بوون؟**

**موحسین جوامێر** :

یەکەم/ ١٩٦١ کە دایکم کۆچی دوایی کرد.

دووەم/ ١٩٧٥ کە شۆڕشی کوردستان هەرەسی هێنا. مووی سەر و برۆم هەڵوەرین.

سێیەم/ ١٩٨٨ کە کارەساتی هەڵەبجەم بینی.

چوارەم/ ١٩٩١ ساڵی کۆڕەوەکە.

پێنجەم/ ١٩٩٩ ساڵی گرتنی مەزڵووم (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)، کە زۆر نامەردانە گرتیان.

لە هەر پێنج بۆنەکەشدا گریام، وەلێ بەکوڵ.

**زیاد ڕەشاد: چ داوا و هیوایەکت هەیە؟**

**موحسین جوامێر**: ئەگەر کێشەی (گەندەڵی) و ئاژاوەی (دوو لەهجەیی لە خوێندندا) حەل کران، ئەوا هەر لە ئێستاوە گەلی کوردستان براوەیە و مژدە لە خڕان.

حوزەیرانی ٢٠٠٧

❑



م. عەلی باپیر:

# ناتوانم جیاوازی نەکەم لەنێوان دوو عەلمانیدا: یەکێکیان گۆشەیەکی لە ڕۆژنامەیەکدا بۆ دیاری کراوە و دەبێ پڕی بکاتەوە لەگەڵ یەکێکی تر کە بە عەقڵ و لۆژیك شتەکان هەڵدەسەنگێنێ

مامۆستا عەلی باپیر وەتمان، جگە لەو نێوبانگەی بە هۆی پێگە سیاسیەکەیەوە هەیەتی، کە ئەمیری (کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)ە، هەروەها لە زووەوە ئاشنایەتی لەگەڵ نووسین و کتێب و چاپکردن و بڵاوکردنەوەدا هەیە، دوور لە پرس و کایەکانی نێو حزب و سیاسەت، لە هەڤپەیڤینێکدا قسە لە ساتەکانی نێو هاتنە دونیای نووسین و بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ کتێب و خوێندنەوە و ڕۆشنبیریدا دەکات.

**زیاد ڕەشاد:** بەچی دەستتان پێکرد، چۆن خۆتان لە بواری نووسیندا دۆزییەوە، کەی زانیتان توانای ئەوەتان هەیە کتێب بنووسن و بابەت بڵاو بکەنەوە؟

**م. عەلی باپیر:** بسم الله الرحمن الرحيم، الحمد لله، والصلاة والسلام على رسول الله محمد (ص)، واله ومن اهتدى بهداه.. سەرەتا بەخێرهاتننتان دەکەم، لە ڕاستیدا من هەر لەو ڕۆژەوە کە خوای پەروەردگار ئاشنای کردم بە شەریعەت و بەرنامەی خۆی، لەوساوە کە دەرکی ئەو ڕاستییەم کرد کە ئیسلام دوا پەیامی خوای پەورورەردگارە بۆ بەندەکانی، دەرکی ئەوەم کرد کە هەر کەسێك لەو پەیامە حاڵی بوو و شارەزا بوو، لەسەری پێویستە بەپێی توانا هەوڵی بۆ بدات، بیگەیەنێت بە خەڵکی، لە واقیعدا بەرجەستەی بکات، پیادەی بکات لە ژیانی تاکی و خێزانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی و دەوروبەریدا، من پاڵنەر و هاندەرێکم هەبوو کە ئەوەی دەیزانم بە خەڵکی دی ڕابگەیەنم، جا لە سەرەتاوە لە دەرس پێ گوتنەوەی خەڵکەوە دەستم پێ کرد، ئەنجا لە وتاردانەوە، پاشان کەوتمە سەر خولیای نووسین، چونکە قسە بۆ کاتێکی دیاریکراو دەکرێ و دەڕوات، بەڵام نووسین دەمێنێتەوە، واتە هەر لەو ڕۆژەوە کە من شارەزا بووم لە ئیسلام، دەتوانم بڵێم ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی ناوەندیی خوێندنم. من هەر سروشتم وا بوو، ئەوەی دەیزانم بە دەوروبەرم بڵێم، بەڵکو فراوانتر لەوە، دەتوانم بڵێم سروشتم وا بوو، هەمیشە کار لە دەوروبەری خۆم بکەم، بەو ئاراستەیەدا کە خۆم پێم چاکە و بە حەقی دەزانم، ئیدی لەوساوە دەستم پێکرد، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی١٩٧٦-١٩٧٧ کە ١٥ تا ١٦ ساڵان بووم، دەستم کردووە بە قسەکردن و کارتێکردنی دەوروبەرم، لە تەمەنی ١٩تا٢٠ ساڵیش دەستم کردووە بە نووسین.

**زیاد ڕەشاد:** یەکەم کتێب کە خوێندتەوە و کاریگەری گەورەی لە ژیانت بەجێهێشت و بوو بە خاڵی وەرچەرخان بۆ تۆ؟

**م. عەلی باپیر**: ئەوە لەو بارەیەوە دەبێ زۆر شت باس بکەین، یەکەم یەکەمین کتێب، یەکەم سەرچاوە کە کاری کردووە بریتییە لە قورئان، دووەم سوننەتی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر)، هەرچەند ئەو کاتیش تەمەنم بچووك بوو، بەلام هەولم دەدا تێبگەم لەو ئایەتانەی دەمخوێندنەوە، هەروەها لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر)، بەتایبەتیش من دوای قۆناغی سەرەتایی چوومە پەیمانگای ئیسلامی، هەر لەو کاتەوە لەگەل ئایەتی پەروەردگار و فەرمایشتەکانی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر) ئاشنا بووم، ئەوەی کە بە ڕاستی کاری لە من دەکرد، زیاتر تێگەیشتنی خۆم بوو دەربارەی ئیسلام، کە بریتی بوو لە قورئان و سوننەت، کە وەکو دوو سەرچاوەی ڕوونی بێ چەند و چوون، چونکە ئەوانەی دیکە جاری وا هەیە لیتە و لاریان تێدەکەوێ و دەگونجێ مشتومڕیان لەسەر بکرێ. بەلام دوای قورئان و سوننەت، دەتوانم بلێم لە سەرەتای تەمەنمەوە، واتە لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیدا، کتێبی (احیاء علوم الدین)ی (ابو حامد الغزالی)، زۆر کاری تێ کردم لە ڕووی ڕۆحی و پەروەردەیی و ڕەوشت و هەولدان بۆ لەخوا نزیکبوونەوە و بەخۆداچوونەوە و خۆتەزکیەکردن، ئەوەی ئەهلی تەسەوف پێی دەلێن خۆبژارکردن و خۆڕازاندنەوە (التخلیة والتحلیة)، خۆبژارکردن لە سیفات و خوخدەی خراپ و خۆڕازاندنەوە بە ئاکاری بەرز و پەسەند و چاك. دوای ئەوەش تەفسیری (مفاتیح الغیب)ی ئیمام فەخرەددین ئەلڕازی، کە لە یادمە، ئەوسا لەسەر بەرگی یەکێك لە تەفسیرەکان نووسیومە، کە ئەو دوو کتێبە: (احیاء علوم الدین)، لە ڕووی ڕۆحی و (مفاتیح الغیب) لە ڕووی فیکرییەوە، زۆرترین کاریگەرییان هەبووە، وەك لە پەراوێزەکەدا نووسیومە کە ئەودەم لە پێنجەمی ئامادەیی بووم.

**زیاد ڕەشاد: ئەی ئێستا کاریگەری کێت بەسەرەوە دیارە و بە کێ سەرسامی، بە کورتی لە نووسەرە پێشینەکان خۆت بە قەرزاری کێ دەزانی..؟**

**م. عەلی باپیر**: وەك ئاماژەم پێدا غەزالی و ئەلڕازی کاریان تێ کردووم و لێیان بەهرەمەند بووم، دوای ئەوان هەر لە پێشینەکان سوودی زۆرم بینیوە لە تەفسیری (الطبري و ابن الكثير و الكشاف) من زیاتر موتالاّ و خوێندنەوە و تێگەیشتنم لە قورئان و سوننەتی پێغەمبەر (درود و سلاوی خوای لەسەر) بووە، وەك بیرەوەرییەك لە یادمە جارێك لە یەکێك لە کتێبخانەکانی سلێمانیدا، لام وابێ بۆ تەفسیری (روح المعانی)ی (ئالوسی) دەگەڕام، مامۆستایەکی لێ بوو، مامۆستایەکی وریا دیار بوو، وەك مەلا ئاساییەکان نەبوو، ئەویش هات گوتی:

"هیچ کتێبی عەصریت نیە ـ بە خاوەن کتێبخانەکەی وت ـ".

ئیدی لەگەڵ یەکدی کەوتینە قسە، مامۆستاکە پێمی گوت:

"تۆ بۆچی هاتووی؟"

منیش گوتم:

"لە فلانە تەفسیر دەگەڕێم"

ئەویش گوتی:

"کتێبی عەصری بخوێنەوە عەصری، من حەز بە ئیسلامی عەصری دەکەم".

منیش لەوەڵامیدا گوتم:

"لە پێشدا حەز لە ئیسلامی ئەصڵی دەکەم دوایی عەصری".

ئەویش گوتی:

"تۆ کێی ئەو قسە گەورەیە دەکەیت ـ وەك بڵێی قسەکەم زۆر سەرنجی ڕاکێشابێت ـ"

گوتم:

"من قوتابی پەیمانگای ئیسلامیم ئەی جەنابت تۆ کێیت؟"

گوتی:

"من محەممەد مەلا ساڵحی شارەزووریم"

ئیدی ئەودەم بۆیم باس کرد کە بە ئاواتەوەم ئەو ببینم، کە کتێبەکانی (گەشتەکەم لە گومانەوە بۆ باوەڕ) و (ڕێکەوت لە تەرازووی ژیریدا) و (سروشت لە تەرازووی ژیریدا)ی نووسیوە، جا لەوساوە مامۆستام ناسی.

بەکورتی من موتالاّم زیاتر لە بواری تەفسیر و سوننەتدا بوو، هەر لەو سەرەتایەوە سەرسام بووم بە کتێبەکانی (سەید قوتب) و (محەممەد قوتب). بۆ نموونە تەفسیری (في ظلال القرآن)م زیاتر لە دوو جار سەرلەبەری خوێندووەتەوە، هەروەها هەموو کتێبەکانی (سەید قوتب) بێ هەڵاواردن و ئەوانەی (محەممەد قوتب)، کە ئەوسا هەبوون هەموویانم خوێندوونەتەوە، ئەوانە پێویست بوون بیانخوێنینەوە تا بتوانین وەڵامی پرسیارەکانی ئەودەمی پێ بدەینەوە و هەندێك باس و بابەتی ئیسلام بە شێوەی ئەمڕۆی شارەزا بین.. بۆ قۆناغی دواتریش زۆر سوودم بینیوە لە کتێبەکانی (ابن تیمیة) و (ابن الجوزي) و (الشوکانی)، هەروەها کتێبەکانی (ابو الحسن الندوي) بەتایبەتی (ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمین)ەکەی، هەروەها (الاسلام یتحدی)ی (وحید الدین خان) و کتێبی (قصة الایمان)ی (ندیم الجسر)، ئەوەی دواییان سوودی ئێجگار زۆرم لێ بینیوە، ئەوانە دیارە لەسەرەتاوە بوون؟ هەر یەك لەو کتێبانە کە لە سەرەتاوە بۆ من قورس بوون، بەڵام خۆم لەگەڵ ماندوو دەکردن و دەچووم وشەکانم لە خەڵکی دەپرسی، هەر لەو سەرەتاوەش وەکو لەیادم بێ لە پۆلی سێی ناوەندی بووم، فەرهەنگی (المنجد)م کڕی، هەروەها لە یادمە ئەوسا حیزبی شیوعی، بڵاوکراوەی (بیری نوێ)ی بە کوردی و عەرەبی دەردەکرد، من پێکم بەراورد دەکردن تا عەرەبییەکەم بەهێز بێ.

**زیاد ڕەشاد:** پێت نەگوتین پاش ئەو تەمەنە خۆت بە قەرزاری کێ دەزانیت؟

**م. عەلی باپیر**: وەڵڵا خۆم بە قەرزاری زۆریان دەزانم، سوودی زۆرم لە نووسەری پێشین و ئەوانەی دوایی وەرگرتووە، ئەوانەی لە پێشدا ئاماژەم پێدان خۆم زیاتر بە قەرزارییان دەزانم، ڕەنگە زۆری دیکەش ئێستا لەیادم نەبن، بەڵام هەر لە هەوەڵەوە خوای گەورە سروشتێکی پێ بەخشی بووم کە بە چاوی ڕەخنەوە شتم دەخوێندەوە، شتێك عەقڵم نەیخوێندبایەوە ـ جا دەبینی عەقڵی منیش بە هەڵەدا دەچوو ـ لەبیرمە زۆر کەڕەت پەراوێزم دەنووسی لەسەر تەفسیری ئیمامی ئەلڕازی، یا بۆ نموونە هەستم دەکرد لە (احیاء علوم الدین)دا زۆر ڕۆچوون لە دنیانەویستی و بە کەم گرتنیدا هەیە، بۆیە پەراوێزم بۆ دەنووسی، هەروەها لە کتێبەکانی ئیمامی ئەلڕازی هەستم بە ڕۆچوون دەکرد لە فەلسەفە و فیکری ئیعتیزال، بۆ کتێبە هاوچەرخەکانیش زیاتر ئەو گیانی بە ڕەخنە سەیرکردنەم دەخستە کار، بۆیە ناتوانم بڵێم قەرزاری کەسێکی دیاریکراوم، هەموو ئەوانەی سوودم لێ دەبینین، ئەو نووسەر و مامۆستایانە لە کۆن و نوێدا، کاریگەرییان هەبووە لەسەر لایەنی فیکری و کەلتووریم، بەڵام وەك گوتم هەموو شتەکانم دەگێڕایەوە بۆ ئەندازەی تێگەیشتنی خۆم لە قورئاندا.

**زیاد ڕەشاد: وەك تێبینیم کردووە لە نووسیندا پێڕەوی شێواز و زمانێکی پاراو و ڕەوان، هەمان کات سادە و بێ گرێ و گۆڵ دەکەیت، جەنابت ڕێچکەی تایبەت بەخۆتت هەیە لە نووسیندا، من بۆخۆم ڕەنگە نووسینی تۆ ئەگەر ناوەکەشی پێوەنەبێت زوو دەزانم هی تۆیە و زمانی نووسینی تۆ دەناسمەوە، دەکرێ قسەیەك لەسەر ئەمە بکەن؟**

**م. عەلی باپیر**: من لە سەرەتای نووسینمەوە، هەر لە (پوختەیەك دەربارەی ئیسلام)، کە یەکەم کتێبمە، (ئیسلام و ڕێچکان) کە دووهەم بەرهەممە و لەو ڕۆژانەدا پێیاندا دەچمەوە، نووسینگەی تەفسیر لە چاپیان دەداتەوە، دیارە من

بۆ خۆم تام و چێژێکی تایبەتیم لێ دەکردن، لە هەندێ شێوازە تەعبیر و دەربڕینی ئەو کاتدا، وا هەست دەکەم ئەوسا زیاتر گرنگیم داوەتە زمانی نووسین و هونەری داڕشتن و گرنگی زیاترم بە جوانکاری داوە، بەڵام ئێستا لەوانەیە زێتر بایەخ بە لایەنی ناوەڕۆك بدەم.

من ڕەنگە شێوازی قسەکردنیشم چەشنە تایبەتمەندییەکی تێدابێ، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئێمە دانیشتووی ناوچەی پشدەر و بێتوێنین، کە ئەو خەتە تا هەولێریش، پێی دەگوترێت زاری موکریانی، لە مەهاباد و سەقز و بۆکانەوە درێژ دەبێتەوە تا پیرانشار و تا پشدەر و بێتوێن... کە هەژار و هێمنیش هەر بەم لەهجەیان نووسیوە، من پێم وایە دیالێکتی سۆرانی زیاتر شێوازی موکریانی تەعبیری لێ دەکات، جا ئەو هەڵکەوتە جوگرافیایەی لێی ژیاوم کاریگەری هەبووە، دووهەمیش من جگە لە قوتابییەتی، کرێکاری و جوتیاریم کردووە، لە شار و لادێ ژیاوم، لەگەڵ خەڵکی عەشایەر و گوندنشین ژیاوم، هەروەها تێکەڵاویم لەگەڵ ئەهلی تەریقەت و ئەهلی عیلم و مامۆستایان و خەڵکی مەکتەبی و حوجرەیی هەبووە، لەگەڵ گەنج و پیر، بە حوکمی کاری بانگەوازیش، کە ویستوومە کار لە کۆمەڵگا بکەم و بیگۆڕم، لەگەڵ هەموو چین و توێژێك دواوم، ئەگەر تێبینیتان کردبێ پەند زۆر بەکاردێنم، کە کۆمەڵێك مەفاهیم لە ڕستەیەکدا کۆ دەکاتەوە، ئەمە لەگەڵ بوونی کۆمەڵێ تایبەتمەندیی شەخسیش، کە بە تەئکید هەر کەسێك بۆخۆی کۆمەڵێ تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**زیاد ڕەشاد: کتێبەکانی سەرەتای نووسینت لە هەشتاکاندا، زیاتر بەرهەمی فیکری و تام فەلسەفین، کەچی ئەوانەی ئەم ساڵانەی دواییت پتر بەرهەمی فیقهی و شەرعین، ئەگەر وایە بۆ؟**

**م. عەلی باپیر**: ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ پێداویستی ئەو قۆناغە، ئەو کات ئێمە زیاتر لە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی فیکریدا بووین، من کە (ئیسلام و ڕێچکان)م نووسی، مارکسیزم و چەپ بە گشتی بازاڕی زۆر گەرم بوو، ئەو کاتە هەر کەسێك مارکسی نەبایە هەر بە ڕۆشنبیریان نەدەزانی و پێیان وابوو هەر شۆڕش و جولانەوەیەك لەسەر بنچینەی مارکسیزم و ماتریالیزمی دیالێکتیکی و سۆسیالیزمی زانستی نەبێ ئەسڵەن هەر سەر ناگرێ و بەر ناگرێ، بۆیە ئەوسا من خۆم بە ناچار زانیوە وەڵامی فیکر بە فیکر بدەمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا وا نیە ئێمە ئەم مەیدانەمان واز لێ هێنا بێت، بۆ وێنە گەر تەماشای (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم) بکەیت کە لایەنی فیکری و زانستییان بەسەردا زاڵە... وەك گوتیشم ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەبەست و بابەتەی تۆ بۆی دەنووسی.

**زیاد ڕەشاد: مامۆستا تۆ بڕوات بە پسپۆڕی لە بواری نووسیندا هەیە؟**

**م. عەلی باپیر**: بڕوام بە پسپۆڕی هەیە، بەڵام پێشموایە ئەو پێناسەیە جوانە کە بۆ ڕۆشنبیر کردوویانە، کە گوتوویانە (کەسێکە، لە هەر شتێك، شتێك بزانێ و لە شتێکیش زۆر شت بزانێ) پێموایە گەر وا نەبێ ئینسان ناتوانێ خەڵك ڕۆشن بکاتەوە، ڕۆشنبیر بۆ خۆی کەسێکە بۆ خۆی ڕۆشن بێت و خەڵکیش ڕۆشن بکاتەوە، جا من هەوڵم داوە لە هەر شتێك، شتێك بزانم و لە شتێکیش کە ئیسلامە، بە فراوانییەکەی بە قورئان و سوننەت و ئەو زانستانەی لێیانەوە هەڵدێنجرێن، زیاتر لەوە پسپۆڕ بم، یا بەتایبەتی کە دەکەومە وتووێژ لەگەڵ خەڵکی، بۆ نموونە کاتی خۆی، کە من مشتومڕم لەگەڵ مارکسییەکان دەکرد، من

لەوان لە مارکسیزم شارەزاتر بووم، یان کە لەسەر عەلمانیەت نووسیومە کۆشاومە بۆ ئەوەی فراوانتر لە عەلمانییەك باسی لێ بکەم، چونکە ڕەنگە عەلمانییەکە تەنیا لایەنە جوان و ئیجابیەکانی عەلمانییەتی باس کردبێ، کەچی من هاتووم لایەنە سەلبی و ئیجابییەکانم خستووەتە ڕوو، لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم هیچ کەسێك ناتوانێ لە هەموو شتێك پسپۆڕ بێت (وهو بکل شيء عليم)یش تەنیا بۆ خودای پەروەردگارە.

**زیاد ڕەشاد: تۆ وەك کەسی یەکەمی نێو حیزبەکەت، کە هەم مەسئولیەتێکی گەورەت لە ئەستۆدایە، هەمیش ڕەنگە کارە ئیداری و حیزبییەکان بەشێکی زۆر لەکاتی تەمەن و ژیانت ببەن، لەگەڵ ئەوەشدا وەك دەبینین بەردەوام نووسین و چاپکراوی تازە بڵاو دەکەیتەوە، پرسیار ئەوەیە چۆن کاتەکانت ڕێك دەخەیت، لەکوێ ماوەت هەیە کتێب چاپ بکەیت، کە گەڕان بەدوای سەرچاوە و داڕشتنەوە و تایپ کردن و هەڵەچن و مۆنتاژ کردنی هەر کتێبێك پێویستیان بە وەختی زۆر هەیە؟ سەربوردەی تۆ لەگەڵ نووسینی کتێبەکانت چییە و چۆنە؟**

**م. عەلی باپیر**: من کەسێکی زۆر زۆر ڕژدم لە سەرفکردنی کاتدا، لە خوا بە زیاد بێ فەراغ لە ژیانمدا نییە، هەوڵم داوە یەك لەحزە چییە فاریغ نەبم، ناتوانم بێ ئیش بم، نەك هەر لێرە، من کاتێ لە بەندیخانەش بووم، لەوێش دەمویست سوود لە کاتەکانم وەربگرم، بۆ نموونە لە بیست و چوار سەعاتدا، تەنیا سەعاتێك مەجالی وەرزشیان دەدایین، من هەوڵم دەدا ئەو سەعاتەش بە زیکر و بیرکردنەوە پڕ بکەمەوە. هەر کەسێك توانی کاتەکانی باش سەرف بکات، ئەوا ژیانی بەپێز دەبێت و خوای گەورە بەرەکەتی تێ دەخات، ئێمە زۆر جار کاتمان دەڕوات بە

قسەی لاوەکی، بە باسی ئەم و ئەو، بە دانیشتن بەبێ ئیش، جا من کەسێکم ناتوانم بێ ئیش دانیشم.. ناتوانم دەستبەتاڵ بم.. دووەمیش هەوڵم داوە کاتەکان باش ڕێك بخەم، من زیاتر نووسین لەو کاتانەدا بۆم کراوە ئەگەر لە بنکەیەك بووبم، بۆ وێنە ئیستاش لەبیرمە کتێبی (پڕۆژەی فیکری ئیسلامی)، هەندێکم لەسەر چیای ماکۆك نووسیوە، هەندێکم لە مەریوان نووسیوە، جا لە گۆشەی مزگەوتێك بووبێ یا دوای نوێژی بەیانییان بووبێ، کە نەدەخەوتمەوە. بۆ نموونە بەر لەوەی لەگەڵ جەنابت دەست بە سازدانی ئەم دیدارە بکەین. بە کتێبێکدا دەچوومەوە کە بەرهەمێکی تازەمە و بەناونیشانی (ئیسلام و موسڵمانەتی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا). لە سەرووی ئەم دوو خاڵەی باسیشم کرد بەرەکەتی خودای گەورە دەوری گەورەی هەیە.

**زیاد ڕەشاد: باسی بەندیخانەت کرد، دەکرێ لێت بپرسم دوور لە سیاسەت، بەندیخانە چی فێر کردی و چی پێ بەخشی، لەوێ چیت کرد و چ بەرهەمێکت هەبوو، ئەگەر بەکورتی باسی بکەیت؟**

**م. عەلی باپیر**: بەکورتی شتێکت بۆ باس دەکەم کە تەفاسیل و وردەکارییەکەی لە کتێبێکدایە کە ئەم ماوەیە دەکەوێتە بازاڕەوە، کە چاوپێکەوتنێکی (١٢) سەعاتییە.

**زیاد ڕەشاد: کێ چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵدا کردووی؟**

**م. عەلی باپیر**: کاك (هاوژین عومەر)ی ڕۆژنامەی (کۆمەڵ) سازی کردووە، دەوری (٤٣٠) لاپەڕە دەبێت. بەکورتی زیندان فێری کردم مرۆی موسڵمان بەهۆی ئیمانییەوە، دەتوانێ ئەو سەختی و گرفتانەی تێیان دەکەوێ، بیانکاتە مەشق و

ڕاهێنــان، بیانکـا بـه پێچـەوانەی ئـەو مەبەسـتەی دوژمـن ویسـتوویەتی، کـه ئـەو دەیەوێ بەهۆی زیندانەوه لاوازت بکات، کەچی تۆ دەتـوانی بـەهێز بیـت.. مـن زۆر شـت لـه زینـدانـدا فێربـووم، یـەکێك لەوانـه دەکـرێ بیکەینـه مەشـق و ڕاهێنــان و چەندین وانەی لێوه فێربین.

**زیاد ڕەشاد:** چەند زمان دەزانیت؟

**م. عەلی باپیر**:جگه له کوردی، تەنیا عەرەبی و فارسی دەزانم.

**زیاد ڕەشاد:** واته به عەرەبی و فارسی دەخوێنیتەوه و دەنووسیت؟

**م. عەلی باپیر**:بەڵێ، ئینگلیزیش شتێکی لێ دەزانم.

**زیاد ڕەشاد: (یادداشت) وەك ژانرێکی گرنگی نووسین، زۆرێك له ئـەدیب و هونەرمەند و گەڕیده و سیاسەتمەدارانی دونیا، بیرەوەریی خۆیان دەنووسنەوه و لەشێوەی کتێبی گەورەدا پێشکێشی خوێنەرانی دەکەن، که تێیدا جگـه لـەوەی کۆمەڵێ ڕاز و لایەنی شاراوه دەخرێتـه ڕوو، هـەروەها زۆر کـەڕەت یادداشـتی ژیانی گەورەپیاوان، دەشێ بکرێته سەرچـاوەیەك بـۆ مێـژوو، تـۆ بـیرت لـەوه نەکردووەتــەوه بــیرەوەری و ئــەزموونی ژیــانی خــۆت بنووســیتەوه و لــه داهاتوویەکی دوور یا نزیکدا پێشکێشی خوێنەرانی بکەیت؟**

**م. عـەلی بـاپیر**: بـەڵێ بـیرم لـێ کردووەتـەوه، زۆر لـه برایـانیش داوا دەکـەن، بەتایبەتی که هەندێ شتیان بینیوه، بۆ نموونه له کتێبی (زانایانی ئیسلام کێن و چـۆنن)، کـه هەنـدێ بـیرەوەری سـەردەمی فەقێیـەتی و مەلایـەتی خـۆم لـەوێ نووسیوەتەوه، (من هەرچەنده بـه ڕەسمـی فـەقێ نـەبووم، بـەڵام لـەکاتی ڕژێمـدا

سـەردەمێك قاچـاغ بـووم، ملـم لەبـەر فەقێیـەتی نـا بـۆ مـاوەی شـەش مانگێـك)، هەروەها لە کتێبی (ڕێگای سالّح بوون و بەرەو خوا چوون)دا هەندێ شتی خۆم لـە ڕووی ڕۆحی و لە ڕووی بەرەوخوداچـوون و ئـەوەی ئـەهلی تەسـەوف پێـی دەڵـێن (سـەیر و سـرور) هەنـدێ شـتم لـەوێ نووسـیوە، ئیـدی دەیـانگوت ئەگـەر هـەموو یادداشتەکانت بنووسیتەوە زۆر باشە، بۆم نەکرا، بەڵام لە دڵمـدا هەیـە، بـە تـەمام خوا پشتیوان بێ، ئەوە دیارە کات و دەرفەتێکی باشی دەوێ.

**زیاد ڕەشاد: لەناو کورددا زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیر و نووسەران و ئەهلی قەڵەم، سەرەتا بە شیعر دەستیان پێ کردووە، ئێسـتاش قسـەیەکی بـاو هەیـە دەڵێ "لە کوردستاندا ژمارەی شاعیران لە ژمارەی خوێنەرانی شیعر زیـاترە"، تۆ لەگەڵ ئەدەب بە گشتی و شیعر بەتایبەتی بەینت چۆنە؟**

**م. عەلی باپیر**: من لەسەرەتاوە شـیعرم دەنووسـی، لـە یادمـە لـە سـاڵی ١٩٨٢ شیعرێکم نووسیبوو دامە برایەك، بردی بۆ لای (مامۆستا هەژار موکریانی)، کە ئـەو کاتە ئەو لە کەرەج دادەنیشـت، خوێندبوویـەوە، هەڵبـەت هەنـدێ تێبینـی لەسـەر دەربڕیبـوو، گوتبـووی: "ئـەوە هـی کێیـە، ئـەوەی ئەوانـەی نووسـیوە دەتـوانێ خـەڵکی فێـر بکـات" مەبەسـتم ئەوەیـە دەمتـوانی شـیعر بنووسـم، هەنـدێك لـە شیعرەکانیشم لە بۆنەکاندا کراون بە سرودیش لە ناوچـەی خۆمانـدا، بـەڵام دوایـی وەکو تەماشام کرد، شیعر وەختی زۆری دەوێت، منیش بە پەلە دەمویسـت خـەڵك تێبگەیەنم، بۆیە بەپێویسـتم زانـی بـە شـێوازێکیدی فریـا بکـەوم و خـەڵکیش لێـی تێبگات، بە هەرحاڵ ئەوە بوو وای کرد من بکەومە بواری نووسینی ئـەو شـێوازەی کە دەیبینی، ئیدی من وازم لە شیعر هێنا، دەنا ئەو کاتە سەلیقەی شیعر نووسینم

هەبوو، ئەگەر تەماشای شێوەی تەعبیر و دەربڕینەکانیشم بکەی لە نووسینەکاندا، دەبینی جۆرێك لـە قافیـە و وەزن و ئـەو شـتانەی پێوەیـە، بـەڵام وەك گـوتم مـن دەمویست شتی زۆر بڵێم، ئـەوەش بێگومـان لـە قـاڵبی شـیعردا جێـی نـەدەبۆوە، یاخود من ئەو مەلەکە شیعرییە بـەهێزەم نـەبوو بتـوانم کـە هەرچـی مـن دەمـەویٚ بیڵێم لە قاڵبی شیعردا دایبڕێـژم و بیگەیـەنم، ئـەوە وای کـرد کـە واز لـە نووسـینی شیعر بێنم.

**زیاد ڕەشاد: زیاتر چی دەخوێننەوە؟**

**م. عەلی باپیر**:هەموو شتێك کە بکەوێتە بەر دەستم بەپێی پێویست لە کتێب و ڕۆژنامە، جا کتێبەکان ئیسلامیی هاوچەرخ بن یـا هـی عەلمانییـەکان، کـوردی بـیٚ یان ناکوردی، کتێبی عەلمانییە کوردەکان زۆر دەخوێنمەوە، کە کەمێکیان خەڵکی بە ئینسافن و زۆرێکیشیان تێپەڕێنەر و پەڕگیرن. دەتوانم بڵێم هەر یەکە لە (ڕێبین ئەحمەد هەردی و بەختیار عەلی و فارووق ڕەفیق و مەریوان وریـا قـانیع)، کـە مـن شـتەکانیان دەخوێنمـەوە هەسـت دەکـەم نووسـینەکانیان لـە عـەقلٚ و لۆژیکـەوە سەرچاوە دەگریٚ، نەك لە بوغز و قین و باکگراوندی دوژمندارانە، بۆ نموونە ئەگەر شـتێکی بـاش لــە ئیسـلامییەکان ببیـنن، دەڵـێن ئـەوە باشـە، هـەروا ئەگـەر خراپەیەکیش لـە عەلمانییـەکان ببیـنن، دەڵێن ئـەوە خراپـە، هەرچـەندە تێبینـی ئـەوەم هەیـە کـە زۆر ناشـارەزان بـە ئیسـلام، بـەڵام هەیانـە نەشـارەزایەکی بـە ئینسافە، هەیشە نەشارەزایەکی بیٚ ئینسافە. جگە لەوانـە بابـەتی زانسـتی نـویٚ و فیزیایی و گەردووناسی و پزیشکی دەخوێنمەوە.

**زیاد ڕەشاد: بەڵام هەندێک پێیان وایە، ئیسلامییەکان بۆیە برادەرانی گروپی ڕەهەند و فاروق ڕەفیق... بە بەئینساف لەقەڵەم دەدەن، چونکە بەردەوام ڕەخنەی توند لە عەلمانیەتی کوردی دەگرن؟**

**م. عەلی باپیر**: نا، من لە بەرئەوەم نیە، ڕەخنە لە عەلمانیەت دەگرێ یان نا، بەڵکو لەبەرئەوەی بە بە ئینساف دەیانبینم، ئەوان ڕەخنە لە هەندێ شتی عەلمانییەکان دەگرن، کە دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر شتی خراپتریان هەیە نایانبینن، بەڵام من ناتوانم جیاوازی نەکەم لەنێوان دوو کەسدا، یەکێکیان گۆشەیەکی بۆ دیاریکراوە لە ڕۆژنامەیەکی تایبەتدا دەبێ پڕی بکاتەوە، لەگەڵ یەکێك کە بە عەقڵ و لۆژیك شتەکان هەڵدەسەنگێنێ.

**زیاد ڕەشاد: لە چی پەشیمانیت؟**

**م. عەلی باپیر**:مەبەستت چییە؟

**زیاد ڕەشاد: بەڕێزت زیاتر لە چل کتێبت هەیە و چەندین کاسێتی تۆمارکراویشت بڵاو بوونەتەوە، کۆمەڵێ قسە و ڕاڤە و لێکدانەوەت هەبووە لەکات و زەمەنی جودا جودادا، لەوانە لە چی و کامیان پەشیمانیت؟**

**م. عەلی باپیر**: وەڵڵا دەگونجێ لە کۆمەڵێ شت پەشیمان بم، بەڵام مەبەستم ئەوەیە ڕۆژ بە ڕۆژ مرۆڤ بەرەو کامڵ بوون دەچێت، قسەیەك کە کاتێ کردووتە کرچ و کاڵ بووە، ئەو کاتە ئەوەندەت لەبار بووە، یا هەڵوێستێکت نواندووە عاتیفیانە بووە لێی پەشیمانی، کە من ناتوانم ئێستا بۆت ڕیز بکەم، بەڵام بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێ شتم کردووە و گوتووە ئەوەی ئێستا دەیانزانم و لە توانامدا

هەیە وام نەدەکرد و ئاوام دەکرد، لە هێڵی گشتی و ستراتیژی پەشیمان نیم، بەڵام لە جوزئیات، مرۆڤ تێبینی لەسەر خۆی و خەڵکیش هەیە و دەبێ.

**زیاد ڕەشاد:** ئەمانە بە دێڕێك: (**عەبدولعەزیز پارەزانی، شێخ محەممەدی خاڵ، ناسری سوبحانی، سەعیدی نوورسی، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس، خدر کۆساری، رانیە**).

**م. عەلی باپیر:**

عەبدولعەزیز پارەزانی/ بە ڕچەشکێنی دەزانم بۆ نووسینی کوردی دەربارەی ئیسلام، کتێبەکەی (ژیانی پێغەمبەری مەزن)، ئەوە هیچ، یەکەم بەرهەمی کوردی دەربارەی ژیانی پێغەمبەرە (درود و سڵاوی خوای لەسەر)، لە یەکەم کتێبە کوردییەکانیش بوو دەربارەی ئیسلام.

شێخ محەممەدی خاڵ/ مامۆستایەکی گەورە بوو، بە یەکەم تەفسیرنووسی کوردی دەزانم، شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبووە، خۆزگە ئەو تەمەنەی بە فەرهەنگی خاڵەوەی سەرف کرد بە تەفسیری خاڵەوەی سەرف کردبا و تەفسیرەکەی تەواو کردبا، وەك بیستوومە ئەوە خۆزگەی خۆیشی بووە.

ناسری سوبحانی/ نەمبینیوە، بەڵام گوێم لە هەندێ کاسێتی بووە، ئەوەندەی گوێم لێ بووە، بە پیاوێکی قووڵتێگەیشتوو لە ئیسلامم ناسیوە.

سەعیدی نوورسی/ هەموو بەرهەمەکانیم خوێندووەتەوە، سەرسامم بە زۆر قوڵبوونەوەی بە ناسینی نەفسی بەشەردا، هەروەها سەرسامم بە زۆر بوێری و خۆڕاگری ئەو پیاوە، بە یەکێك لە نوێکەرەوە و پاڵەوانانی ئیسلامی دەزانم.

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس/ مەلایەکی کوردی پڕ بەرهەم بوو، هەم لە ڕووی زانستە شەرعییەکانەوە، هەم لە ڕاڤەکردنی بەرهەمی ئەدەبیمان، بەڵام پێموایە

تێگەیشتنی بۆ ئیسلام زیاتر جوزئی بووە، سوودی ئێجگار زۆرم لێ بینیوە، تا دواکاتەکانی تەمەنیشی نامە گۆڕینەوەمان هەبووە.

خدر کۆساری/ گەنجێکی بۆخواسوڵحاو بوو، پێموایە ئەگەر تەمەن بەبەریەوە مابووایە، دەبووە شاعیرێکی گەورە، کە بە پەنجەی دەست ئامآژەی بۆ بکرایە.

ڕانیە/ خەڵکی ڕانیە و دەروروبەری زۆر غەریب نەوازن.

**زیاد ڕەشاد: سوپاست دەکەین ماندووومان کردی.**

**م. عەلی باپیر**:بەخێر بێن، من قەت ماندوو نابم.

ئایاری ٢٠٠٦

❑



سەلام ناوخۆش:

# ئەز باوەڕ ناکەم هیچ مێژوویێك بەقەد مێژووی ئێمە شێوێندرایێت

× (سەلام ناوخۆش بەکر) لە مانگی ئەیلولی ساڵی (١٩٦٦) لە گوندی (زێبارۆك)ی سەر بە قەزای شەقلاوە لە دایك بووە.

× لە ساڵی ١٩٩٠ بەشی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٦٦ لە هەمان بەشدا ماستەرنامەی لەسەر توێژینەی بەراوردکاری وەرگرتووە، ئێستاش مامۆستای بەشی ئینگلیزیی پەروەردەی بنیاتی زانکۆی سەلاحەددینە.

× لە ساڵی (١٩٨٤ )ەوە دەستی داوەتە نووسین، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧)دا یەکەم نووسینی بڵاو کراوەتەوە، جگە لە بڵاوکردنەوەی دەیان وتار و لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، تا ئێستا زیاتر لە بیست کتێبی لە بوارەکانی (مێژوو، سیاسەت، ئەدەب، فەرهەنگ و زمانناسی...) بە چاپ گەیاندووە.

**زیاد ڕەشاد:** چۆن خۆت لە دنیای نووسین و کتێب داناندا دۆزییەوە و سەرەتا بە چی دەستتان پێ کرد؟

**سەلام ناوخۆش:** لە ساڵی ١٩٨٢ برایەکم لە شەڕی کەنداوی یەکەم بە دیل گیرا، ئەو برایەم کتێبخانەیەکی بچکۆلەی لەماڵەوە هەبوو، ئەو کتێبخانەیەی وای لێ کردم هەر لە ناوەندییەوە شت بخوێنمەوە، سەرەتا هەر لە قۆناغی ئامادەییەوە هەستم کرد دەتوانم شیعر بنووسم. ئەو شیعر نووسینەم هەر بۆ خۆم بوو، هەتا ڕۆژێك لە کۆلیژ برادەرێکم شیعرەکانمی دیت و زۆری لێ کردم کە بینێرم بۆ ڕۆژنامەکان، ئەوە بوو ناردم، زوو بڵاو کرانەوە، بەڵام بە زۆر خوێندنەوەم گەیشتمە قەناعەتێك کە شیعر نووسین جیهانی من نییە، بە حوکمی ئەوەی لە هەشتاکاندا نەدەوێرام هیچ شتێ لەسەر مێژوو بڵاو بکەمەوە، بۆیە ڕووم کردە وەرگێڕان، یەکەم چیرۆکم لە ساڵی ١٩٨٦ وەرگێڕا، ئەو چیرۆکە بەناوی (بانقی حسابیم) بوو، هەروەها یەکەم نووسینیشم بە ناوی (دوو وێنەی ئەڤینی لە ڕۆمانەکانی هەمەنگوای) بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٩ نووسیبووم.

ئەوسا بڵاو کردنەوەی ئاسان نەبوو بۆ کەسی وەك ئێمە، برادەرێك لە دوای ڕاپەڕین پێی گوتم کە لە ساڵی ١٩٨٩ەوە نووسینێکی وەرگێڕدراوم لە مێژ بوو بڕیاری بڵاوکردنەوەی درابوو، بەڵام لەبەرئەوەی ناسراو نەبووم ئەوانەی لە (پاشکۆی ئێراق)دا کاریان دەکرد، هەر دوایان دەخست، هەتا ڕۆژێك بەقەد نووسینەکەی من بۆشایی لە دیزاینی ڕۆژنامەکە دروست ببوو، ئەوجا بڵاویان کردەوە!

یەکەم کتێب کە لە دوای ڕاپەڕین نووسیم، کتێبی (دۆزی کورد لەنێوان هەڵچوون و داچوونێکی ناکۆك) بوو، ئەم کتێبە تا ئێستاش چاپ نەکراوە!!

**زیاد ڕەشاد:** لەم سەردەمی پڕ لە دەنگە دەنگ و زۆر بوونی بوار و بابەتەکانی نووسین و لکەکانی ڕۆشنبیریدا، چەندە بڕوات بە پسپۆڕی هەیە؟

**سەلام ناوخۆش:** بێ گومان پسپۆڕی تەرکیزی نووسەر لەسەر بابەتێك چڕ دەکاتەوە، ئەمەش هەنگاوێکی ناوازە دەبێ لە ئافراندن و داهێناندا، بەڵام با دوو شت لە یەك جیا بکەینەوە، پسپۆڕی لە بواری زانکۆیی و پسپۆڕی لە بواری جیهانی دەرەوەی زانکۆدا، مەرج نییە ئەوەی ماستەرنامە یان دکتۆرای لە بوارێك هەبێ پسپۆڕیش بێت لەو بوارەدا، چونکە دەیان مامۆستای زانکۆ هەن تەنیا (مامۆستا)ن نەك پسپۆڕ! بۆ نموونە ئەو کەسەی ماستەر و دکتۆرای لە بەشی مێژوودا هەیە مانای وا نییە ئەو کەسە (موئەریخ – مێژوونووس) بێت، بەڵکو ئەو کەسە مامۆستای مێژووە و هیچی تر.

**زیاد ڕەشاد: ئەی بۆچی بەڕێزتان جگە لە زمان و فەرهەنگ (قامووس)، کتێبی مێژوویی و شتی تریش دەنووسن؟**

**سەلام ناوخۆش:** من خۆم ماستەرم لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، ماستەرنامەکەم توێژینەوەیەکی بەراوردکاییە، بە واتای کە لە زمان و فەرهەنگ دەنووسم، ئەوە مومارەسەی بەشێك لە کاری زانکۆیی خۆم دەکەم، هەرچی مەسەلەی مێژوو نووسینە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەرکە نەتەوەیی و دینییەی کە چەندین ساڵە لەگەڵمدا دەژیێت، باوەڕ ناکەم هیچ مێژوویێك بەقەد مێژووی ئێمە شێوێندرابێت، لە سەردەمی ئێستاشماندا زۆر خوێندنەوەی سەقەت بۆ مێژووی سیاسیمان دەکرێ، ئەو هەموو فاکتەرە، پاڵنەری سەرەکی بوون کە بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆم بۆ ئەو بوارە تەرخان بکەم.

**زیاد ڕەشاد: چی تازەت لەبەردەستە؟**

**سەلام ناوخۆش:** سێ کتێبم لەژێر دەستدایە، لەوانەیە بۆ ڕەمەزان هەموویان تەواو بن، دوو کتێب لەو سێ کتێبەش لە بارەی مێژووی کوردن، یەکێکیان بەناوی

(ئایین و ناسیۆنالیزم)ە، دووەمیان بەناوی (شێخ مەحمود و هەر سێ مێجەرەکە)یە، کتێبی سێیەمم کتێبێکی فیکرییە بەناوی (گەڕان بەدوای بەهەشتدا).

**زیاد ڕەشاد: کاتەکانی ژیانت زێتر بە خوێندنەوەی چی بەسەر دەبەیت؟**

**سەلام ناوخۆش:** هەر نووسەرە و ژیانێکی سەیری هەیە، جاران باوەڕم وا بوو کە دەرفەتم هەبێ هەموو ژیانم بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەم، بەڵام کە لە ژیانی هەقیقی ژیام، بۆم دەرکەوت کە ناتوانین ژیان ئەوەندە بچووك بکەینەوە تەنیا لە شتێك. بەشێك لە کاتم بە خوێندنەوەی هەندێ کتێب بەسەر دەبەم، کە ئاراستەی ئایندەیەکی ڕووناکم بکەن، کتێبی ڕەخنەیی جا لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، هەتا ئایینیش بێت، ئەو کتێبانەن کە زۆر دەیانخوێنمەوە !

**زیاد ڕەشاد: زۆر جار باس لەوە دەکرێ لە سەردەمی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا، خەریکە جێ پێی کتێب لێژ دەکرێت و ڕۆڵی جارانی ناهێڵن، تۆ پێت وایە کتێب ئەلتەرناتیڤی هەیە؟ بە بڕوای تۆ تەکنیکی تازە و میدیای ئەلیکترۆنی باو و ڕۆڵی کتێب کز دەکات؟**

**سەلام ناوخۆش:** ئەم سەردەمە سەردەمی کورتبڕییە، ئینسانی ئەم سەردەمە حەوسەڵەی ئەوەی نییە ڕۆمانێکی پێنج سەد – شەش سەد لاپەڕەیی بخوێنێتەوە، بەڵکو هەوڵ دەدا شتی کورت بخوێنێتەوە. ئەلتەرناتیڤی کتێب هەر کتێبە، تەکنیکی تازە و میدیای ئەلیکترۆنی ڕۆڵی کتێب کز دەکا، بەڵام ناتوانێ لەناوی ببات، چونکە ئەو چێژ و تامەی لە خوێندنەوەی کتێبێکی بەردەستدا هەیە، زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە شاشە دەیخوێنیتەوە.

**زیاد ڕەشاد:** به بڕوای تۆ چی بکرێ باشه تا خوێندەواری وڵاتی ئێمه تام‌وچێژ لـه کتێب و خوێندنەوه بکات؟

**سەلام ناوخۆش:** خوێندەواری وڵاتی ئێمه له (خوێندنەوه) تۆراوه، یاخود وای لـێ کراوه بتۆرێ، بێگومان ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات ئەو حاڵەتـەی دروست کـردووه. قوتابییـەك بـۆ نموونـه ئـەو هـەموو گوشـاره ئـابووری و سیاسـی و کۆمەڵایەتییەی لەسەر بێـت، چـۆن دەتـوانێ تـام لـه خوێندنـەوه بکـات، خوێندنـەوه فەزای خۆی دەوێ، فەراهەم هێنانی ئەو فەزا و هارمۆنییەته پابەنـده بـه ئەقڵیـەت و ستراتیژیەتی دەسەڵاتەوه، هەتا دەسەڵات بەو ئەقڵه له تاکی خۆی بڕوانێ، ئاکام هەر نەوەیەکی نەخوێندەواری لێ دەکەوێتەوه، جا بۆ ئەوەی وا له خوێندەوار بکەین تـام له خوێندنەوه بکات، دەبێ ئەو گوشارانەی لەسەر هەڵبگرین.

**زیـاد ڕەشـاد:** وەك مامۆسـتایەکی زانکـۆ، سیسـتمی پـەروەرده بـه گشـتی و پڕۆگرامی زانکۆکانی کوردستان چۆن دەبینی؟

**سەلام ناوخۆش:** ئەوەی ئێستا هەیه نـاتوانین نـاوی پڕۆگرامـی لـێ بنـێین، بـەڵکو تەنیا چـەند شـتێکی بـاو و سـواوی چـەند سـاڵەی ڕابـردووه، ئەمـه و دوو بەشـەکەی دیکـەی نـاو پڕۆگـرام کـه مامۆسـتا و قوتـابین، لـه دوو دۆڵـی جیـاوازدان، هـیچ هارمۆنییەتێك لەنێوان ئەم سـێیەدا نییـه، ئـەم پڕۆگرامـەی ئێسـتای پـەروەرده، یـان زانکۆ، هی ئەقڵێکی کۆنه به نەزەر نەوەی نوێوه، بۆیه هـیچ ئافرانـدنێك بـەرپا نـابێ، ئەو پڕۆگرامه مامۆستا و قوتابی دەرەقەتی نایەن، چونکه هی زەمەنی ئەوان نییه.

**زیاد ڕەشاد:** چەنده لەگەڵ ئەو بۆچوونانه دایت، که زۆر کەڕەت زانکـۆی ئێمـه وەك وێرانه و کەلاوەیەك وەسـف دەکـەن؟ تـۆ وا نابینیـت زیادەڕەوییـەك لـەو

**وەسفەدا هەیە، وەك چۆن كورتبینییەكی ئاشكرا لە دیدی ئەوانەشـدا هەیـە كـە زانكۆی ئێمە وەك ناوەندێكی كامڵ و بێ عەیب پیشان دەدەن؟**

**سەلام ناوخۆش:** ئەوانەی لە دەرەوەی زانكۆن، زانكۆ بە كەلاوە و وێرانـە وەسـف دەكـەن، ئەوانـەی لـە نـاوەوەی زانكۆشـن، زانكـۆ بـە ناوەنـدێكی مـەعریفی وەسـف دەكەن. خۆم لەگەڵ هیچ كامیانـدا نـیم، ئەوانـەی دەرەوەی زانكـۆ بـە پێـی پێـوەر و دابی زانكۆ بۆیان نییە هیچ ڕۆڵێكیان لە زانكۆدا هەبێت، ئەو بێ ڕۆڵ كردنـە بێگومـان ڕەنگدانەوەیەكی نێگەتیڤی دەبێت، ئەمە ئـەوە ناگەیـەنێ كـە ئەوانـە هـەرگیز ڕاسـت ناكەن، بەڵكو بانگەشەكەیان ئامانجێكی لە پشتەوەیە، ئەویش دژایەتیكردنی كادیری زانكۆیە. بەشێكی زۆری كادیری زانكۆش بەهۆی بڕوانامەكەیەوە خۆی لە تەلیسمێكدا دەنـوێنێ و لـە واهیمەیەكـدا دەژی، وا دەزانـێ ئـەو بۆتـە (بەراهیمـە) و دەرەوەی زانكـۆش هـەر (شـۆلدەر)ن! ئـەو بەدحاڵیبوونـە لـە زانكـۆ و دەرەوەی زانكـۆ، ئـەو ڕەوشەی لەنێوان هەر دوو بەرەدا دروست كـردووە. بـە نـەزەری مـن، زانكـۆ نـە ئـەو كەلاوەیەیە كە چاوەڕێی هیچی لێ ناكرێ و نە ئەو ناوەندە مەعریفییەشە كە وەڵامـی هەموو پرسیارەكان بداتەوە! بێ گومان كە زانكۆ ڕازی بوو ببێتە (پاشكۆی حیـزب)، حیزبیش بە گوێرەی بەرژەوەنـدی خـۆی هەڵیدەسوڕێنێ، لـەو نێوەشـدا مەعریفـە و داهێنان دەبنە قوربانی!

**زیاد ڕەشاد: وەك نووسەر و ڕۆشنبیرێك پێت وایە پێگـە و پایـەی ڕۆشـنبیرانی كورد لە كوێدایە، ئایا بە ڕاست شتێكمان هەیە بەناوی دەسەڵاتی ڕۆشنبیران؟**

**سـەلام نـاوخۆش:** لـە وڵاتـی ئێمـەدا (وەك هـەر وڵاتێكـی دیكـەی ڕۆژهـەڵاتی)، دەسـەڵاتی سیاسـی وڵات توانیویـەتی دەسـەڵاتی ڕۆشـنبیری دەسـتەمۆ بكـات، دەسـەڵاتی سیاسـی وڵات لـەلای ئێمـە یـانی دەسـەڵاتی حیزبـی، جـا كـە حیـزب و

دەسەلآت یەك شت بوون، دەرفەتی ڕۆشنبیرانی دەرەوەی حیزب بچووك دەبێتـەوە. کـە بـژێوی وەزیفـی و غـەیرە وەزیفـی بـە دەسـتی حیزبـەوە بێـت، ئـەوەی کـە لـەم نێوەندەدا دەمێنێتەوە، دەبێ دەسەلآتی لە چاو دەسەلآتی ڕۆشنبیریی حیزبی چـەند بـڕ بکـات؟! ئەوانـەی لـە دەرەوەی حیزبـدان، کـەم ڕێـك دەکـەوێ لەبەرەیـەك، یـا سەندیکایەکدا یەکگرتوو بن، ئەو قەڵەمانە هەر ئەوەندەیان لە دەست دێ هەندێ شت بـورووژێنن، بـەڵام دەسـەلآتی ئـەوەیان نییـە شـت بگـۆڕن، بێگومـان کـە حیـزب و حکومـەت لـە یـەك جیابوونـەوە و هەریەکـە و سـنووری خـۆی زانـی، یـان ڕێکـتر کـە حکومەت سنووری بۆ دەسەلآتی حیزب دانا نەك بـە پێچـەوانەوە، ئەوسـا دەسـەلآتی ڕۆشنبیران بەرپا دەبێ. ئەوەی ئێستا هەیە دەسەلآت نییە، بەڵکو دەنگێکە نـوزەی دێت.

**زیـاد ڕەشـاد: لـە شـوێنێکدا خوێندمـەوە کـە "عەرەبـەکان لـە عەسـری (مەئموون)ەوە تا ئەمڕۆ چەند کتێبیان وەرگێڕاوە، بەقەد کتێبـە وەرگێڕدراوەکـانی یەك ساڵی دەوڵەتێکی ئەورووپایی دەبێت"، وەك کەسێك کە تا ئێستا چەند وتار و کتێبێکت پاچڤە کردووە، ڕەوش و باری وەرگێڕانی کوردی چۆن دەبینـی و لـە چ ئاستێکدایە؟**

**سـەلام نـاوخۆش:** عـەرەب بـە ئیسـلامەوە هـەبوون، پـێش ئیسـلام هـیچ شارستانییەتێکیان نەبووە، دواکەوتووترین نەتەوە بـوون بـەراورد بەگـەلانی دی، بـە ئیسلام بوونە پێشەنگ، کە ناسیۆنالیستی عەرەبی دەسەلآتدار لە ئیسلام هەڵگەڕاوە، دووبارە بوونەوە یەکێ لەو نەتەوانەی کە هیچ حیسێبێکیان بۆ ناکرێ.

ئـەو دەمـەی موسـڵمانەکان خـەریکی کـاری وەرگێـڕان بـوون، ئەورووپاییـەکان خەریکی شەڕوشـۆڕی یـەکتری بـوون، لـە قۆناغێکـدا دەژیـان ئـەقڵیان لـە شـیرەکەی

دەستیاندا بوو، لەولاشەوە کڵێسا نەهامەتی تری بۆ دروست دەکردن، کڵێسا خەریك بوو ئەقڵی داگیر دەکردن بۆ ئەوەی قەت بیر نەکەنەوە و "ڕاستی" تەنیا لەنێو "کتێبی پیرۆز"دا ببینن!

مەسەلەکە پەیوەستە بە ئیش کردنەوە، ئەمڕۆ ئەقڵی عەرەبی ڕاوەستاوە، چونکە لەسەر هیچ نییە، هەرچی ئەورپاییەکەیە ئیش دەکات، ئەقڵی ئاراستەی دەکات، نەك کڵێسا!

مالیزیاییە موسڵمانەکان ئەوەتا بەهێزترین وڵاتی ئاسیان، لە بواری ئەلیکترۆنیدا کەم وڵاتی ئەورووپایی هەیە بگاتە ئەو ئاستە! لە وەرگێڕاندا کەم وڵاتی عەرەبی و ئەورووپایی هەیە بگاتە ئێران، ئەوەی دوا کەوتووە لە وەرگێڕاندا ئێمەی کوردین، لەوانەیە نزیکەی ملیۆنێك کورد لە ئەوروپا هەبن، بەڵام لە سەدا یەکی ئەو ملیۆنە خەریکی کاری وەرگێڕان نییە، کە کوردە ئەوروپاییەکان ئاوا بن، دەبێ ئەوانەی وڵات چۆن بن؟! نەوەی نوێ لە غەیری زمانی کوردی چیتر نازانێ، ئاوا بڕوا، نەوەیەکی بێ ئاگامان بۆ دروست دەبێت!

من خۆم جگە لە دەیان وتار، سێ کتێبیشم لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوە، کاتێ ئەو هەموو وەرگێڕانەم کردووە، هیچ فەرهەنگێکی ئینگلیزی لە کوردستان نەبووە، ئێستا ئەو هەموو دەرفەتە لەبارە کەچی ڕەوشی وەرگێڕان زۆر کزە، ئێمە بە هیچ وڵاتێك بەراورد ناکرێین.

ئەیلوولی ٢٠٠٦

❑



د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان:

# سۆفیزم دوورکەوتنەوەیە لە ماددەپەرستی و گیان ئامادەکردنە بەرەو جیهانی باڵای نەست

د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، لە ساڵی (١٩٥٠) لە گوندی (گردعازەبان)ی سەر بە ناحیەی قوشتەپە لە دایك بووە. دکتۆرای لە ئەدەبی کوردیدا هەیە و ئێستا یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی زمانە. لە هەفتاکانەوە دەنووسێت، جگە لە نووسینی چەندین وتار و لێکۆڵینەوە کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاو کراونەتەوە، هەروەها ژمارەیەك کتێبشی بە چاپ گەیاندووە، وەك:

١- دەنگێ لە گردعازەبانەوە / شیعر، ١٩٧٧

٢-لەیلا و مەجنون / شیعر، ١٩٧٨

٣-خەرمانلۆغە/ شیعر بۆ منداڵان، ١٩٨٥

٤-کارگە شاراوەکان/ وەرگێڕان، ٢٠٠٠

**٥-شەش پێی بەحری/ حەکایەتی سەرزاری، ٢٠٠٣**

**٦-شێخ عەبدولقادری گەیلانی/ وەرگێڕان، ٢٠٠٣**

**٧-سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم/ وەرگێڕان، ٢٠٠٤**

**٨-سۆفیگەری/ شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا، ٢٠٠١**

**٩- محمد ﷺ وەك لە کتێبی جوولەکە و دیانەکاندا هاتووە/وەرگێڕان، ٢٠٠٦**

**١٠-گوتە کورتەکانی بابا تاهیری هەمەدانی/ وەرگێڕانی لە فارسییەوە.**

**١١-حەکایەتەکانی پێش نووستن بۆ منداڵان/ وەرگێڕان، ٢٠٠٦.**

**د. ئیبراهیم لەم دیمانەیەدا، جگە لە باس کردنی ئەزموونی نووسینی خۆی، هەروەها وەڵامی چەند پرسیارێك لە بارەی سۆفیزم و زمان و میتۆدی خوێندنی کوردستان... دەداتەوە:**

**زیاد ڕەشاد:** یەکەم نووسین کە بڵاوت کردەوە کەی و چی بوو؟

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** یەکەم نووسینم شیعر بوو، بە ناونیشانی (ڕەوای مافە؟) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری تیشك (کە خانەی مامۆستایانی هەولێر دەری دەکرد) لە ساڵی ١٩٧٠دا بڵاو کرایەوە.

**زیاد ڕەشاد:** لەکاتی لاویتدا لەگەڵ کام شاعیر و نووسەر هاموشۆتان هەبوو؟ هاوەڵەکانی نووسینی لاویت کێ بوون، ڕەوشی نووسین و ڕۆشنبیریی ئەوسای ناوچەی هەولێر چۆن بوو؟

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** لە شیعر نووسیندا کاریگەری پەشێوم لەسەر بوو و هاموشۆی یەکمان دەکرد، هاوەڵەکانی نووسینم (خوالێخۆشبوو نووری

ئیسماعیل نانەکەلی و عومەر سەید محەممەد بەرزنجی و حەمەساڵح فەرهادی و سامی عەلی گەردی و کاکل محەممەد تاهیر و موحسین جوامێر و سابیر گردعازەبانی) و هیدی بوون.

لە کۆتایی شەستەکاندا لە خانەی مامۆستایان بووم، هەردوو بەڕێزان مامۆستا مەجید ئاسنگەر و مامۆستا حەمە کەریم هەورامی هانیان دەداین کە بخوێنینەوە و بنووسین.

گەنجەکانی ئەوسا گەلێکیان خۆیان بە خوێندنەوەی کتێبی ئەدەبی و سیاسی و کەمێکیشیان فەلسەفی خەریك کردبوو، سەرچاوەکانیش بە پلەی یەکەم عەرەبی بوون و ئێمەش کەم تا زۆرێك عەرەبیمان دەزانی، لەو سەردەمیشدا بە گشتی ئەوەی دەستی بە نووسین دەکرد نۆبەرەکەی شیعر بوو و خۆشمان زۆر جاران بە گاڵتەوە دەمانگوت (بۆتە حەشری . . . لەم حوجرەدا)، بەڵام لەم هەموو شاعیرانەدا چەند کەسێکیان بەردەوام بوون و وەکو شاعیر ناویان دەرکرد.

**زیاد ڕەشاد:** ئەی ئێستا لەگەڵ شیعر بەینتان چۆنە؟

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** ڕاستە بە شیعر دەستم پێ کردووە، بەڵام لەوەتەی تووشی زانکۆ و لێکۆڵینەوەی ئەوێ بوومە، لە شیعر تەریکی کردوومە و جاروبار ڕووداوێ دەمهەژێنێ و چەند دێڕێکی بۆ دەنووسم، بەڵام تا ئێستا خۆم بە شاعیر دانەناوە و ئاشنای جیهانەکەیم.

**زیاد ڕەشاد:** زۆرتر چی دەخوێنیتەوە و بە کێ کاریگەری؟

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** زۆرتر خەریکی خوێندنەوەی سۆفیزم و گرووپە ئایینییەکانی کوردم، زۆر حەز دەکەم شارەزایی لە هەموویاندا پەیدا بکەم، بەڵام بەداخەوە سەرچاوەی باوەڕپێکراو کەمن و هەموویان بەزۆری هەر کایە کۆنەکە

بـەبا دەکەنـەوە، لـە خوێندنـەوەی شـیعر (نـەك میعـر) چـێژ وەردەگـرم و دوو بەیتـەکانی بابـە تـاهیری هەمـەدانی ڕووبـەرێکی فراوانـی دەروونیـان داگرتـووم، مەولەوی و مەحویش هەر لەبیر ناکرێن.

**زیاد ڕەشـاد: سۆفیگەری دنیایەکی گەورە و بەرفراوانە، سۆفیگەری لای ئێـوە چی دەگەیەنێ؟**

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شـوان:** سـۆفیزم دوورکەوتنەوەیـە لـە ماددەپـەرسـتی و گیان ئامادەکردنە بەرەو جیهانی باڵای نەست، قـووڵ بوونـەوە و بەناخـدا چـوونی ئیسلامە و (وَإِذَا خَاطَبَهُمْ الْجَاهِلُونَ قَالُوا سَلاَمًا).

**زیاد ڕەشـاد: ئایا شتێك هەیە بە ناوی سۆفیگەری کوردی و غـەیرە کـوردی؟ ئەگەر هەیـە خاڵـە وێکچـوو و جیاوازەکـانی نێـوان سـۆفیگەری کـوردی لەگـەڵ نەتەوەکانی دی لەچیدایە؟**

**د.ئیبـراهیم ئەحمـەد شـوان:** لەبنچـینەدا سـۆفیزمی کـوردی بـەردەوامی سـۆفیزمی سـوننی جونێـدی بەغـدادیی و غـەزالی و عەبـدولقادری گـەیلانی و شـای نەقشبەندی و مەولانا خالیدی شارەزوورییە و لە چوارچێوەی ئیسلامەکەدایە و بـۆ بـرەو پێدانیـەتی، هـەر ئەوەندەیـە لـەدوای ڕووخـانی میرنشـینی بابـان و هـەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی توانیان ئەو بۆشاییە سیاسییە پڕ بکەنەوە و هـەردوو دەسەڵاتی ئایینی و ڕامیارییان هەبوو.

**زیاد ڕەشاد: ئەو کوردانـەی لـە بـواری عیرفـان و سـۆفیگەریدا نووسـیویانە کامیانت زێتر بە دڵە؟**

**د.ئیبـراهیم ئەحمـەد شـوان:** زۆربـەی نووسـینە سـۆفیزمییەکان بـە زمـانی فارسی و عەرەبی بوونە، لەوانەش مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخەکانی بیـارە

و تەوێڵە و کاك ئەحمەدی شێخ و شێخ نوورەددینی بریفکانی و مەولەوی، ئەوانەی بە کوردییان نووسیوە ژمارەیان کەمە و لە پەنجەکانی دەست دەرناچن.. یەکەم بەرهەم کە توانیبێتی سۆفیزم بە خوێنەری کورد بناسێنێ (تەصەوف چییە)ی بە هەشتی ئەمینی شێخ عەلائەدین نەقشەبەندییە، کە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکیی گرتووەتە خۆی و جەختی لەسەر ڕێبازی نەقشبەندی کردووە.

**زیاد ڕەشاد:** نووسەرێك دەڵێ: **"فەیلەسوفەکان هیچیان نەکردوو، ئەوە نەبێ تەفسیری دونیایان کردووە بەشێوەی جۆراوجۆر، کەچی گرنگ ئەوەیە بیگۆڕن"، با لەفەیلەسوفەکان بگەڕێین، باشە بە بڕوای تۆ سۆفییەکان چیان کردووە؟**

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** سۆفییەکان لەزۆر ڕووەوە بوونی خۆیان سەلماندووە و وەکو توێژێکی کارا لە کۆمەڵگادا ڕۆڵیان هەبووە. لە ڕووی ڕێباز و ئایینەوە توانیویانە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی لە خۆیان کۆبکەنەوە و بەرەو لایەنی گیانی ئیسلامییان ببەن. نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە شێخانی تەریقەت هەر پیاوی تەکیە و خانەقا نەبوون، بەڵکو لە کاتی پێویستدا چەکی جیهادیان کردووەتە شان و هانی خەڵکیان داوە بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕ، نموونەی ئەمەش شێخ عەبدولعەزیزی کوڕی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە.

هەروەها شێخ عەبدولقادر خۆی ڕۆڵێکی مەزنی هەبووە لە ئەفریقیا بۆ بڵاوکردنەوەی ئیسلام و توانی بەری هێرشی بەدیانکردن بگرێت لە خوارووی ئەفریقیادا.

جگە لەمانەش شێخەکانی کوردستان بۆ ماوەیەکی زۆر پایەگایەکی سیاسییان هەبووە و هەندێکیان پێشەوای هەڵگیرساندنی بزوتنەوەی چەکداری و شۆڕشەکانی کورد بوون و لەو پێناوەشدا گیانی خۆیان بەخت کردووە.

لە ڕووی ڕۆشنبیری و ئەدەبیشەوە کەس ناتوانێ نکووڵی لە بەرهەمەکانیان بکات، چ زانستی بێت، یان سۆفییانە، یان ئەدەبی...

ئەوەی ئاشنای ئەدەبیاتە، دەزانێ شیعری سۆفییانە لووتکەی هەموو شیعرەکانە و ئەگەر ئەم جۆرە بەرهەمە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و کورد بە تایبەتی ئاوێر بکرێ، ئەوا بەرهەمێکی هێندە بەپێز بەدی ناکرێت.

ئەگەر کورد خاوەنی بابە تاهیری هەمەدانی و جزیری و مەولانا خالید و مەحوی و مەولەوی نەبێ، دەبێ چۆن پێ بنێتە گۆڕەپانی ئەدەبیاتەوە و شانازی بە چی بکات؟ خۆ مەبەستم ئەوە نییە کە هەر خاوەنی ئەوانەین، بەڵکو ئەوانە لووتکەن لە پاڵ لووتکەکانی دیکەدا.

**زیاد ڕەشاد:** **وەك کەسێك کە ساڵانێك بەر لە ئێستا سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بوون و ئێستاش جێگری عەمیدی کۆلێژی زمانن، مەنهەجی خوێندنی ئێمە (لەسەرەتاییەوە تا زانکۆ) چۆن دەبینن، بەتایبەتی تێکەڵ کردنی ڕێزمانی سۆرانی و بادینی؟**

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕینەوە بەرنامەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی دەستیان تێ وەردراوە و گۆڕانکاری بەسەریاندا هێنراوە. بەڵام هێشتا بەقەد پێویست نین و لە ئاست گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا نین، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی کە لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراون، زۆریان سەقەتن و نەك هەر قوتابیی بەستەزمان تێیان ناگات، بەڵکو وەرگێڕەکانیش ساتمەی تێدا دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی وەرگێڕانی بەرنامەکان تاپۆی سەر هەندێ کەس کراوە، کە هەندێ لەوانەش یا کوردیزان نین یاخود عەرەبیزان نین. وەرگێڕانەکان بەگشتی وشە بە وشەن (تەرجەمەی حەرفیین)، بۆیە وشکن و واتای تەواو نابەخشن. مەرج نییە لە

وەرگێڕاندا هەموو وشەیێ یان زاراوەیێ وەربگێڕدرێ، ئەگەر بەرامبەری نەبوو با وەکو خۆی بنووسرێتەوە.

بەرنامەکانی زانکۆش لەدوای ڕاپەڕیندا چەند جارێك بە کۆنفرانس بێت یان بە کۆنگرەی زانستی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، بەڵام ئایا ئەو گۆڕانانە کاریان لە بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی قوتابییان کردووە؟ بێگومان نەخێر.. هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی دەبێ لە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێ بکات، هەر کە لە سەرەتایی ئاستی زانستی بەرز بوویەوە، کاریگەری بەسەر قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی دەبێت و لە ئەنجامدا کۆمەڵە قوتابییەکی ئاستبەرز بەرەو زانکۆ دێن.

پێم سەیرە زۆر جاران بە هەزاران دۆلار خەرج دەکرێ بۆ بەستنی کۆنفرانس یان کۆنگرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابییانی زانکۆ، کەچی ئەو دۆلارانە تەنیا گیرفانی هەندێ کەس گەرم دەکەنەوە بێ ئەوەی هیچ سوودێکی زانستییان هەبێت.

هەر کەسێ بیەوێ ئاستی زانستی لە زانکۆ بەرز بکاتەوە بە بازدان بەسەر قۆناغەکانی سەرەتایی و دواناوەندیدا، وەکو ئەو کەسە وایە کە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی لەسەر زبڵدان دروست بکات، نهۆمی سێیەمی چاك دەڕازێنێتەوە و هێندەی پێ ناچێ باڵەخانەکەی هەرەس دێنێ، چونکە بناغەی نییە. تێکەڵ کردنی ڕێزمانی بادینی و سۆرانی زیانی لە سوودەکەی پترە، چونکە هەموو منداڵەکان سەریان لێ دەشێوێت و لە ئەنجامدا هەردوو دیالێکتەکە بە نیوەچڵی فێر دەبن، ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین دیارە کە ماوەی سەدەیەکە زمانی قوتابخانەی شیعری (نالی) زمانی ڕەسمی و فێرکردنە و لە هەر چوار لای کوردستانی خواروو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و چەندین کەڵەنووسەر و شاعیر بەم دیالێکتەیان خوێندووە (کە خۆیان لە

دیالێکتی دیکە بوون)، کۆسپ و تەگەرەیان نەهاتووەتە بەردەم. هەر هەوڵێ بۆ لەکارخستنی ئەم زمانە ئەدەبییە، کورد دەکاتە دوو میللەت و بە دەستی خۆمان ماڵی خۆمان وێران دەکەین.

**زیاد ڕەشاد: لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئێستا زۆرێک لە نووسەر و ڕۆشنبیران داوای پیادەکردنی ڕێنووسی لاتینییان کردووە و دەکەن، بە بڕوای ئێوە بەکاربردنی ئەلف و بێی لاتینی لەباتی عەرەبی چ گرفتێک چارەسەردەکات؟**

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** حەزم دەکرد پرسیارەکە بەم شێوە بوایە: (چ گرفتێك دەنێتەوە؟)، هیچ ئەلف و بێیەك لە جیهاندا بەبێ گرفت نییە، زمانی ئینگلیزی کە زمانێکی جیهانییە بە دەیان گرفتی تێدایە و ئەلف و بێیەکەی پڕ بە پێستی فۆنیمەکانی نییە، جاری وا هەیە چوار پیت بۆ یەك دەنگ بەکار دێت، بۆ نموونە لە جیاتی (ش ـ tion) بەکار دەهێنرێت، ئەمەو دەیان گرفتی دیکە کە ئێرە جێگەی نیشاندانی نییە.

ئەگەر خوا نەکا ڕۆژێك لە ڕۆژان لاتینی بێتە جێگەی ئەلف و بێی ئێستەمان، ئەوا نەوەکانی داهاتوومان لە هەموو نووسینە کۆنەکانمان دادەبڕێن و بەدەردی گەنجەکانی ئێستای تورکیا دەچین، من نازانم حیکمەت لە گۆڕینی ئەلف و بێمان چییە، ئایا ئەلف و بێی لاتینی هینی خۆمانە؟! ئەگەر بڵێین لاتینی فۆنیمی بزرۆکەمانە بۆ دەژیێنێتەوە، وەك (من =min)، بەڵام چەندین فۆنیمی دیکە شوونبزر دەکا و بە چەکوچکاری نەبێ دەنگی دەرنابڕدرێ.

ئێمەی کورد لەمێژە بە دەست دوانەییەوە دەناڵێنین، لەوانی دیکە گەلێ سوودمان وەرگرتووە، هەر نۆرەی کێشەی دوانەیی ئەلف و بێی لاتینی و عەرەبی ماوە، کە زیاتر قوڕەکەمان بۆ خەست بکاتەوە.

**زیـــاد ڕەشــاد:** بەرهـــەم و پـــرۆژەی داهاتووتـــان چـــییە و چـــی تازەتـــان لەبەردەستدایە؟

**د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان:** گەر ماوە و تەمەن هەبێ پڕۆژە هەن و بەتـەمام جێبەجێیان بکەم، لەوانەش:

١–چاپ کردنی شیعرەکانم.

٢–چاپ کردنی باسە زانستییەکانم.

٣–دانانی کتێبێك لەسەر (ئەدەبی سۆفیزمی کوردی).

٤–بە چاپ گەیاندنی هەندێ دەستنووس.

کانوونی دووەمی ٢٠٠٧

❑



مومتاز حەیدەری:

# یەکێ لە خاڵە لاوازەکانم ئەوەیە تا ئێستا بیرەوەرییەکانی خۆم نەنووسیوەتەوە

**تەمەنی نزیکەی (٧٠) ساڵ دەبێت و ڕۆژانە نزیکەی (٥) سەعات کتێب و چاپەمەنی دەخوێنێتەوە، ئەگەرچی ئاستی خوێندنی ئەکادیمی بەرزی نییە، وەلێ لە بواری نووسین و ڕۆژنامەنووسیدا شوێنی خۆی کردووەتەوە. هاوکات خاوەنی کتێبخانەیەکی ئێجگار گەورە و قەرەباڵغە، بەشێوەیەك دەیان و سەدان قوتابی زانکۆ بۆ باس و لێکۆڵینەوەکانیان سوود لە دەستنوس و دیکۆمێنت و چاپکراوەکانی نێو ئەو نامەخانەیە دەبینین. ئەو وەك زۆرێك لە نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئەم نەتەوەی ئێمە، سەرەتا بە شیعر دەستی پێ کردووە، یەکەم شیعری دڵداریشی کە لە گونددا نووسیوە گاڵتەیان پێ کردووە. پاشتر لە حەفتاکاندا لە کاری ڕاگەیاندن دوورخراوەتەوە، لەسەر ئەوەی لەباتی (ئۆتۆنۆمی) نووسیویەتی (کوردستان)، ئێستاش گۆڤاری (K21) دەردەکات و خود بە خود (کۆماری کوردستان)ی ڕاگەیاندووە.**

**سەرلەبەیانییەك لە كتێبخانەكەی خۆی، لە گەڕەكی ئازادیی شاری هەولێر، بووین بە میوانی (مومتاز حەیدەری) و ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا:**

**زیاد ڕەشاد: تۆ کەی و لەکوێ لە دایك بوویت؟**

**مومتاز حەیدەری:** من زادەی بنەماڵەیەكی ناسراوی كوردستانم، كە بە ناوی بنەماڵەی (حەیدەرییان)ە، بنەماڵەیەكی زانستپەروەر و ئایینپەروەر بووینە، من لە شاری هەولێر لە ١٩٣٨/٣/٨ لە دایك بوویمە.

**زیاد ڕەشاد: (حەیدەری) بنەماڵەیە، یا تیرە و عەشیرەت؟**

**مومتاز حەیدەری:** (حەیدەری) بنەماڵەن، (كە دەگەڕێتەوە بۆ حەیدەری یەكەم)، حەیدەری یەكەم كە زانایەكی ئێجگار گەورەی وەكو دەڵێن ئایینی ئیسلامی (زانستی ئیسلامی) بووە، بەر لە (٤٠٠) سەد ساڵ لە شارۆچكەی هەریر لە دایك بووە. ئەو زانایە گەورەیە ناوبانگی زۆری دەركردووە، ناوی (حەیدەر) بووە. ئەوە پێی دەڵێن حەیدەری یەكەم و گۆڕەكەی لە (سارداو)ێیە، پاشی ئەویش ئەحمەد حەیدەری دووەمە، حەیدەری دووەم ئێستا لە هەولێرە، لە تەك (شێخەڵڵا)یە، لەسەر قەبرەكەی نووسراوە (زانای بەناوبانگ حەیدەری دووەم، لە ساڵی ١٧١٦ ئەمری خوای كردووە). لەوساوە ئێمە زۆربەی هەرە زۆرمان لە شاری هەولێر و ماوەران دەژین، بەڵام دیارە پاشی ئەوەی كە لە هەریرێ ژیاون، لێرە پەرەیان سەندووە، بنەماڵەكە فراوان بووە و مزگەوتیان دروست كردووە، چوونەتە ماوەرانێ، ماوەران گوندێكی گەورە بووە لە پشت چیای سۆركی، شوێنەكەشی وەكو دەڵێن ستراتیژییە، (٦) ڕێگای لێ دەبێتەوە، ئەوانیش ئەوانەن: (بە ئێران و بادینان و هیران و نازەنین و دەچێتەوە ڕێی سلێمانی) و ماوەران بوویتە مەركەزێكی زانستی گەورە بۆ پێگەیاندنی زانا و مامۆستای ئایینی، لەوێندەرێ (٣٠) حوجرە و مەدرەسە هەبووە تا ساڵی ١٩١٩ بەر لەوەی ئینگلیزەكان

بۆردوومانی بکەن، دوو مزگەوتی گەورەشی لێ بووە و تەنانەت باسی ئەوەش هەیە زانایان لە مەیدانی لێکۆڵینەوە لەناو ئەو مەلایانەی کە لە بەغدا زانستی نەقلّی تەواو دەکەن بۆ علومی عەقلّی لەسەر دەستی حەیدەرییەکان تەواو دەکەن، ماوەران مەڵبەندێکی زانستی بووە بۆ پێگەیاندنی مامۆستای ئایینی لەسەر ئاستی کوردستان، وەك لە پێشی گوتم، هەتا ئەوانەی علومی (نەقلّی)یان تەواو دەکەن و علومی عەقلّی رابهێنن، تەنانەت دەڵێن (نالی)ی شاعیری گەورەی کورد، ئەویش ماوەیەك لە ماوەرانێ بووە و خوێندوویەتی، ئەو سەردەمەی کە نالی لە ماوەرانێ بووە، صەبغەتوڵڵای گەورە نەقلّی بەغدا کراوە، دیارە کوڕەکەی ئیبراهیم دەرسی پێ گوتووە، نالی گوایە صەبغەتوڵڵای گەورە نامەیەك دەنووسێ بۆ نالی، تا بزانێ حالّ و وەزعی چۆنە، ئەویش دیارە گلەیی دەکات و دەڵێ: (ستوونی مەدرەسە ئوستادمانە) و دەڵێ: پاش تۆ ئەو مەلایانە نەمان دەرسمان پێ بڵێن، بەڵام تا ئێستا سەرچاوەکان دووپاتیان نەکردووەتەوە کە نالی لە ماوەرانێ خوێندووە، یان ئیشیان لەسەر نەکردووە، تەنانەت من بە جەنابی (محەممەدی مەلا کەریم) و بە (د.کەمال مەزهەر)یشم گوتووە، کە لەوە بکۆڵنەوە بۆ ئەوەی بزانین فیعلەن نالی لە ماوەرانێ خوێندوویەتی یان نا، هەروەها دەڵێن نالی نامەیەکی هەیە، وەکو دەڵێن ئەو نامەیە بۆ صەبغەتوڵڵای ناردووە، لە دواییدا لای باوکم ماوەتەوە، باوکم زۆر شانازی پێوە کردووە و هەموو دەمێ لە ژێر سەرینەکەی بووە، بەڵام بەداخەوە ئەوانە هیچیان نەماون، تەنانەت مام ناسیح حەیدەری باوکی شێروان حەیدەری، کە مام ناسیح پلکزامە، دەیگوت نامەیەکی زۆر جوان و ناسك بوو و زۆر شانازی پێوە دەکرد و هەموو دەم لەناو پەڕەکانی قورئاندا دایدەنا.

ئەمەیە بنەماڵەی حەیدەری، کە بنەماڵەیەکی زانا و ئایینپەروەر بوون، هەر بەوەش ناوبانگی دەرکردووە و پاشان چەندین زانایان لێ هەڵکەوتووە. مامۆستای بەهەشتی جەنابی مامۆستا (عەبدولکەریمی مودەڕیس) لە کتێبی (یادی مەردان) و

(علمائنا في خدمة الدين) و (المركز المضمورة في كوردستان) باسی ماوەران دەکات و باسی بنەماڵەی حەیدەرییان دەکات و دەڵێ (٤٠٠) ساڵ خزمەتی ئایین و زانست دەکەن، بەهەرحاڵ بنەماڵەی حەیدەرییان یەکێکە لەو بنەماڵە گەورانەی لە مەیدانی کۆمەلایەتی و زێتریش بەتایبەتی بە ئایینی ناسراون، منیش شاگردێکی ئەو بنەماڵەیەم.

**زیاد ڕەشاد:** ئاستی خوێندنی ئەکادیمیت چەندە، تا چەندت خوێندووە؟

**مومتاز حەیدەری:** ئاستی خوێندەواریم زۆر کەمە، چونکە لە ئەنجامی کەشێکی سیاسی و دژواری کوردستان و بە هۆی باری ئابووریمانەوە، لە سێی سەرەتایی وازم لە خوێندن هێنا و من و جەمشیدی برام، چونکە بنەماڵەکەمان پاشی بەند کردنی هەر چوار برا گەورەکەم و دایکمان پەککەوتە و باوکمان پەککەوتە و دوو خوشکی بە تەمەن و خوشکێکی بچکۆلانەمان هەبوو ڕوومان لە گوندەکەی خۆمان کرد و گوندی (بێریات)، بەلام پاش ماوەیەك کاك ساڵحی برا گەورەمان لە بەندیخانە ئازاد کرا بۆ ئەوەی ئێمە لە خوێندن دانەبڕێین، لە هەولێر چەند دانەیەك لە گۆڤاری گەلاوێژی بۆ هێناین، بەلام پاشی ساڵی (١٩٥٥) کە گەڕاینەوە بۆ هەولێر دەستمان کردەوە بە خوێندنی ڕەسمی لە چوارەمی سەرەتایی وەرگیراین، بەلام ئەمجارەش دابڕام لە خوێندن، بە هۆی شۆڕشی چواردەمی تەمووزەوە، دواتر لە ناوەڕاستی (٦٠)ەکانەوە بۆ ماوەی دوو ساڵ چووم بۆ (مۆسکۆ) وەکو بڵێین خولێك یان پەیمانگایەکی زانستە کۆمەلایەتییەکانم خوێندووە، هەرچەند ئەو پەیمانگایە ئیعترافی پێ نەکرا لەلایەن ئێراقەوە، من خۆم بەم شێوەیە، بەلام قوتابی خوێندنەوەم و دوای ئەو هەموو ئازار و ماندووبوونەی چێشتوومە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ڕۆژانە لە یەك کاتژمێر هەتا (٥) کاتژمێر دەخوێنمەوە، خوێندنەوە

سەرچاوەی ژیانە، بۆیە داواکارم گەنجانی ئێستا کە کەم دەخوێننەوە!!: هیوادارم زۆر زۆر بخوێننەوە.

**زیاد ڕەشاد:** ئەدی کەنگێ یەکەم نووسینتان بڵاوکردەوە و چی بوو؟

**مومتاز حەیدەری:** من ئەو کاتەی لە باوەشی ڕۆمانسیەتی گۆڤاری گەلاوێژدا، لە ئامێزی وشەی کلاسیك و هاوچەرخی ئەو سەردەمدا، حەزم لە شیعر بوو، بەڵام کە دەستم پێکرد بە شەفەوی بوو، یەکەم شیعرم گوت (نەك نووسی) لە گوند بوو، کە شیعرێکی دڵداری بوو، ئەوسا گاڵتەیان پێ دەکردم، چەند وشەیەك بوو ڕێکم دەخستن، بەڵام دوایی مەقبول نەبوو لە کۆمەڵی ئێمەدا و ڕەت کرایەوە، سەبارەت بە یەکەم نووسین بە ڕەسمی لە ڕۆژنامەی (الحضارة) بوو دەربارەی کۆماری نووسیومە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا لە حزب ڕایانسپاردم وەکو پەیامنێر کار بکەم لە ڕۆژنامەی (ئازادی)دا، ئەگەرچی لە ئاستێکی باشدا نەبووم، بەڵام بۆ حزب کە کەس نەبوو ئەوسا لە مەیدانەکە کار بکات خراپ نەبوو، پێویستە بگوترێ ئەو سەردەم شەهید ئەحمەد حەلاق کە خەڵکی سلێمانی بوو، ڕۆشنبیرێکی گەورە و کوردزمانێکی باش و تێگەیشتوویەکی سەردەمی خۆی بوو، ئەو پێشتر بابەتەکانی بەسەر دەکردەوە و بۆی چاك دەکردمەوە، بەڵام زۆری نەخایاند چونکە ڕۆژنامەی ئازادی داخرا و ئەمەش بووە یەکەم تاقیکردنەوە بۆ من، هەر چەندە ئاسانکاریم زۆر بۆ دەکرا، بەڵام پاشی ئەوەوە کەوتمە ناو کاری سیاسی، لە ساڵی (١٩٦٢) حیزب تەکلیفی لێ کردم کە لە کەرکوك بۆ ئەوەی لە دەزگای ڕێگای کوردستان کار بکەم، بەڵام دەزگای ڕێگای کوردستان بە نهێنی دامەزرابوو. لە ماڵی شەهید فاخیر مێرگەسۆری بوو، من لەوێندەرێ لە کاری کرێکاری چاپ و هتد.. کارم دەکرد، ئەویش بۆ من قوتابخانەیەکی گەورە بوو، پاش ئەو کودەتایەی کە لە ساڵی (١٩٦٣) ڕوویدا ڕوومان لە شاخ کرد، لە خۆرنەوەزان لە

دەڤەری گەرمیان، من لەوێ تاقیکردنەوەیەکی تازەم داهێنا کە پێی دەگوترێ (ئینصات) بۆ یەکەمجار لە کوردستان دامهێنا.

کە ڕادیۆیەکی گەورەیان بۆ پەیدا کردبووم لە سەعات (١٠)ی شەو تا (١)ی شەو من هەموو ئێزگەکانم دەکردەوە ئەو هەواڵانەم وەردەگرت، بۆ بەیانی ئامادەم دەکردن، بەیانی جارێکیدی دامدەڕێشتەوە و کورتم دەکردەوە، پێشمەرگە و کادیرەکانی حزب هەموو خڕ دەبوونەوە بۆ نان خواردن، دوای نان خواردن ئەوەی کە ئامادەم کردبوو هەمووم بۆ دەخوێندنەوە بە نیو سەعات، هەتا (ئەبو حیکمەت ـ یوسف حەنا) ئێستا ماوە، لە خۆرنەوازان نووسراوێکی ڕەسمی نارد بۆ سەرجەم بنەکەکانی حزب کە ئەوانیش وەکو من ئەو کارە بکەن. بەڵام بۆیان نەکرا! !

**زیاد ڕەشاد: مامۆستا تۆ ئەو کاتەی لە حزبی شیوعیدا پلەی حیزبیت چی بوو و تا کوێ پلەکەت بەرز کرایەوە؟**

**مومتاز حەیدەری:** ئێمە خێزانێکی ناسراو بووین، جگە لە باوکم، تەنانەت برایەکانیشم دەستپێشخەری دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی مارکسیزم بووین لە کوردستاندا، بەتایبەتی برا گەورەکەم کاک (سالح حەیدەری)، ئێمە لە هەرزەکارییەوە بەشیوعی لە قەڵەم درابووین، تا ١٩٥٧ پلەی حیزبیم نەبوو، تا سەردەمی (جەمال عەبدولناصر) ئەو کاتی تەوژمی نەتەوەپەرستی لە ئاست وڵاتانی عەرەبی زۆر بە هێز بوو، ئەو سەردەمە ئێمە هەستی نەتەوەییمان جۆشی سەندبوو، ئەوە بوو کاک صاڵحی براگەورەمان وازی لە حیزبی شیوعی هێنا، ئێمەش (من و جەمشیدی برام) وازمان لە حیزبی شیوعی هێنا. (١٤)ی تەمووز من و جەمشید لەناو پارتی وەکو ئەندام وەرگیراین، لە ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان کارمان دەکرد، تا ساڵی ١٩٥٩ لەناو پارتی ماینەوە، ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە چووینە ناو پارتی، پێمان وابوو حزبێکی هەم چەپ و هەم نەتەوەییە،

بەڵام بۆمان دەرکەوت کە وا نەبوو، ئەو کاتە ڕەوشەکە گەرموگوڕ بوو. گەڕاینەوە ناو شیوعی، بەڵام ئەو کاتەی لە ناو حیزبی شیوعیش بووم بە زۆری لە ناو ڕاگەیاندنی حیزبدا بە نهێنی کارم دەکرد، لە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە خۆرنەوازن، تا ڕۆیشتنم بۆ مۆسکۆ تا ساڵی ١٩٦٩ کارم کرد، دوای ئەوە بە یەکجاری وازم لە حیزبی شیوعی هێنا، تەنیا بۆخۆم کارم دەکرد، پاش (١١)ی ئادار بە چەند مانگێك لە ڕۆژنامەی هاوکاری بە ئاشکرا کارم دەکرد، چونکە لەمەڕ ململانێی هەردوو باڵی ناو پارتی باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرۆك بارزانی نەچوومە ناو چاپەمەنی ڕەسمییەوە، تا ئەو کات هەردوو باڵەکە یەکی گرتەوە ئینجا چوومە ناویان، ئەوجا داوایان لێ کردم بچمە ڕۆژنامەی هاوکاری، (١)ی حوزیرانی ساڵی (١٩٧٠) دەستبەکار بووم لە هاوکاری، پاش (٥) ساڵ لە (هاوکاری) دەرکرام، چونکە من ئیمانم بە ئۆتۆنۆمی نەبوو، (عوسمان فایەق) ئەو مودیر عامەی کە بە دەستی پێشمەرگە کوژرا، دەیگوت نابێ بنووسی کوردستان دەبێ بنووسی (ئۆتۆنۆمی)، منیش باوەڕم بە ئۆتۆنۆمی نەبوو، ئەوەبوو دەرکرام، پاشان چووم لە ڕۆژنامەی ئێراق کارم کرد، سێ چوار ساڵ مامەوە، پاش ئەوەش کتێبخانەیەکم کردەوە لە شاری هەولێر بەناوی کتێبخانەی حەیدەری و کتێبێکی زۆر لە ڕێگەی ئەو کتێبخانەیەوە دەگەیشتە خەڵك، دوایی دەزگای (ئەمن) پێیان گوتم (کتێبخانەی پێشمەرگە)ت داناوە، گوتیان دەبێ (تعهد) بدەی کە ئەوها نیە. دوایی لە نیسانی ساڵی ١٩٨٥ کتێبخانەکەم بە ناچاری داخست. دەزگای ئەمنی هەولێر دەیاندیت کتێبخانەکە زۆر هاتوچۆی لەسەرە دەیانگوت (ئەوە موخەڕبین ـ مەبەستیان پێشمەرگە بوو) هاتوچۆت دەکەن، ئەگەر هاوکاریمان نەکەی کتێبخانەکە دادەخەین، منیش هاوکاریم نەکردن، ئەوەبوو لە مانگی نیسانی ١٩٨٥ دایانخست. دوای ڕاپەرین لە دەستەی نوێی کوردستانی نوێ کارم دەکرد، بەرپرسی لاپەڕەی چوارەم و پێنجەم بووم.

**زیاد ڕەشاد: تۆ ئێستا ئەندامی هیچ حیزبێك نیت؟**

**مومتاز حەیدەری:** نەك هەر ئێستا، لە ساڵی ١٩٦٩وە وازم هێناوە، لەوانەیە کەم و زۆر هاتووچۆم بۆ لای حیزبەکان هەیە، بەڵام بە ڕەسمی نەخێر بە هیچ جۆرێ لە هیچ حیزبێکدا ئەندام نیم.

**زیاد ڕەشاد: کتێبخانەیەکی جوان و نایابت هەیە، دەکرێ بەکورتی مێژووی دروست بوونی و کۆکردنەوەی ئەم هەموو کتێبە باس بکەی؟**

**مومتاز حەیدەری:** لە مێژووی ئەو کتێبخانەیە کارەسات هەیە، کارەساتی ڕۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەیی، چونکە ئەوە سێیەمین جارە و سێیەمین کتێبخانەیە کە دروست کراوە، کتێبەکانی یەکەم کتێبخانەمان زۆربەی لەناوچوو، کە لە هەشت سەندووقی عوسمانی پێکهاتبوو، پێیان دەگوت سەندووقی قایش، سەدان دەستنووسی تێدا بوو، لەوانە ئی وای تێدابوو مێژووەکەی دەگەڕاوە بۆ چەند سەدەی پێش ئێستا، ئەوانە هەموو ئی باوکم بوون، بەڵام لە ئەنجامی دەربەدەربوونمان بۆ دەشت مۆرانە لێی دابوون، نەمانزانیبوو مۆرانە هەیە، مۆرانەی لێی دا و لە نیوەی خواردبوو.

ئەوەی مابوو ئەوسا جیامان کردەوە، دوایی کە هاتینەوە شاری هەولێر لە ساڵی ١٩٦١ ئێمەش گیراین، ئەندامانی خێزانەکەشمان دەربەدەرکران، (بەدرەدین عەلی) گۆڕ بە گۆڕ چی، گوتی نابێ بنەماڵەی حەیدەری بمێننن، دواتر ئێمە حوکم دراین و دایکم و خوشکەکانم چوونە بەغدایێ، کتێبەکانی مابوونەوە لە ماڵێکدا بەجێمانهێشت، کابراش دوایی هەندێکی فرۆشتبوو، ئەو کابرایەی باسی دەکەم لە ژیاندا ماوە و چووەتە حەجێش، بەداخەوە کە وای کرد، مومکینە چەند کتێبێك ماون کە ئێستا لە کتێخانەکەم هەیە هی ئەوسان. پاشی ئەوەی من و جەمشیدی برام و شەهید موهیبی برا گەورەم ئازاد کراین، کتێبخانەیەکی جوانمان دانا و ئەو

کاتی نزیکەی (١٠٠٠) کتێبی تێدا هەبوو، ئەویش لە ئـەنجامی تێکچوونی ڕەوشـی (١٤)ی تەمموز دامانـە دۆستێك، بەداخـەوە ئـەویش خـواردی، ئێسـتا مـردووە و گەردەنی ئازاد دەکەم، لە سـاڵی ١٩٧٠ ئـەو کتێبخانەیـەی ئێسـتام دامەزرانـدەوە، بریتییە لە چەند بەشێك: بەشی یەکەم: بەشی کـوردی و عـەرەبی، بەشـی دووەم: بەشی (فەرهەنگ)ە، ئەو فەرهەنگانە لە کوردستاندا نیە، تەنیا لەلای من هەیە، لـە هەموو بوارەکانی ژیاندا فەرهەنگم هەیە. ئەو لەماوەی نیو سەعات بـۆ هـەر جـۆرە زانیارییەك دەتوانێ بیدۆزیتەوە.

بەشی سێیەم: کە بەشی دیکیۆمێنتییە، کۆمەڵێك دیکۆمێنتی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە، کە هی پێش راپـەڕین و پاشـی راپـەڕینم لـەلا هەیـە، لەگـەڵ چـەندین دیکۆمێنتی رۆژنامەیی و بەیانات و دەستخەت و هتد...، جگە لەوانە وێنەی چـاکی تێدایە کە بڵاو نەکراونەتەوە.

**زیاد ڕەشـاد:** **مامۆستا ئەو هـەموو کتێبانـەت کڕیـون، یـان بـە دیـاری بـۆت هاتوون؟**

**مومتاز حەیدەری:** بێ گومان کتێبم بە دیاری زۆر بۆ هاتوون، بۆ نمونە لەلایـەن کـاك قـادر حەمـەدەمین و مسـتەفا ڕابـەر و چـەندانی دیکـەش. هـەروەها لـە ڕۆژی (٢١)ی نـەورۆز سـاڵی ١٩٧٠دا، جـەنابی مـام جـەلال تاڵـەبانی کتێبەکـەی خـۆی پێشکەش کردم کە بەناوی (کوردستان) بوو... ئەوەتا کاك ئیسماعیل تەنیا دەڵـێ ئەوەی دەیـەوێ کتێبەکـەی بپارێزرێ، بـا دانەیـەك لـە کتێبەکـەی لـە کتێبخانـەی مومتاز حەیدەری دابنێت.

جگە لەوانەش کتێبیشم دەکڕی، ئەو کاتەی کتێبخانەشم هەبوو لە بـازاڕ، کتێـبم لێ دەهێناوە بۆ ناو کتێبخانەکەم لە ماڵەوە، لەگەڵ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارم هەیە

وەکو (بزاف، ئاسۆ، بیری نوێ ـ کە ئۆرگانی حزبی شیوعی ـ....)، ئەوەبوو بە کورت و کرمانجی لە باسی کتێبخانەکەم.

**زیاد ڕەشاد:** ئەی چۆن لەم تەمەنەوە دەتوانی وا جوان ڕێکیان بخەیت و پۆلێنیان بکەیت؟

**مومتاز حەیدەری:** حەز دەکەم بە ئەمانەتەوە بینووسی من عەشقی وشەم، عاشق و شێتی کتێبم، بڕوا بفەرموو پێش دوو ڕۆژ، (٨) مانگ دەبوو دەستم لە کتێبخانەکەم نەدابوو، بەڵام لە ماوەی دوو ڕۆژدا هەموویم چاك کردەوە، ١٠ یان ١٥ ڕۆژ جارێك من دەست لەو کتێبخانەیەم دەدەم و هەمووی پاك دەکەمەوە.

بە هاوکاری کچم و خێزانەکەم، چونکە من بڕیارم داوە وەکو مەڵبەندێکی زانستی بیانپارێزم و پڕۆژەیەکەم داناوە هەرچی قوتابی زانکۆ هەیە دەتوانن لێرە کتێب ببەن.

ئەوەی دێتە ژوورەوە سەرسام دەبێ بە دیتنی کتێبخانەکەم، بەهۆی ڕێکخستنی و ئەو جوانییەی پێیەوە دیارە، بۆ نموونە: فەلسەفە، ئابووری، مێژوو، بیرەوەری پیاوانی کورد...ی تێدایە، جگە لەمانە چەندین دیکۆمێنتم هەیە، بێ گومان مایەی سەرسوڕمانە بەو تەمەنەی من کە کارەکەم خۆش دەوێ بۆیە ئەوا بە پەرۆشم، من گلەییم لە کۆمەڵ هەیە و بەتایبەتی سەرکردایەتی کورد و داوا دەکەم کە ئاوڕێکی ئەوپەڕی جیددی لەو کتێبانەم بدەنەوە، پێم وایە دەبێ بینایەك دروست بکەن، مەسەلەن بۆ سەنتەری خاتووزین بینایەکیان بۆ دروست کردووە و لەگەڵ ڕادیۆیەکیش، منیش حەز دەکەم کتێبخانەکەم بەم شێوەیە بێت، حەز دەکەم ئەوەیش بڵێم ئەو کتێبخانەیەم من بەجێی دەهێڵم، لە داهاتوودا دەبێتە هی نەوەکانی دوای خۆم.

**زیاد ڕەشاد:** ئەی تائێستا چەند ڕێزلێنان و شکۆنامەت پێ بەخشراوە؟

**مومتـاز حەیـدەری:** لەلایـەن چـەندین ڕێکخـراو ئـەو ڕێزلێنـان و شـکۆنامانەم پێدراوە، کە هەموویانم پاراستوون، بۆ نموونە: هەفتەنامەی بـەدرخان، ڕێکخـراوی (پەری)ی ئافرەتان، بنکەی گەلاوێژ، کوردستانی نوێ، یەکێتی نووسـەرانی کـورد، ڕۆژنامەنووسـانی ئـازاد.... هـەتا دەوڵـەتی عوسمـانی کـە میـدالیای بـە بـاوکم بەخشـیوە پاراسـتوومە، سـەیرکە بـە تـورکی نووسـراوە، بـەڵام بـە ئـەلف و بێـی عەرەبی نووسراوە، لەم شەوانە (عوسمان موفتی) میوان بوو، زۆر پێی جوان بـوو، گوتی وەریدەگێڕمـە سـەر زمـانی کـوردی. کـاتی خـۆی ئـەم میدالیایـە بـە کـورتی مامۆستا شوکر مستەفا باسی کردووە و هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە.

**زیاد ڕەشاد:** جەنابت ماوەیەك لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بوویت، لـەوێ پۆستەکەت چی بوو و بۆچی نەمایت؟

**مومتاز حەیدەری:** قوربان بە شانازییەوە دەڵێم ، من یەکێك بووم لـە دەسـتەی دامەزراندنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و کـارێکی باشمـان کـرد، ئـەو برادەرانـەی لەگەڵم بوون، ئەنجامی ئەو قەڵەمەی من هەمبوو وەکو ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ بووم، من سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بووم، بەڵام لـە ئـەنجامی کۆمـەڵێك گێروگرفـت تووشـم هـات، پاشـی چـەند سـاڵ وازم لـێ هێنـا و ئێسـتە لـە ماڵـەوە دانیشـتووم، ئـەو برادەرانـە هـەموو دەزانـن مـن چـیم کـردووە، بـەڵام بەداخـەوە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەمەڕ دەوری من ئێسـتا لـەو ئاسـتەدا نییـە و هـەتا بـۆ کۆنگرە بە ئەندامیش هەڵنەبژێردرام، لەکاتێکدا هەقی خۆم بوو وەربگیرێم. بە هەر حاڵ ئەوە با گلەییەك بێت لەسەر زمان بێت.

**زیاد ڕەشاد:** تۆ کەسێکی ماوەیەکی زۆرە لـەناو دنیـای ئـەدەب و نووسـین و خەباتی وشە و ڕۆشنبیری دایت، مرۆڤیش کە بە تەمەندا دەڕوات بـێ گومـان

بیر لەوە دەکاتەوە بیرەوەرییەکانی خۆی بنووسێتەوە، تۆ تائێستا دەستت داوەتە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆت؟

**مومتاز حەیدەری:** یەکێ لە خاڵە لاوازەکانم ئەوەیە تا ئێستا بیرەوەرییەکانم نەنووسیوەتەوە، تەنانەت گلەییشم زۆر لێ کراوە، لەوانە (جەمشید)ی برام، زۆر پێی دەگوتم بۆچی بیرەوەرییەکانت نانووسیتەوە، دەیگوت ئێستا زاکیرەت باشە بۆ نووسینەوەی بیرەوەرییەکانت... بەڵام خوا یار بێ لەمەودوا دەست دەکەم بە نووسیەنەوەی بیرەوەرییەکانم. پێم خۆشە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانم بە دیکومێنت بێت.

**زیاد ڕەشاد:** چەند زمان دەزانی؟

**مومتاز حەیدەری:** دوو زمانی سەرەکی: کوردی و عەرەبی، دوو زمانیش بە لاوازی دەزانم، کە بریتین لە ڕووسی و تورکی.

**زیاد ڕەشاد:** لەچی پەشیمانی لە ژیانتدا؟

**مومتاز حەیدەری:** لە ئەنجامی توڕەبوونی خۆم وازم لە زۆر شت هێناوە، بەڵام پاش توڕەبوونەکەم پەشیمان بوومەتەوە، دەمگوت نەدەبوایە توڕە ببم.

**زیاد ڕەشاد:** ماوەیەک ڕاوێژکار بوویت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، بۆچی لەو پۆستە نەمایت؟

**مومتاز حەیدەری:** لە ئەنجامی توڕەبوونی خۆم بوو، دوای چل و هەشت ڕۆژ مانەوە لە پۆستەکەم، هیچ پرس و ڕاوێژیان پێ نەدەکردم.

**زیاد ڕەشاد:** چەند کتێبی چاپکراوت هەیە؟

**مومتاز حەیدەری:** من چوار کتێبی چاپکراوم هەیە، ئەوانیش:

١–داری ماوەران.

٢–مەلا محەممەدی گەورە.

٣–مستەفا شەوقی و پەیژە.

٤–کورد و حکومەتی قاسم.

**زیاد ڕەشاد: چ ڕەنگێکت پێ جوانە؟**

**مومتاز حەیدەری:** سپی.

**زیاد ڕەشاد: چ خواردنێکت پێ خۆشە؟**

**مومتاز حەیدەری:** (بە پێکەنینەوە) کفتەی عەجەم، نیسك، دۆڵمە، هتد..

**زیاد ڕەشاد: پەیامی (گۆڤاری K21) چییە؟**

**مومتاز حەیدەری:** پاشی ئەو تەمەنە دوو پەیامم هەیە:

١) نوێکردنەوەی ئەو ئەقڵە کۆنە، بۆ ئەقڵی شارستانی.

٢) دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.

**زیاد ڕەشاد: ئەی لە ژیانی هاوسەریت چەندە بەختەوەری؟ هەروەها چەند منداڵت هەیە؟**

**مومتاز حەیدەری:** بێ گومان هیچ ژن و مێردێك سەد لە سەدی هەتا سەر بێ کێشە نابن، بە هەرحاڵ ئێمە خۆشحاڵین، دوو کچ و کوڕێکم هەیە، هەر یەکەیان کولێژیان تەواو کردووە و هەر سێکیش بەڕێی خۆیاندا ڕۆیشتوون، بەڵام بەداخەوە دیسان بەداخەوە وەکو من عەشقی کتێب نین.

**زیاد ڕەشاد: ئەمانە بە دیرێك پێناسە بکە (سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، شێخ محەممەدی خاڵ، حاجی قادری کۆیی، دەزگای ئاراس).**

**مومتاز حەیدەری:**

**سەندیکای ڕۆژنامەنووسان/** دەستکەوتێکی شارستانی پیشەیی، لە چوارچێوە گشتییەکەی پێم باشە.

**شێخ محەممەدی خاڵ/** گەورە پیاوێکی کوردی پاکی نوورانی و خاوەن بەرهەمێکی کوردایەتی.

**حاجی قادری کۆیی/** گەورە مرۆیەکی سەردەمی خۆی و دوێنێ و ئەمڕۆ و بەیانییش.

**دەزگای ئاراس/** دەزگایەکی سەرکەوتووە کە لە مەیدانی کلتووریدا، دەورێکی باڵای بینیوە، هیوادارم نموونەیان زۆربێت.

**زیاد ڕەشاد:** چیدی؟

**مومتاز حەیدەری:** با هەمووومان کوردپەروەر بین.

کانوونی دووەمی ٢٠٠٩

❑



د. عومەر پەتی:

# بە منداڵی کەسێکی بزێو بووم

*دوکتۆر (عومەر ئیبراهیم عەزیز) ناسراو بە (د. عومەر پەتی)، لەساڵی ١٩٥٧ لە گوندی (دینگاوە)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە.

× لە ١٩٧٧ بە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی (خڕە بەردە)ی سەر بە شارۆچکەی مەخموور دامەزراوە.

×لە ١٩٩٣ بڕوانامەی ماستەری بە پلەی زۆرباشە لە کۆلێژی (ئیبن ڕوشد) لە بەغدا وەرگرتووە، لە ١٩٩٨ بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی نایاب لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە و لە٢٠٠٢ بووەتە پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

× لە ١٩٩٣ لەگەڵ (فاتیمە ڕەشید حەسەن باجەلان) ژیانی هاوسەریی پێك هێناوە و دوو کوڕ و کچێکیان هەیە.

× ١٨ پەرتووك و نامیلکەی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بە چاپ گەیاندووە و زێتر لە (٦٠٠) وتار و باس و لێکۆڵینەوەی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاو کردووەتەوە... لەم دیمانەیەدا باس لە ئەزموونی نووسین و خوێندن و ژیانی تایبەتی خۆی دەکات:

**زیاد ڕەشاد: مامۆستا عومەر پەتی بە منداڵی چۆن بوو؟**

**د. عومەر پەتی:** من منداڵێکی بزێو و بوێر و چالاك بووم، وەك ئەوەی کە دایکم دەگێڕێتەوە من داوایەکم هەبووبێت بۆیان جێبەجێ کردووم.

بە یاری کردن زۆربەی یارییەکانم کردووە، بەتایبەتی یارییە فۆلکلۆرییەکان و بە دەست چەندین شتم دروست کردووە، جگە لەوە کە دەگێڕنەوە ـ خۆشم بە بیرم دێ ـ زۆربەی هەڵبەستەکانی فۆلکلۆری کوردیم لەبەر بووە، لەبەرئەوەی من لە خێزانێکی جووتیار و هەژار لە دایك بووم و زیاتر لەناو مەڕ و ماڵاتدا ژیاوم و تەنانەت خۆشم ئەوانەم ئەنجام داوە، هەروەها وەکو کاریش، کاری جەنجەڕیم کردووە، جەنجەڕی هەموو کەس ناتوانێ بەکاری بهێنێ... هەروەها دیارە منداڵێکی بوێریش بووم. سەبارەت بە ساڵ و ڕۆژی لەدایك بوونم بە دروستی دیار نیە و بە نێزیککراوەیی لە ناسنامەکەم تۆمار کراوە.

**زیاد ڕەشاد: منداڵێکی گوندنشین مێژووی لە دایک بوونەکەی زۆر دیار و ڕوون نییە، دواتر دەبێتە کەسێکی شارنشین و دکتۆرا وەردەگرێت، پیاوێک کۆڕ و سیمینار و چەندین چالاکی دیکە دەکات، لە ئێستادا ئەو منداڵییەی خۆت چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**د. عومەر پەتی:** گوند زەمینەیەکی بۆ دروست کردم بۆ ئەوەی ئامانجێك لە ئامانجەکانم بێتە دی، ئەوەیە کە خەڵکی لادێ بوویمە، لادێیەك دەوڵەمەندی کوردی و کەلەپووری کوردی کەوا بەرهەمێکی زیندوو و لەبنەهاتوو وای لێ کردووە هەر لە منداڵییەوە بە ئامادەکردن و خڕکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی خەریك بم، سەبارەت بەوەی کە دەڵێم منداڵێکی بزێو بوومە، ئەوە هاندەرم بووە و وای لێ هات کە هاتمە سەرەتایی لە شەستەکان کە دەهاتمە ڕیزەوە یەکسەر سروودی نەتەوەییم دەگوت، ئەو کات هیچ ڕێکخستنێك نەبوو، تەنیا کوردایەتی

هەبوو، تەنانەت ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییەم وای لە من کرد بە ڕاستی بۆ دواڕۆژ کەرەستە و زەمینەی بۆ دیاری کردم و ئەوەبوو یەکەم جار کە دەستم پێ کرد بە نووسینی فۆلکلۆر دەستم پێ کرد.

ڕاستە ئێستا وەکو دوکتۆر و مامۆستای زانکۆ ناسراوم، بەڵام دەتوانم بڵێم کاریگەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لادێ و جوتیاری و دەقە فۆلکلۆرییەکان و چەندین شتی دیکە، ئەم ژیانە دەشتەکییە وای لە من کرد کە لە قۆناغەکانی تری خوێندندا هەر لەسەر ئەو ڕێگایەدا بەردەوام بم، دیمەن و یادگارییەکانی گوندێکی دووری قەراجی کاکی بە کاکی سەر بە شارۆچکەی مەخموور، بوون بە هەوێنی ئەم بەرهەمە ڕەسەنەی من کە دواتر کارم لەسەر کردووە.

**زیاد ڕەشاد: بە کورتی قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییت چۆن بەسەر برد و ماوەی هەرزەکاریت چۆن بوو؟**

**د. عومەر پەتی:** قوتابخانەی سەرەتایی لە گوندەکەمان بوو، من لە بیرمە ساڵی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ یەکەم ڕۆژ من چوومە قوتابخانە لە گوندێك بوو، نێزیکەی کاتژمێرێك بە پێ دەڕۆیشتین، من یەك ڕۆژ چوومە قوتابخانە کە دواتر وازم لێ هێنا، لەبەرئەوەی زۆر دوور بوو، ساڵی دوایی هاتمەوە (دۆلەسزەی) و گوتیان لەوێ قوتابخانەی سەرەتایی هەیە، ئەوسا ماڵی مامم لە قوشتەپە بوو، چەندان دەڤەرم بڕی ئینجا هاتم لەوێ دەستم بە خوێندن کرد، ٦ ساڵی سەرەتاییم لەوێ و قۆناغی ناوەندیم لە ماڵی مامم لە شاری هەولێر تەواو کرد، لێرە دەتوانم بڵێم بە شێوەیەکی جوانتر هاتمە کۆڕی مەیدانی فۆلکلۆر، ئەویش بەهۆی ئەوەی مامۆستای خوالێخۆشبوو (مامۆستا عومەر شێخەڵڵا) مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردیمان بوو، هەروەها مامۆستا (فەیسەڵ حاجی مستەفا) کە پەرتووکی زمانی

کوردی ئەو کاتی داناوە، ئەمانە هاندەرم بوون، بە ڕاستی لە بەیاننامەی (١١ی ئادار) دەروازەیەکی تر خرایە سەر پشت بۆ کوردان، منیش بە ڕاستی چاوکراوەتر چوومە ئەو دونیایە، چوومە خانەی مامۆستایان لە ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ لە دهۆك، بەڵام پێش ئەوە لە ساڵی ١٩٦٨ەوە یەکەم نەورۆز کاریگەری لەمن کرد، نەورۆزێکمان کرد پۆلی (سێ) بووم لە مزگەوتی گوندەکەمان نەورۆزمان کرد، ئێمە کۆمەڵێك قوتابی بووین بە کۆرس لەناو مزگەوت سرووودی نەورۆزمان دەگوت، ئەوەی باسی دەکەم قۆناغی ناوەندیم بوو.

کە لە خانەی مامۆستایان وەرگیرام، ئیتر بەڕاستی دیار بوو کە بە کوردی پەتی قسەم دەکرد، زۆربەی ئەوانەی کە ئەندامی (ی. ق. ك) بوون هەر شتێکیان هەبایە دەهاتن لە منیان پرسیار دەکرد، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قۆناغەی کە باسی نەورۆزم کرد و تازە کتێبێکیان هێنابوو بە ناوی دیوانی (بۆ کوردستان)ی خاڵە هەژار کە لە بەیرووت چاپ کرابوو، بەڕاستی یەکێ لە هۆنراوەکانم لەبەر بوو و زۆرم پێ خۆش بوو کە تێیدا شاعیر بەم شێوەیە دەنووسێ:

**هێشووی ترێ وا بەدارەوە**

**ڕێوی دەیدی لە خوارەوە**

**پێ هەڵچوونیشی پێ ناکرێ**

**دەیوت زۆر ترشە و ناخورێ.**

جگە لەوانە زۆر هەڵبەستی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و هی دیکەشم لەبەر بوو، ئیتر چوومە خانەی مامۆستایان، ساڵێك لەوێ بووم و ساڵی دووەم هاتمەوە هەولێر، دووەم و سێیەمم لێرە بڕی پاشان بوومە مامۆستا، لێرەدا دەستم بە نووسین کرد، پێش ئەوەی خانەی قۆناغی مامۆستایان ببڕم، یەکەمین جار لە تەمەنمدا کۆڕێکم

پێشکەش کرد، ئێستاش لەبیرمە لە لافیتەکە نووسیبوویان "کۆڕێك بۆ نووسەری لاو: عومەر ئیبراهیم عەزیز، ڕۆژی چوارشەممە، کاتژمێر ئەوەندە، لە هۆڵی ڕۆشنبیری و جەماوەر پێشکەش دەکرێت، هاتن بۆ هەمووانە" ئەم تابلۆیە لە دیواری یانەی فەرامانبەرانیان دابوو، کە ئێستا بووەتە بازاڕی نیشتمان، ئەوسا خەڵك کە کۆڕی دەبەست تەنیا لەسەر شتی وێژەیی بوو، من سەرەتا بە بابەتێکی ڕێزمانی دەستم پێ کرد، کە باسی (چاوگ) بوو لە زمانی کوردیدا، من تازە مامۆستایەکی سەرەتایی بووم، وەکو ئێستا ئەو هەموو شەهادەیەم نەبوو، یەکسەر چووم بە بابەتێکی ڕێزمانی کوردی (چاوگ) دەستم پێکرد، ئیتر بەڕاستی ئێستاش لەبیرمە زۆربەی ئامادەبووان پێکهاتبوون لە مامۆستایانی زمانی کوردی و سەرپەرشتیاران و نووسەران و... کۆڕەکە مامۆستای شاعیر (مەدحەت بێخەو) خوا تەمەنی درێژ بکات بەڕێوەی دەبرد، هەروەها کۆڕێکم لەسەر فۆلکلۆر بە زمانی عەرەبی پێشکەش کرد، لە نووسەران برای بەڕێزم کاك (مومتاز حەیدەری) ئامادە بوو. کە من لە بەغدا وەرگیرام لەسەر شانی خۆم خۆم بەڕێوە دەبرد، ئەو کاتی مووچە بڕا بوو، من بەو نووسینانەی کە دەمنووسین خۆم بەڕێوە دەبرد.

دکتۆر (وریا عومەر ئەمین) زۆر سوپاسی دەکەم، بەرهەمە چاپکراوەکانم ئەوکاتی (٦) بەرهەم بوو هەر (٦) بەرهەمی بردە لای ڕاگری کۆلێژ، ڕاستە پسپۆڕی پەروەردە و دەروونزانی نیە، بەڵام لە کوردی زۆر بەتوانایە، پێی گوتم دەمەوێ پەرە بە بەشی کوردی بدەین، هەرچەندە مامۆستایان پێیان ناخۆش بوو کە من بچمە بەشی کوردی، بەڵام چوومە بەش تا دکتۆرام تەواو کرد، وانەبێژ بووم، دەتوانم بڵێم ڕۆڵێکی باشمان بینی، ئینجا پاش ئەوەی کە گەڕامەوە کوردستان، بە ڕاستی لە هەموو کەناڵ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەبێ ئەوەی کە بڵێم ئەوە سەر بە فلانە و سەر بە فیسارە، بە یەك چاو چوومە بۆ هەموو شوێنێك.

**زیاد ڕەشاد:** مامۆستا تۆ باسی ئەوەت کرد لە کۆڕەکە نووسیبوویان عومەر ئیبراهیم عەزیز؟ ئێستا بە جەنابت دەڵێن (دوکتۆر عومەر پەتی)، چیرۆکی ئەم (پەتی)یە چۆنە و لە کەینێوە پەیدا بوو؟

**د. عومەر پەتی:** لە ڕاستیدا من ئاماژەم پێ کرد پاش ئەوەی کە من هەستم کرد کە دیوانی (بۆ کوردستان)یان هێنا و خوێندوومەتەوە، تەنانەت کوڕە مامێکم ناوی (کەمال قادر عەزیز) بوو، ئەو ئامۆزایەم یەك جانتای کتێبی هەبوو لە ١٩٦٧ و ١٩٦٨ لە گوندی (دۆڵەسزەی) سەر بە مەڵبەنداریێتی قوشتەپە، نزیکەی ٥٠ — ١٠٠ کتێب کەم نیە، ئەو پەرتووکانە من یەك یەك دەمخوێندنەوە، دوایی سەیرم کرد کرد وشەی جوانی تێدایە، بۆ نموونە (تریفەی هەڵبەست)ی (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیر، سەرنجی ڕاکێشام بەتایبەتی ئەوەی کە باسی بووك گواستنەوە دەکات، سەیرم کرد وشەی جوانی تێدایە، هەروەها (ئەستێرەی بەیان) تازە دیوانێکی مامۆستا (عوسمان شارباژێڕی) بوو، هۆنراوەیەکی تێدا بوو لەسەر یاسای قەلاوشك، ئەمانەم لەبەرکرد، دەهاتم و دەچووم بیری ئەوانەم دەکردەوە بڕیارمدا لە هەر شوێنێك وشەیەکی بێگانەم دیت من وشەیەکی کوردی هاوواتای ئەو وشە بێگانەیە لەبەر بکەم. دەستم پێ کرد بەبێ بەرنامە (دەتوانم بڵێم ئەوکات وابوو)، وای لێ هات لە پۆلی چوار و پێنج و شەش، کۆمەڵێ وشەی جوان و ڕێکم لەبەرکرد، ئەوانەی کە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا زۆر بەکاردێن.

بەتایبەتی کە سەیری پەرتووکەکانی خوێندنم دەکرد، فەرهەنگۆکی هەبوو، نەك فەرهەنگ، چونکە فەرهەنگۆك بچوکترە لە فەرهەنگ، ئیدی پێدا دەهاتم ئەوەی نەمدەزانی لەبەرم دەکرد، زیندەوەرزانی و کوردی و مێژوو و جوگرافیا، لەبەرئەوەی لە زمانی عەرەبی کردبوویانە زمانی کوردی، من ئەو فەرهەنگۆکانەم هەموو لەبەرکرد، بەوەندەش نەوەستام، هەستام لەناو کۆڕی زانیاری لیستی

زاراوەکان هەبوو، پێداهاتم ئەو زاراوەی پێم جوان با، یا نوێ با، ئەویشم لەبەر دەکرد، دەچوومە ناو خەڵك، بە کارم دەهێنا، زۆر کەس هەبوو پێی دەگوتم ئەوە بۆ زمانی خۆت خوار دەکەیەوە، منیش ئیتر یان شوێنەکەم بەجێدەهێشت، یانیش وەڵامم دەدانەوە، بەردەوام بووم و کۆڵم نەدا. تەنانەت لەبیرمە لە پۆلی دووی خانەی مامۆستایان بووم لە ساڵی ١٩٧٦، کوڕێکمان لەگەڵ بوو ناوی مامۆستا سالار بوو، ئێستا لە وەزارەتی پەروەردە وەکو شارەزا دامەزراوە و لەگەڵ شێخ جەلال و ئەوانە بوون کوردی پەتییان بەکار دەهێنا. ئیتر زۆر جار تەلەفۆنم بۆ زۆر شوێن دەکرد لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو، بۆ نمونە بۆ پارێزگای هەولێر، دەمگوت: کاکە بەڕێوەبەری خۆجێیەتییە، ئەوانیش دەیانگوت نەخێر، یەکسەر تەلەفۆنەکەیان دادەخست، دوایی جارێکیدیکە پەیوەندیم دەکردەوە و دەمگوت مەبەستم (ئیدارە مەحەلییە)، دوای چەند جارێك پەیوەندی کردن ئینجا دەمگوت کاکە بە کوردی پەتی قسە دەکەم. دوایی تێدەگەیشتن و وەڵامیان دەدامەوە، من کۆڵم نەدا هەر بە کوردی پەتی قسەم دەکرد، ئەمەش بۆ ئەوە بوو هەتاوەکو گەورەیی زمانەکەم بسەلمێنم.

من بۆ یەکەمین جار لە گۆڤاری کاروان لە دوای ڕاپەڕین بابەتێکم نووسی بەناوی (عومەر ئیبراهیم عەزیز پەتی) ئیتر لەوێیەوە ناسرام بە (عومەر پەتی).

پاشتر لە دهۆکیش من بە عومەر پەتی ناسرام ، ئێستاش کە دەڵێن (د. عومەر) ڕەنگە نەزانن کام عومەرە بەڵام کە گوترا (د. عومەر پەتی) ئەوە هەموو کەس دەزانێ منم.

**زیاد ڕەشاد: بە (پەتی)ی ئاخاوتن، یان تێکەڵ نەکردنی بە وشەی زمانەکانی تر و بەتایبەتیش هی عەرەبی، نەبووەتە ڕێگر لەوەی نەتوانی مەبەست بپێکی یا نەتوانی تەواو گوزارشت لە بۆچوونی خۆت بکەیت؟**

**د. عومەر پەتی:** بە هۆی ئەوەی لە ١٩٦٨ تا ٢٠٠٩ دەکاتە ٤١ ساڵ، تەمەنێکە، وای لێ هاتووە پێویست ناکات من بیری لێ بکەمەوە، لێی ڕاهاتووم، ڕاستە سەرەتا زەحمەت بوو، وەکو پێم گوتی خۆم ڕاهێنا لەسەر قسە کردن بە کوردی پەتی، وەکو سوارچاکێکم لێ هات، تەنانەت هەموو ئەو دیمانە و وتارانەی کە باسم کردووە من زۆر بەشێوەیەکی کوردی پەتی دەئاخفم و دەنووسم، هەتا زۆر کەس هەیە گرەوی کردووە بەتایبەتی لە دیمانەکانم، لە یەکەم قسەم تا کۆتایی من هەر بە کوردی پەتی دواوم.

**زیاد ڕەشاد: تۆ لە بواری سایکۆلۆژیا و منداڵان و فۆلکلۆر و هتد... نووسینت هەیە، سەرەتا بە کامیان دەستت پێ کرد؟**

**د. عومەر پەتی:** یەکەم جار لە بواری منداڵان دەستم پێ کرد، بەناوی (تیتیلە و بیبیلە) کە کۆمەڵێ چیرۆکی فۆلکلۆری کوردەواری منداڵان بوو، کە لە ساڵی ١٩٨٠چاپ کرا، زۆری لێ فرۆشراو نرخەکەشی (٥٠) فلس بوو.

دووەم بەرهەمم هەر فۆلکلۆری بوو، بە ناوی (ڕێوی گەرمیان و کوێستان) لە ساڵی ١٩٨٤ چاپم کرد، ئەمجارە بە شێوەیەکی نوێ دامڕشت، ئەوی تر وەکو خۆی دامبەزاند، چونکە فۆلکلۆری بوو، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو بنووسم: پێشەکییەکەی برای ڕۆژنامەنووس (مومتاز حەیدەری) نووسی، ئەویش دەتوانم بڵێم لە ماوەیەکی کەمدا لە هەموو کوردستان دانەیەکی لێ نەما.

سێیەم بەرهەمم، بریتی بوو لە چاپ کردنی بەشی دووەمی فۆلکلۆر، کە بە هاوکاری کۆمەڵێك نووسەر بوو، لەوانە: (خالید جوتیار، سەدرەددین خۆشناو، خوشکێك بەناوی ئامانج سنجاوی و ڕۆستەم باجەلان) کە مامۆستای خوالێخۆشبوو (مەهدی خۆشناو) دەستی یارمەتی بۆ درێژ کردین.

چوارەم بەرهەمم: بە ناوی (کڵاشم دڕا و چیم پێ نەبڕا) ڕەنگاوڕەنگ بوو بۆ منداڵان، سکێچ و نەخشەکێشانی ئەو بەرهەمە هی هونەرمەندی گەورە مامۆستا (دارا محەممەد عەلی) بوو، بەڕاستی ئەوە یەکەم جار بوو بۆ وێژەی منداڵان کارێکی وا بکەم، ئەوە بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، هەر لە بەغدا چاپم کرد.

پێنجەم بەرهەمم بەناوی (هەندێ داب‌ونەریتی باوی کوردەواری) کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپی کرد، ئەوەشیان نزیکەی (٢١) بەشی لەخۆ گرتبوو، ئیتر دوای ئەوە تەنیا بەشێکم بە چاپ گەیاند: (نەریتی ژنهێنان لە کوردەواری)، بەرهەمێکی ترم لە دوای ڕاپەڕین چاپ کردووە، دوایی لە بەغدا وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کرد، دەتوانم بڵێم پشتم بە چەند سەرچاوە بەستبوو، ئەوەیان بەڕاستی هەموو دەڤەرەکانی کوردستانی لە زاخۆوە تا خانەقین، تەنانەت کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی باکووریشی لەگەڵ زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە بە دەست گەیشتن لەخۆگرتبوو.

دوای ئەوە پرۆژەیەکی ترمان هەبوو، بەناوی قوتابخانەی هاوڕێ، کە پرۆژەیەکی نوێ بوو بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، بە هاوکاری پرۆفیسۆر دکتۆر (بەدرخان سندی) لەگەڵ (د.فاتیمە حەسەن ڕەشید) چاپمان کرد، ئەو بەرهەمە بوو بە یەکێ لە چاپکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە.

پاشان کتێبێکی ترمان چاپ کرد کە وەرگێڕان بوو لە ماستەرنامەکەی (د. محەممەد عومەر مەولود) بۆ ماوەی پێنج ساڵ خەریکی بووین، ئەم بەرهەمە لەسەر (فیدراڵیەت و چۆنیەتی پیادەکردنی لە ئێراق) بوو، شتێکی دەگمەن بوو ئەو بەرهەمە لایەنی مێژوویی و ڕاگەیاندن و یاسایی تێدا بوو، (٥) ساڵیشی خایاند، دواییش (دەزگای ئاراس) چاپی کردەوە، دەتوانم بڵێم پەرتوکێکی گرانبەهایە بەتایبەت بۆ خوێندکاران و مامۆستایان سوودی هەیە و گرنگە، ئەمجارە

بەرهەمێکی ترم چاپ کرد بەناوی (بیبلۆگرافیای کوردی)، ئەوەیان چەند شت لەسەر فۆلکلۆری کوردی نووسراوە لە ساڵی ١٨٦٠ تا ١٩٩٠ چ لە شێوەی پەرتووك چ لە شێوەی وتار، لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکان هەمووی کۆ کراوەتەوە، بەڕاستی ئەمەیان کۆششی بیست ساڵەم بوو، هەروا بە ئاسانی لە دایك نەبوو، ئەم بەرهەمەم لە چەندین سەرچاوەوە وەرگرتووە.

دواتر کتێبێکی ترم چاپ کرد بەناوی (بیبلۆگرافیای جەژنی نەورۆز) بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، لەم کتێبەدا چەند بابەت لەسەر نەورۆز کە لە شێوەی وتار بێ و لە شێوەی وێنە و ڕیپۆرتاژ کۆ کراوەتەوە و ئامادە کراوە. جگە لە چاپ کردنی ماستەرنامە و دکتۆرانامەکەم لە وڵاتی ئوردن، ماستەرنامەکەم بەناوی (بەها بڵاوەکانی ناو چیرۆکی کوردی و عەرەبی لە کتێبە چاپکراوەکانی منداڵان - لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە). دکتۆرانامەکەشم بە ناونیشانی (کاریگەری گەردەلوولی مێشك لەسەر داهێنان لای قوتابییانی ئامادەیی)، ئەم بەرهەمەم بە عەرەبی چاپ کرد، بەسەر هەموو نیشتماندا دابەش کرد و جگە لەوەش لە پێشانگایەکدا پیشانی هەموو لایەك درا.

بەڵام ئەمساڵ بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە دوو پەرتوکی گرانبەهام چاپ کردووە: ١- دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردی. ٢- دیاری نەورۆز لە هۆنراوەی کوردی.

**زیاد ڕەشاد: ئەی چی تازەت لەبەردەستە؟**

**د. عومەر پەتی:** کتێبێکە بە ناوی (هدیة نوروز في النثر والشعر) ئەگەر خوا تەمەنمان درێژ بکات بۆ نەورۆزی ئەمساڵ پێشکەشی بە خوێنەرانی دەکەم.

**زیاد ڕەشاد: ئێستا زێتر چی دەخوێنیتەوە؟**

**د. عومەر پەتی:** بە گشتی من زۆرتر بە پسپۆڕێتی خۆم کە لە بواری دەروونزانی و پەروەردەیە خەریکم، هەروەها گرنگی زۆر بە خوێندنەوەی پەرتوکی ئایینی و مێژوویی و ڕامیاری دەدەم، ئەوەی کە پەیوەندی بە پرسی کوردەوە هەبێ، هەروەها لایەنی فۆلکلۆریش زۆر گرنگی پێ دەدەم. خوێندنەوەکانم لە ماڵەوە شوێنم بۆ دابین کردوون، وەك لە ژووری میوان و ژووری نووستن و ژووری کتێبخانەکەم لەم شوێنانە من دەخوێنمەوە، کە لە هەر ژوورێکیان کتێبێکی لێیە بۆ خوێندنەوە.

**زیاد ڕەشاد: دکتۆر عومەر لەچی پەشیمانە؟**

**د. عومەر پەتی:** من هەرگیز لە هیچ پەشیمان نیم، چونکە لەو کاتەی چاوم بە دونیا هەڵهێناوە، خۆم بە بەرنامە کاروبارەکانی خۆم ڕێك خستووە، بەڵام تەنیا لە یەك شت پەشیمانم ئەویش ئەوەیە (بیبلۆگرافیای فۆلکلۆری کوردەواری) کاتێك تەواوم کرد لە ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ برادەرێك ئەو کاتی کاك شوان بوو، بەڵام ئێستا دکتۆر شوانە، ئەو هاتە لام و گوتی: "وەرە با بیبەین بۆ ئەنیستیتۆی کەلەپووری کوردی لە شاری سلێمانی"، بەڕێوەبەرەکەی هونەرمەندی دەنگخۆش (مەزهەری خالقی) بوو، کاتێك چووین زۆر ڕێزی گرتین، گوتی: "لای ئێمە بەجێی بهێڵە ئێمە بڕیاری لەسەر دەدەین"، هەروەها گوتی: "بەڵام کوڕێك هەیە لای ئێمە کار لەو بابەتە دەکات"، ئەو کوڕە لەسەر کۆمپیوتەر بوو، دواتر پاش چەند مانگ بە نامەیەك وەڵامم دەدەنەوە، تێیدا نووسرا بوو: "یان دەبێ بە هاوبەشی لەگەڵ ئەو کوڕەی ئێمە کتێبەکە چاپ بکەی و ناوی ئێمەی لەسەر بنوسرێ، یان چاپی ناکەین" ئەوە وەڵامی ئەوان بوو، زۆر بە درەنگی وەڵامیان دامەوە، دواتریش پاش چەندین مانگ سەیرم کرد، ئەو کوڕە ئەو کتێبەی منی بە ناوی خۆی چاپ کردبوو، تەنیا چەند گۆڕانکارییەکی کەمی تێدا کردبوو، جا من لەوە زۆر پەشیمانم، چونکە نەدەبا ڕازی

بم بەو حاڵەتە، ئەو کوڕە ئەو بەرهەمەی منی دزی، دەمتوانی داوای لەسەر تۆمار بکەم، نەمکرد. جگە لەوە، من لە هیچ شتێکی خۆم پەشیمان نیم، کارەکانی من هەمووی بە پلانە.

**زیاد ڕەشاد:** د. عومەر پەتی لە چ کاتێك توڕە دەبیٚ و لە چی تووڕە دەبیٚ؟

**د. عومەر پەتی:** لە شتی ناهەق.

**زیاد ڕەشاد:** ئەی لە ژیانی هاوسەریتدا بەختەوەری؟

**د. عومەر پەتی:** زۆر ئاسوودە و بەختەوەرم، چونکە ئەوەی کە بووەتە هاوسەری ژیانم وەکو خۆمە، هەمان شەهادە و هەمان پیشە و تەنانەت لە ڕووی بنەماڵەشەوە وەکو یەك کوڕە مەلا و کچە مەلاین. کەواتە هەردووکمان بوێر و ئازا و لێهاتووین و پشت بە خۆمان دەبەستین، بۆیە زۆر بەختەوەرم.

**زیاد ڕەشاد:** منداڵەکانت چۆن پەروەردە دەکەیت؟

**د. عومەر پەتی:** منداڵەکانم لە قوتابخانەی نموونەیی دەخوێنن، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی کەلوپەلی قوتابخانە و کۆمپیوتەر و پێداویستیم بۆ دابین کردوون.

**زیاد ڕەشاد:** جگە لە زمانی دایك چەند زمانی دی دەزانی؟

**د. عومەر پەتی:** زمانی عەرەبی دەزانم و لە فارسیش کەمێك تێدەگەم و ئینگلیزیش دەزانم.

**زیاد ڕەشاد:** ئەدی تا چەند لە کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت شارەزای؟

**د. عومەر پەتی:** زۆر بە باشی نازانم.

**زیاد ڕەشاد:** ئەی ئینتمای حزبیت هەیە، یا هەبووە؟

**د. عومەر پەتی:** من بەڕاستی کوردایەتیم کردووە، لەسەر کوردایەتی گیراویشم، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین، وەکو کوردێکی دڵسۆز درێژەم بە کارەکانی خۆم

داوە، نەخێر سەر بە هیچ حیزبێك نیم، من بڕوام وایە مامۆستای زانكۆ نابێ حزبی بێ و پێویستە تەنیا لە بوارەكەی خۆیدا كار بكات.

**زیاد ڕەشاد: لەگەڵ شیعردا بەینت چۆنە؟**

**د. عومەر پەتی:** بەڕاستی من سەرەتا بە شیعر دەستم پێ كرد، بەلام هیچم بلاو نەكردووەتەوە، هەر بۆ ئێوەش دێرێك دەخوێنمەوە:

"هەناسەكانم كێوی بێستوونیش لەبن دەردێنی

قسەو گوفتارەكانم، پلانەكانم، ڕووباری فورات، وشك دێنێ"

ئەم هۆنراوەیە نیشتمانی بوو.

**زیاد ڕەشاد: بە چ نووسەرێك زۆر كاریگەری؟**

**د. عومەر پەتی:** وەكو نووسەر لە بواری مێژوویی: (د. كەمال مەزهەر). لە بواری شیعریشدا: كۆنەكان (نالی، مەحوی، گۆران و قانیع) لە ئێستاشدا (شێركۆ بێكەس).

**زیاد ڕەشاد: كتێبخانەكەت چەند كتێبی تێدایە؟**

**د. عومەر پەتی:** ژمارەی پەرتووكەكانم (٢٧٥٠) پەرتووكە.

**زیاد ڕەشاد**: قورئان دەخوێنیتەوە؟

**د. عومەر پەتی:** بەڵێ من قورئان دەخوێنم، بەتایبەتی ڕۆژانی هەینی.

ئابی ٢٠٠٩

❑



## عەلی مەندەلاوی:

# هیچیێك لەو گۆڤارانەی ئێستا لە كوردستاندا بۆ منداڵان دەردەچن، ناگەنە ئاستی گۆڤاری (مجلتی)ی حەفتاكانی بەغدا

*عەلی مەندەلاوی لە ساڵی (١٩٥٨) لەدایك بووە.

*پەیمانگای هونەرە جوانەكان و ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی لەبەغدا تەواو كردووە.

*دەنگێكی ناسراوی بواری كاریكاتێر و بەرهەمی منداڵانە.

*چەندین بەرهەمی نووسیوە و ژمارەیەك پێشانگاشی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات كردووەتەوە.

*ڕاوێژكاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێم بوو، ئێستا خانەنشین كراوە.

**زیاد ڕەشاد: کاریکاتێریستەکانی ئێرە هیچیان خوێندنی ئەکادیمییان تەواو نەکردووە، یا خۆیان زەوقیان لە ئیشەکە هەیە، یا بۆشاییەك لە بڵاوکراوەیەکدا هەیە پڕی دەکەنەوە، لە وڵاتانی ئەوروپایش وایە؟**

**عەلی مەندەلاوی:** لە ئێراق بەگشتی کاریکاتێر بە دیراسەی ئەکادیمی نەبووە، لە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان بەهەمان شێوەیە، لە شوێنانی تر ڕەنگە بەشێك بێت لە دیراسەی تەشکیلی زانکۆ، وەکوو فێرکردنی عەمەلییش بۆ فێرکردنی کاریکاتێر، لە دەرەوەش زۆر کەم هەیە، چونکە کارەکە زۆر تایبەت و شەخسییە، کاریکاتێر وەك نیگارکێشی کتێب و گۆڤاری منداڵان دیراسەیەکی تایبەتی نییە، دیراسەیەك هەیە بەناوی (رسوم توضيحية) واتا نووسینێك یا چیرۆکێك هەیە، چۆن ڕەسمێکی لەگەڵ دەکەیت، بەڵام نەمبیستووە دیراسەی تایبەت هەبێت، بەڵکوو کتێب بۆ خوێندنەوە کە پێت دەڵێ چۆن فێری کاریکاتێر دەبیت. کاریکاتێر هەر ڕەسمی ئاساییە، ئەوەندە هەیە هەندێ زێدەڕۆیی (مبالغة)ی تێدایە.

**زیاد ڕەشاد: بەڵام جگە لە ڕەسم، پێت وانیە کاریکاتێر پێویستیی بە بیرۆکە (فکرە)ش هەیە، بێ بیرۆکە کاریکاتێر ناوەڕۆك و مانایەکی نابێت؟**

**عەلی مەندەلاوی:** ڕەسامی کاریکاتێر تەکوینێکی زۆر تایبەتە، ئێستا من دەتوانم هەموو شتێك ڕەسم بکەم بە کاریکاتێر، بەڵام ئێستا گۆڤارێکی حەفتانە داوایان لێ کردووم حەفتانە کاریکاتێرێکیان بۆ بکەم، من وەکوو فیکرە و تەکوینی فیکری و شەخسی خۆم ناتوانم حەفتانە بەردەوام بم، بۆیە من بۆ خۆم زیاتر لەگەڵ وتاری ڕۆژنامەوانیدا کاریکاتێرم کردووە، دەتوانم بڵێم پۆرترێتی کاریکاتێرم کردووە، لەگەڵ پرسیارەکەتدام لایەنی فیکرە ئێجگار گرنگە.

**زیاد ڕەشاد: نەوەی نوێی کاریکاتێریستان لە چ ئاستێکدان؟**

**عەلی مەندەلاوی:** سەبارەت بە ئێراق دەتوانم بڵێم (٢٠) ساڵ دەبێت کاریکاتێریستێکی وا دروست نەبووە، ئەوانەی ئێستا ئیش دەکەن هەر کۆنەکانن، بەڵام لە کوردستاندا هەوڵ هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی ڕۆژنامەیەکی ئێجگار زۆر لێرە دەردەچێ، هەق وابوو لەم (١٠ — ١٥) ساڵەی ڕابردوودا ژمارەیەکی باشتری کاریکاتێریست دروست بووبان، ناڵێم ئاستیان زۆر باشە، بەڵام بەرێگاوەن باش بن و گەشبینم.

**زیاد ڕەشاد: زۆربەی ئەو کاریکاتێرانەی لە بڵاوکراوەکانی کوردستاندا بڵاو دەبنەوە، ڕستەی دوورودرێژ، یا هەندێ جار چەند ڕستەیەکیان لەگەڵدا دەنوسرێت، بە بڕوای تۆ کاریکاتێری بێ نووسین جوانتر نییە؟ یان چەند وشەیەکی کورتی لەگەڵدا بێت، خوێنەر خۆی مانا و مەغزاکانی بدۆزێتەوە؟**

**عەلی مەندەلاوی:** نا، ناتوانی تەحدیدی کاریکاتێر بکەیت و بڵێی با نووسینی لەگەڵدا بێت یا نەبێت، کاریکاتێر هەیە پێویستی بە نووسین نییە، بەڵام هەیە تەعلیقەکەی پێویستە، کاریکاتێر تابلۆیەك نییە سەیری بکەی بڵێی جوانە و تەواو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەو پەیام و تەعلیقەی لەگەڵ کاریکاتێر هەیە، چ ڕەخنەیی بێت یا گاڵتەجاڕی بێت یا فەلسەفی...

**زیاد ڕەشاد: هەیە تراژیدییە؟**

**عەلی مەندەلاوی:** بەڵێ تراژیدیشی هەیە، کە بە زمانی کاریکاتێریستان (کۆمیدیای ڕەش)ی پێ دەڵێن، جا لەبەرئەوەی کاریکاتێر تابلۆ نییە و هونەرێکی زۆر تایبەتە، ناتوانی وەك تابلۆ مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت؟

**زیاد ڕەشاد: تۆ بە کام لە گەورە کاریکاتێریستانی دونیا سەرسامیت؟**

**عەلی مەندەلاوی:** نیگارکێشی وەکوو (عەلی فەرزاد) کە سورياييە، هەروەها (جۆرج ئەلبەهجوری) و (محیەددین لباد) ئیشی گەورەیان کردووە لە دونیای عەرەبیدا، کاریکاتێریستێکی دی هەیە بە ناوی (مۆردیلۆنە) وابزانم ئیتالیاییە، کارەکانی بەلامەوە زۆر جوانن و کاریگەریی لەسەر من هەبووە، چەند نیگارکێشی تری فەڕەنسایی کە پۆرترێتیان بڵاو دەبۆوە، ئەوەبوو لە هەشتاکان کتێبێکیان دەرکرد بە ناوی (الحیوانات التي تکلمنا) لەو کتێبەدا باسی (رێگان و شیراك و عەرەفات....) کرا بوو.

شێوەی هەریەك لەو سەرۆکانەی ئەوسا کرا بوو، گوایە لە چ گیانەوەرێکەوە هاتوون، بۆ نموونە: زنجیرەیەك وێنەیان کردبوو لە نەهەنگەوە تا دەبوو بە (شیراك)، هەروەها ڕەسمی حوشتریان کردبوو دوای ئەوە زنجیرەیەك گۆڕانکاری بەسەردا دەهات تا دەبوویە ڕەسمی (یاسر عەرەفات)، جا من زۆر بەو کتێبە کاریکاتێرییە سەرسام بووم.

**زیاد ڕەشاد: ئەگەر ڕابەرانی هزر، شاعیران، چیرۆکنووس و رۆماننووسان، رۆژنامەگەری... کەم و زۆر کاریان لە گۆڕینی سیستمی سیاسی کردبێ، یا رێڕەوی ژیانی کۆمەڵە خەڵکێکیان لە کات و شوێنێکی دیاریکراو بە ئاراستەیەکدا بردبێت، ئەدی کاریکاتێر چی کردووە و چ دەسەڵاتێکی هەیە؟**

**عەلی مەندەلاوی:** بە بڕوای من هیچێك لەوانەی گوتت کاریگەریی ڕاستەوخۆیان نەبووە، کاریکاتێریش مومکین نییە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەبێت. کاریکاتێر وەك هەر بوارێك کاریگەریی خۆی هەیە، بەڵام کاریگەرییەکە وەك دەرمانی پزیشکی وایە، واتە دیار و بەرجەستە نییە، بەڵکو گۆڕانەکە وردە وردە دەبینرێت،

کاریگەریی کاریکاتێر زیاتر ئەو شتانەی ژێر پەردە دەخاتە ڕوو، واتە شتەکان زۆر بچکۆلەن، کاریکاتێر وەك زەڕەبین گەورەیان دەکات.

**زیاد ڕەشاد: ئەگەر ئەزموونی خۆت لە سەرەتای دەست بەئیشکردنت لەگەڵ گۆڤاری (مجلتی) بۆمان باس بکەیت؟**

**عەلی مەندەلاوی:** لە (١٦)ساڵی بەشێوەی ڕەسمی لە (مجلتي) دامەزرام، دوای ساڵێك نیگاری بەرگی گۆڤارەکەم کرد، گۆڤاری (مجلتي) وەك گۆڤارەکانی منداڵانی ئێرە نەبوو، چونکە تەنیا وەکوو نیگارکێش (١٥ — ٢٠) نیگارکێشی هەرەباشی ئێراقی ئیشیان لێی دەکرد، ئەمە جگە لەوەی باشترین نووسەری ئەوسای منداڵان لێیان دەنووسی، بۆیە پێم وایە هیچێك لەو گۆڤارانەی ئێستا لە کوردستاندا بۆ منداڵان دەردەچن ناگەنە ئاستی گۆڤاری (مجلتی)ی حەفتاکانی بەغدا.

من دوای دوو ساڵ دامەزراندنم لە (مجلتی) یەکەم پێشانگام لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیری لە بەغدا کردەوە، کە کۆمەڵێ چیرۆکم نووسی و کردمن بە سیناریۆ، دوای ئەوە کۆمەڵەی ناوبراو گۆڤاری (ئەستێرە)ی دەرکرد لەبەر ڕەوشی ئەمنی بە ناوی (سەربەست) بەرهەمەکانم بڵاو دەکردەوە، هەر ئەوسا وێنەی بەرگی کۆمەڵێ کتێبی کوردیم کێشا، لەوانە دیوانی (شێرکۆ بێکەس) و (لەتیف هەڵمەت).

لە (١٩٧٩) (دار الاداب)ی لوبنانی تەکلیفیان لێ کردم وێنەی بەرگی چەند کتێبێکیان بۆ دابنێم، دوای ئەوە بۆ چەند دەزگای بڵاوکردنەوە نیگاری سەر بەرگم دادەنا، دواتر چەندین گۆڤار پەیوەندییان پێوەکردم وەکوو (العربي الصغير) و (الماجد) و هتد... جگە لە بواری منداڵان و کاریکاتێر، نووسینیشم لە ڕۆژنامەکاندا

بـڵاو کردووەتـەوە، لەوانـە کـاتی خـۆی لـە گۆڤـاری (حـراس الـوطن) سـتوونێکی هەفتانەم هەبوو بەناوی (منشار)، دوایی دایانخست، هەر لـەو گۆڤـارە کاریکـاتێر و پۆرترێتی دەم و چاوم دەکرد. لە (١٩٩١) لـە ئێـراق دەرچـووم و سـەرەتا چـوومە (ئوردن) لەوێ (عبدالوهاب البیاتي)م بینـی، ئەوسـا بـۆ یەکـەم جار چـەند پارچـە شیعرێکی بەیاتیم کردە تابلۆ و پێشانگایەکم بۆ کردەوە.

پاشان هەمان پێشانگام لە (تـونس) کـردەوە، ئێسـتاش کۆمـەڵێ بەرهـەمم لـە مۆزەخانەکانی تونس و ئوردن و ئێراق و ئیمارات و هۆڵەندا و فەڕەنسادا هەیە.

**زیاد ڕەشاد: بەشێك لەو گۆڤارانەی بۆ منداڵان دەردەچن، پۆلێن دەکرێن بـۆ چەند ساڵێکی تەمەنی منداڵان، یا قۆناغێکی تایبەتی خوێندن، تۆ ئەو پۆلێنکردنە چەندە بە زەروور دەزانی؟**

**عەلی مەندەلاوی:** ئەو پۆلێنکردنە شتێکی باشە و خۆی پێویستە هەر وا بێـت، چونکە منداڵی پێش خوێنـدنی سـەرەتایی جیـاوازە لەگـەڵ ئـەوەی لـە سـەرەتایی دەخوێنی، لە وڵاتانی ئەمەریکا و ژاپـۆن و بـەریتانیا، تەنانـەت کتێـب بـۆ قۆنـاغی پـێش سـەرەتایی هەیـە، کـە چـاپەکەی و کاغەزەکـەی جیایـە، هەنـدێ جـار بەشێوەیەکە کاغەزەکـە نادڕێـت یـان لـە پلاسـتیك دروسـت دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی نەدڕێت، هەر ئەو گۆڤارەی بۆ قۆناغی پێش سەرەتایی دەردەچێت زۆرتر وێنەیـە، هـەروەها پـێش وێنـەش هەیـە کـە کتێـب نییـە بـەڵکو (مجسمات)ـە، وردە وردە قۆناغەکان دەگۆڕێت، بـۆ نموونـە لـە تەمـەنی (١٥ – ١٦) سـاڵی کـە هێشـتا هـەر منـداڵ حسـێبە وای لـێ دێـت (٩٠٪)ی نووسـینە و (١٠٪)ی وێنەیـە، بـەڵام ئـەم قۆناغبەندییە لێرە لە کوردستان سەرکەوتوو نییە.

**زیاد ڕەشاد:** بۆچی سەرکەوتوو نییە؟

**عەلی مەندەلاوی:** چونکە منداڵی شەش حەوت ساڵان، لێرە بێبەشە لە زۆر شت، نە قوتابخانە گۆڤارێکی بۆ دەکڕێت، نە دایك و باوك گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لە خەمی کڕینی کتێب و گۆڤاردا بن بۆ منداڵەکانیان، ئەوەش بەشێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کتێبخانە تەنیا لە بازاڕی گەورە هەیە و لە گەڕەکەکاندا نییە، تەنانەت بۆ گەورەکانیش نییە ڕۆژنامەیەك بکڕن، ئیلا دەبێ بچێتە بازاڕی گەورە ئەنجا بیکڕێت.

**زیاد ڕەشاد: ئەدی ئاستی فیلمە کارتۆنییە کوردییەکان چۆن دەبینی؟**

**عەلی مەندەلاوی:** کارتۆنییە کوردییەکان نەختێك باشن، شتی باش هەڵدەبژێرن بۆ منداڵ و تا ڕادەیەك پەروەردەیین، بەڵام کارتۆنی کەناڵە جیهانییەکان بەگشتی وا نییە، بۆ نموونە کەناڵە عەرەبییەکان: (سبیستون) وەربگرە، زۆر فیلمە کارتۆنییەکانی شەڕ و توندوتیژیین...

**زیاد ڕەشاد: ئەی وێنە و دیزاین و نەخشەسازی گۆڤاری منداڵان، لە کوردستاندا چۆن دەبینی و چ قسەیەکت لەسەریان هەیە؟**

**عەلی مەندەلاوی:** بەڕاستی ئەوەندە زۆر بە دیققەت نەمدیون، بەڵام ئەوەندە هەیە دەزانم ئەوانەی سەرپەرشتی گۆڤاری منداڵان دەکەن زۆربەیان کەسی پسپۆڕ نین، هەر چۆنێك بێت هەیە ئەزموونی دوور و درێژی هەیە، بەڵام هەیە ئەزموونەکەشی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی گشتی سەرکەوتنی ئەو کارە

دوو شتی دەوێت، کە یەکەم: زەوقە، دووەم: مەعریفەیە، جا ئەگەر هەر یەکێکیان لەم دووانە نەبێت ئەوا کەموکورت دەردەچێت.

**زیاد ڕەشاد:** پێشتر ڕاوێژکار بوویت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ئێستا لەوێ نەماون؟

**عەلی مەندەلاوی:** نەخێر خانەنشین کرام، بڕیارێك هات بە جوملە خانەنشینیان کردین!

**زیاد ڕەشاد:** ئەدی ئێستا وەزارەت چەند ڕاوێژکاری ماوە؟

**عەلی مەندەلاوی:** وا بزانم دوو.

**زیاد ڕەشاد:** پێشتر چەند بوون؟

**عەلی مەندەلاوی:** زۆر بوون، نازانم، بەڵام سێ چوار دانەیانم دەبینی دەوام دەکەن، کە مانگانە لیستی مووچەش دەهات، یەك لاپەڕەی فولسکابم دەبینی پڕ بوو لە ناوی ئەوانەی کە مووچەی ڕاوێژکار وەردەگرن.

**زیاد ڕەشاد:** بە چ پێوەرێك ئێوە خانەنشین کران و هەندێکی دی مانەوە؟

**عەلی مەندەلاوی:** بەبێ پێوەر، تێنەگەیشتم!

**زیاد ڕەشاد:** ئەدی نەتانپرسی؟

**عەلی مەندەلاوی:** نەمزانی لە کێ پرسیار بکەم، من لە یەکەم ڕۆژمەوە بە جددی ئیشەکەم وەرگرت، ئەفکارم زۆر بوو بۆ داهاتوو، هیچ کات لە بواری ئیشدا نەخێرم نەبوو.

**زیاد ڕەشاد:** وەزارەتی ڕۆشنبیری گۆڤارێك بۆ منداڵان دەردەكات، بەڵام نـاو و دەنگی كەمە، بۆ؟

**عــەلی مەنــدەلاوی:** مــەعقوول نییــە وێنەكێشــێك هەفتەیــەك دەوام بكــات و لاپەڕەیەك ئامادە بكات، كەچـی (١٥) هــەزار دینـاری پـێ بـدەن، یـان شـاعیرێك و نووسەرێك لاپەڕەیەكت بۆ بنووسێت (١٠)هەزار دینـار بەخشـیش وەربگـرێ، نـابێ. گۆڤارەكە بۆ وای لـێ هـاتووە، وەك مـن بیسـتوومە هەنـدێ جـار پـارەی گیرفـانی خۆیانی دەخەنە سەر، حەز دەكەم یەك نموونەت بۆ بگێڕمەوە، من تـەنیا ڕەسمـی یەك لاپەڕەی گۆڤاری (العربي الصغير)م كردووە بە (١٢٠)دۆلار لە سـاڵی (١٩٨٨). هەر ئەو (العربي الصغير)ە كەسێكی تایبەتیان ناردە بەغدا تـا قەڵـەم و ماجیـك و فلچـەی تایبـەتم بـۆ بـێنێ، گۆڤـار ئـاوا پـێش دەكـەوێت، نـەك وەك ئـەوەی لێـرە دەكرێت.

ئابی ٢٠٠٧

❑

## سوپاس و پێزانین

زۆر سوپاسی برای ئازیزم کاك (خەلیل هیدایەت مام شێخ) دەکەم، کە دیزاینی بەرگ و ناوەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ.

# ❑ ناوەڕۆك ❑

پێناسی کتێب .......................................................٢
ئەم کتێبە ...........................................................٣
د. عەبدوڵلا پەشێو ...................................................٤
د.مارف خەزنەدار...................................................١٣
موحسین جوامێر.....................................................٣٦
عەلی باپیر...........................................................٥٠
سەلام ناوخۆش.....................................................٦٦
د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان ........................................٧٤
مومتاز حەیدەری....................................................٨٣
د. عومەر پەتی.......................................................٩٧
عەلی مەندەلاوی ...................................................١١٠
سوپاس و پێزانین...................................................١١٩
ناوەڕۆك .............................................................١٢٠